# نرخێک بۆ نیشتمان سەنگێک بۆ مێژوو



سەرۆ قادر
بۆ گوڵانی نووسیوە

سەردانی ڕەسمیی سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی بۆ ئەمریکا، جێی باس و خواستی جیاجیای دانیشتووانی کوردستانە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، دیسان لە ڕوانگا و بەرژەوەندی خۆیانەوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن. لە ڕاستیدا زۆر بەجێیە کە ئەو هەموو ئومێدەی لەسەر هەڵچندرێت. جا ئومێدەکان بۆ هاتنەدی ئاواتە نیشتمانییەکەی کوردستان بێت، یان بۆ ئامانجی بەرتەسکی کێشەی حزبایەتی بێت. هەڵبەت ماشینی چەواشەکاری، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ نیازی تایبەتی خۆیان لەگەڕدایە. ئەوەی من باسی دەکەم، وەڵامدانەوە بۆ هیچکامیان نییە. تەنانەت نامەوێ ئاماژە بە لاوازیی ڕاگەیاندن و لەبارنەبوونی دەربڕینی، ڕادەربڕەکانی خودی پارتی بکەم. هەڵبەت ئەو هۆکارانەی دوایی، ڕۆڵێکی مشەیان لە بەدەستدانی ماددەی میدیایی بۆ ناحەزەکانی بارزانی هەیە.

مسعود بارزانی، ئەو سەردانەی دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر داعشدا دەکات. ئەو خۆی فەرماندەی گشتی و ڕاستەوخۆی یەکلاییکردنەوەی شەڕەکان بووە. بۆیە دەبینین ئەمریکاییەکان وەك سەرۆکێکی نیشتمانی- سوپایی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەمریکاییەکان شێوازی تایبەتی خۆیان بۆ بایەخپێدان هەیە. ئەوان جیا لە پێشوازی سەرۆکایەتی خۆیان، بارزانییان لە ناوەندە سیاسەتسازەکانی خۆیان گێڕا و میدیا و کەسایەتییە ڕاگشتییەسازەکانی خۆیان خستە خزمەتی. لەم کارەیاندا هەموو دانیشتووانی ئەمریکایان، خستە ناو گوێگرتن لە ڕوانگاکانی سەرۆکی میللەتێکی مافخوراو کە سەرکردایەتی تێکشکاندنی داعشی کردووە. لە پێشوازی بارزانیدا، فەرماندە سەربازییە ناودارەکانی ئەمریکا، خانەخوێ بوون و شانازییان بەو هاوکارییە سوپاییە دەکرد کە بارزانی بەڕێوەی دەبات. ئەویتریان کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی پشتەوەی پەردەیە، پێویستە لە زاری بارزانی و ئەمریکاییەکان بیبیستین.

مسعود بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ ئەمریکا، شەریف پاشای لە زاکیرەی میللەتی کورددا زیندوو کردەوە، بەڵام لە ڕۆژگار و ئاستێکی زۆر بەرزتر و زانایانەتردا. هەموو کوردستانییان لەخۆیانەوە وەك دڵیان خەبەری دابێت، چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی پرسی سەربەخۆیی لە سەرۆکی وڵاتەکەیان دەکەن. لە مێژووی میللەتانیشدا چارەنووس بە سەرۆکێك دەسپێردرێت کە لە ئاستی ئەو متمانە مەزنەدا بێت. لەوەڕا من بە ئاسایی دەزانم کە هەموو سیاسەتمەدارێك، یان هەموو حزبێك، خۆی نەکاتە خاوەنی کێشەی سەربەخۆیی. لە کوردستاندا ئەوە ئیش و ئەرکی مسعود بارزانییە. سەربەخۆیی ئاواتی لەمێژینە و هەرە باڵای ئەویشە. لە خەبات لە پێناوی سەربەخۆییدا، بارزانی لەگەڵ خواستی

میللەتی کوردستان لە کێبڕکێدایە. هەڵبەت ئەوەی لە نزیکەوە بارزانی بناسێت، تێدەگات کە هیچ کاتێك، نە موغامەرە و نە موعامەلە، بە کێشەی نیشتمانەکەی ناکات. سەرۆك پێش سەردانی بۆ ئەمریکا، نەیگوتووە دەچێ لە ئەمریکا ڕوخسەتی سەربەخۆیی وەردەگرێت. عورف و یاساکانی نێودەوڵەتیش ڕێگەیەکی لەم چەشنە نیشانی بارزانی نادات. بۆیە ئەگەر کەسانێك ئەو چاوەڕوانییەیان لە سەفەری بارزانی هەبێت، بە سادەیی خۆیان بەشداری لە چەواشەکردنی ڕای گشتی کوردستان دەکەن.

بارودۆخی ناوچەکە و تەجربەی پێکەوەژیانی، چارەگە سەدەی ئەخیر، لە نێوان کوردستان و عێراق، پرسی سەربەخۆیی خستووەتە ناو ڕۆژەڤەوە و لە ناو هەموو فایلە سیاسییەکان جێگەی بۆ کردۆتەوە. بۆیە گومانمان نەبێت، بارزانی ئەم پرسە سارد ناکاتەوە و لە هەموو ئاستەکاندا باسی دەکات و کاری بۆ دەکات. ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش وەك جاران نین، ئێستا گوێ بۆ ئەو خواستەی میللەتی کوردستان شل دەکەن، بە ئاستی جیا جیا نیازی خۆیان دەردەبڕن. عێراقی دوای ٢٠٠٣، لە جیاتی دیموکراسی و فیدراڵییەتێکی بەرفراوان، بەپەلە ڕووی لە تائیفییەتی مەزهەبی کرد، جەنگی ناوخۆیی هەڵگیرساند و دەستی داوەتە پاکتاوکردنی هاوولاتیانی غەیرەمەزهەبی خۆی، بە بێباکی چووتە ناو ستراتیژیی ئێران، یەکپارچەیی خۆی پێناپارێزرێت. هێرشی داعش بۆ سەر عێراق و کوردستان، فەشەلی عێراق و سەرکەوتنی تەجربەی کوردستانی سەلماند. بۆیە تەجربەی جیهان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هانیان دەدات، ڕۆڵی کوردستان بەباش هەڵسەنگێنن و بیر لە یارمەتیدانی بکەنەوە. دوای جەنگی جیهانی دووەم، کەشێکی سایکۆلۆژی لەم چەشنە بەسەر جیهانیاندا زاڵ بوو، پاڵی دەنان پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بکەن.

هەڵوێستی ئەمریکا لە ئێستادا بەرامبەر بە کوردستان وەك ساڵی ٢٠٠٣ نییە. ئەوکات لە بەرسڤی پرسیاری سەربەخۆییخوازانەی بارزانیدا، دەیانگوت: ئەگەر گورگ بتانخوات، ئێمە هاوکاریتان ناکەین. ئێستا هەمان پرسیار، وەڵامی جیاوازی هەیە. هەڵبەت قەت نابێ چاوەڕوان بین، سەربەخۆیی کوردستان لە ئەولەوییەتی ئەمریکادا بێت، بەڵام دەکرێ سەرۆکی کوردستان هەمیشە بۆ ئەوە بگەڕێت کە هەرچی زووترە، سەربەخۆیی بکەوێتە بەر بایەخی جیهانیانی دەستڕۆیشتوو، ئەوسا ببێتە ئەولەوییەتی کوردستان، واقیعییانە دەبێت. لەو کارەیدا پێویستە هەموو کوردستانییان پشتیوانی بارزانی بن.

سەرۆك بارزانی زۆر گشتگیرانە و بە تەجرەبەوە، باسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات. ئەو دەڵێ پێویستە لەگەڵ عێراقییەکان گفتوگۆی لەسەر بکەین و ئەزموونی هەردوو لامان لە سەد ساڵی ڕابردوو گەنگەشە بکرێت. پێویستە پشوومان درێژ بێت و چاو لە عەرەب سوور نەکەینەوە. وڵاتانی دەوروبەرمان بخەینە ناو کێشەکە و باوەڕیان پێ بێنین کە کوردستانی سەربەخۆ لە خزمەتی بەرژەوەندی هەمووان دەبێت. کەواتە دوای جیهانییان، جیرانەکانیشمان تەرەفی گفتوگۆن. پرۆسەکە ئاواهاییە، بۆیە پەلەی تێدا نییە، هەروەك ساردکردنەوەشی ڕەوا نییە. سەرۆك خاوەنی ئەم ڕوانگایەیە. ئەمەش ڕوانگایەکی واقیعبینانەیە، چونکە بەرژەوەندی جیهانی، لە ئاسایش و ئەنێرژیدا دابین دەکات. ڕێگەی هاوکاری و پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەب کۆتایی پێناهێنێت. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین، ئەنجامی ئەم سیاسەتە نەرمە، چ مامەڵەیەکی جیهانی و ناوچەیی بۆ کوردستان دەستەبەر دەکات. کورد بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، جیهانیش ئەوەی لێ ناخوازێت، عێراقیش ناتوانێت پاڵی پێوە بنێت. لێرەدا پێویستە کوردستان بەردەوام لە دان و ستاندن، پاشەکشە و پێشکەوتندا بێت، زوو زوو کەموکوڕییەکانی خۆی چارەسەر بکات، یارمەتی کەشی نێودەوڵەتی گونجاو بدات، ئەگەر بەم زووانەش دان بە سەربەخۆییماندا نەهێنن، قۆناغ بە قۆناغ یارمەتیمان بدەن سەربەخۆیی خۆبەڕێوەبردنمان، لە تێکەڵاوبوونی زیاتر بە سیاسەت و بازاڕی جیهانی، دابین بکرێت. مۆدیلێکی نزیك لە تایوان، ئەو خۆبەڕێوەبردنە دەستەبەر دەکات.

هەر کەسێك لە کوردستاندا وابزانێت عێراقییەکان بە شێوەی خۆیان بیر لە سەربەخۆیی کوردستان ناکەنەوە، دیارە بێئاگان. هەموو ناوەندە سیاسی و مەزهەبییەکان بە ڕووی سەربەخۆییدا باسی کوردستان دەکەن، بەڵام چەند و چۆن؟ جێی باسە. کەواتە تەجربەی مێژوویی لەلای عێراقییەکانیش، کاریگەریی خۆی کردووە و هەوڵدەدەن کێشەکە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. هەر ئێستا عێراق وەك وڵاتێکی جیران تەماشای کوردستان دەکات. کەواتە ئەو ئەزموونەی لە سودانی عەرەب، بەرامبەر باشووری مەسیحی درووست بوو، دوور نییە لە عێراقی شیعەدا بەرامبەر بە کوردستان درووست بێتەوە.

من پێموایە، ئەو متمانە زۆرەی بارزانی بۆ میللەتی خۆی بە ڕەوای دەبینێت، هیچ کەسێك بۆ نیازی حزبی سووکی نەکات. نرخێك بۆ نیشتمان و سەنگێك بۆ ئەزموونی یەك سەدە لە مێژوو بهێڵدرێتەوە.

**ئەوەی لە نزیکەوە بارزانی بناسێت، تێدەگات کە هیچ کاتێک، نە موغامەرە و نە موعامەلە، بە کێشەی نیشتمانەکەی ناکات**

**سەرۆک پێش سەردانی بۆ ئەمریکا، نەیگوتووە دەچێ لە ئەمریکا ڕوخسەتی سەربەخۆیی وەردەگرێت. عورف و یاساکانی نێودەوڵەتیش ڕێگەیەکی لەم چەشنە نیشانی بارزانی نادات. بۆیە ئەگەر کەسانێک ئەو چاوەڕوانییەیان لە سەفەری بارزانی هەبێت، بە سادەیی خۆیان بەشداری لە چەواشەکردنی ڕای گشتی کوردستان دەکەن**



# عێراقی دوای داعش


## سەردانی بارزانی بۆ کۆشکی سپی و توخمی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا

”ئێستا وڵاتی ئێمە لە شەڕدایە و شەڕەکەش تەواو نەبووە، بۆیە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان دواکەوتووە، بەڵام بێگومان دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان هەنگاوی یەکەمی بە دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم پرسە هەڵگرتووە، ئەوەی دیکەش هەر تۆزێک بارودۆخی شەڕەکە رێگە بدات، ئەو ریفراندۆمە ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو دەرفەتە بە خەڵکی کوردستان بدرێت کە ئازادانە تەعبیر لە را و خواستی خۆی بکات و بە جیهان و بە ئێمەش بڵێت چی دەوێت.“

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کۆڕێکی هاوبەشی ئەتڵەنتیک و سەنتەری ئاشتی ئەمریکا

٦ی ئایاری ٢٠١٥



**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیدار و کۆبوونەوانەی سەرۆک بارزانی و شاندی یاوەری کە لەگەڵ سەرۆک ئۆباما و جۆزیف بایدن و ستافی ئیدارەی ئەمریکا و پێنتاگۆن ئەنجامیانداون، هەست دەکەین ئاکامی ئەم کۆبوونەوانە بەرەو پتەوکردنی ژێرخانی ئەو وڵاتەمان دەبات کە پێویستە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مۆدێلی دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە خۆی بگرێت**

## • بڕیارەکەی کۆنگرێس و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە

جوزیف نای بیرمەند و دیپلۆماتی ناسراوی ئەمریکا، لە دوایین کتێبیدا بە ناونیشانی ئایندەی هێز ( The f-ture of power) کە لە ساڵی ٢٠١١ دەرچووە، باس لە مەترسیی دوو جۆر گواستنەوەی هێز لە نێوان دەوڵەتان و هەروەها لە کارەکتەری دەوڵەتییەوە بۆ کارەکتەری غەیرەدەوڵەتی دەکات. سەبارەت بە گواستنەوەی هێز لە نێوان دەوڵەتاندا، مەبەستی ئەوەیە هێز لە دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتانی ئاسیا، ئەمەش بەو مانایەی دانیشتووانی ئاسیا کە ٥٠٪ی جیهان پێکدەهێنن، دەبنە خاوەنی ٥٠٪ی بەرهەمی جیهانی، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە سەدەی بیستەمدا تەنها ٢٠٪ بووە. سەبارەت بە گواستنەوەی هێزیش لە کارەکتەری نێودەوڵەتییەوە بۆ کارەکتەری غەیرەدەوڵەتی، نای باس لە دوو جۆر ڕێکخراوی غەیرە دەوڵەتی دەکات. یەکەمیان: ڕێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکان کە کاری مەدەنی و خەیری دەکەن، دووەمیان: ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی ڕێکخراوی قاعیدە و داعش و هەروەها ئەو کەس و گرووپانەی کە بە ڕێگەی ئینتەرنێت هەوڵی هاککردنی کۆمپیوتەر دەدەن. سەبارەت بەم گواستنەوەیە بۆچوونی بەو جۆرەیە مەترسیی گرنگ لەو خاڵەدایە کە وەك ئێستا هێز کەوتۆتە دەستی تیرۆریستان و ئەو کەس و گرووپانەی کاری هاککردن دەکەن، ئەمەش وەك چەکوشێك وایە کەوتبێتە دەست منداڵێك و هەموو جیهانی لێ بووبێتە بزمارێك و بە کەیفی خۆی بە بزمارەکەیدا بکێشێت، لەم حاڵەتەشدا چەند سوپای بەهێز و ڕۆکێتی کرۆزمان هەبێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هەڕەشەکە نادیارە ناتوانین سوودی لێوەربگرین. ئەم مەترسییەی جۆزیف نای خستوویەتەڕوو بۆ ساڵی ٢٠١١ بووە، واتە سێ ساڵ پێش دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریادا. پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئاخۆ دەبێت بۆچوونی بیرمەندێکی وەك جۆزیف نای چی بێت؟ ڕاشکاوانەتر ئەگەر پێش دروستبوونی داعش جوزیف نای گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە سوپای مۆدێرنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەستەوەستانە لە ئاستی تیرۆریستان، ئایا تیرۆریستانی داعش کە تەنها بەهای ٢٥ ملیار دۆلار چەکی مۆدێرنیان لە سوپای عێراق کەوتبێتە دەست، دەبێت ئایندەی سوپا بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا چۆن بێت؟ ئەم پرسیارە کە لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لە ساڵی ٢٠١٥ بووە ناونیشانی یەکێك لە پەنێڵە گرنگەکانی ئەو کۆڕبەندە و ئەوەی پێ گوتین، کە هیچ سوپایەکی تەقلیدی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و جیهان، ئەو توانایەی نییە کە بتوانێت لە سەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنێت.

بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە (ئایندەی سوپا - The F-ture of Military) لە پەنێڵەکە میوانداریی هەر یەك لەم بەڕێزانە کرا: (د. ڕۆژ نوری شاوەیس وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە، خوان کارۆلس بینزۆن وەزیری بەرگری کۆلۆمبیا، جوزیف نای وەك بیرمەندێك لە بواری سوپا و ئاسایش، والفانگ شنایدەر سەرۆکی کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایش، لەگەڵ نوێنەری سوپای ئەمریکا بۆ کۆڕبەندی داڤۆس)، ئەوەی لەم پەنێلە جێگەی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە تەنها پێشمەرگە خاوەنی ئەزموونی تێکشکانی تیرۆریستان بووە، لە بەرامبەردا وەزیری بەرگری کۆلۆمبیا باسی لە تێکشکانی مافیاکانی وڵاتی خۆی کرد. ئەگەر سەرنج بدەین، ئەو واقیعە دەردەکەوێت کە لەم جیهانە گەورەیەدا بێجگە لە پێشمەرگە هیچ هێزێك خاوەنی ئەزموونی تێکشکانی تیرۆریستان نەبوو. تەنانەت نوێنەری سوپای ئەمریکا لە پەنێلەکە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، ئەوان وەك سوپای ئەمریکا پەنایان بردووە بۆ ئەوەی سوودێکی گەورە لە ئەزموونی ڕابردووی سوپای کۆلۆمبیا بۆ شەڕی تیرۆریستان وەربگرن، دیارە لە کاتی سازدانی ئەم پەنێڵە لە سەرەتای ٢٠١٥ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە تازە بوون و نەبووبوونە بابەتێك بۆ دیراساتی تەکنیکی سەربازیی نوێ لە جیهاندا، بەڵام سوپای کۆلۆمبیا ئەزموونی ١٥ ساڵی هەبوو، وێڕای ئەمانەش سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ شەڕی پارتیزانی و شەڕی گرووپە مافیاکان هەبووە. واتە ڕاستە تیرۆریستان پێشتر وەك گرووپی بچووك بچووك بە هاوشێوەی پارتیزان و گرووپەکانی مافیا کاری تیرۆریستییان ئەنجامدابوو، بەڵام شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، شەڕێك بوو بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر و لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریستیدا بوو. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە بیرمەندێکی گەورەی وەك جۆزیف نای کە خاوەنی کتێبەکانی (هێزی نەرم و هێزی ڕەق و ئایندەی هێز)ە، زۆر بە ڕاشکاوی بڵێت: ئەو سوپایەی کە بتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت، دەبێت نەوەیەکی تازەی سوپا بێت و زیاتر پشت بە تەکنەلۆژیای ڕۆبۆت ببەستێت، نەك سەرچاوەی مرۆیی وەك سەرباز). ئەو بۆچوونەی جۆزیف نای ئاماژەیەکی وردە بۆ ئەوەی کە تیرۆریستانی داعش

**سەرۆک بارزانی زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، مەسەلەی ریفراندۆم بەهۆی شەڕی داعشەوە دواکەوتووە، ئەگەر شەڕەکە هێور ببێتەوە و بارودۆخێکی باش بێتە پێشەوە، ئەوا بێگومان ئەو راپرسییە ئەنجامدەدرێت**

بێجگە لەوەی چەکێکی هێجگار زۆری مودێرنیان لە سوپای عێراق و سوپای سووریا دەستکەوتووە، لە هەمانکاتدا خاوەنی هەزاران بۆمبی مرۆیین کە خۆیان کردۆتە بۆمبا و خۆیان دەتەقێننەوە، بۆیە تەنها هێزێك لەسەر زەوی بتوانێت ئەم چەکانە تێکبشکێنێت، دەبێت تەکنەلۆژیای رۆبۆت بێت، نەك پێشمەرگە یان سەرباز. لەمەش زیاتر شەڕی سوپایەکی وەك کۆلۆمبیا لەگەڵ گرووپە مافییەکان لەگەڵ شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، جیاوازییەکی گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی گرووپە مافییەکان شەڕدەکەن بۆ پارە و خاوەنی هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نین، راستە چەکدارن، بەڵام وەك تیرۆریستانی داعش خاوەنی بۆمبی مرۆیی و خەڵکی خۆکوژ نین، بۆیە ئەزموونی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەسەر زەوی بەسەر داعشدا، ئەزموونێکی بێ وێنەیە و تەنانەت ئەگەر بە وردی سەرنج لە پرۆژە بڕیارەکەی لیژنەی بەرگریی کۆنگرێس بدەین، هەست دەکەین کە کۆنگرێسمانەکانی لیژنەی بەرگری زۆر بەوردی دیراسەتی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەیان کردووە و گەیشتوونەتە قەناعەتێك کە سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی شۆك کردووە، لەبەر ئەوەی پرۆژە بڕیارەکە راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە راستەوخۆ ئیدارەی ئەمریکا چەك بداتە هێزی پێشمەرگە، وەك سوپای کوردستان و چەك بداتە گاردی نیشتمانی عەرەبی سوننە، وەك سوپای عەرەبی سوننە و چەك بە سوپای عێراقیش بدات. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر مایکل نایت گەورە تۆژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای ناوبراو، لە وتووێژێکی تایبەتی بۆ گوڵان کە لەم ژمارەیەدا بڵاودەکرێتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو پرۆژە بڕیارەی ئەندامانی لیژنەی بەرگری کۆنگرێس ئامادەیان کردووە، راشکاوانە باسی کوردستان و سوننە دەکات، ئەمەش لە سیاسەتی ئێستای ئەمریکادا واتە دابەشکردنی عێراق، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەم پرۆژە بڕیارە سێ سوپای سەربەخۆ لە عێراقدا بوونی دەبێت.

ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستەیە، ئەم پرسیارەیە: ئایا لیژنەی سەربازی کۆنگرێس چۆن گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەمە باشترین رێگەیە بۆ تێکشکانی تیرۆریستان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەك پرۆفیسۆر نایت بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە کە ئەو کۆنگرێسمانانە شارەزای سیاسەتی عێراق نین، واتە تەنها کاریان لەسەر شێوازێکی سەربازی سەرکەوتوو بۆ تێکشکانی داعش کردووە و ئەم خاڵانەیان لەبەر چاو گرتووە:

١. ئەو هێزە مرۆییە سەربازییەی لەسەر زەوی توانیویەتی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، هێزی پێشمەرگەیە، راستە ئەم هێزە سوودی لە هاوکاری سەربازی هاوپەیمانان وەرگرتووە، بەڵام پێویستە ئەم هێزە بە سەربەخۆ بمێنێتەوە و سوودی زیاتر لە ئەزموونەکانی وەربگیرێت و هەوڵبدرێت مۆدێلی سوپایەك بە هاوشێوەی هێزی پێشمەرگە لە شوێنی دیکەش تاقی بکرێتەوە.

٢. ناوهێنانی گاردی نیشتمانی سوننە، ئیعترافکردنە بە فەشەلی بونیادنانەوەی سوپای عێراق کە بۆ ماوەی ١١ ساڵ ئەمریکا پێوەی سەرقاڵ بووە، ئەوجا لە بری ئەوەی هەمان هەڵەی رابردوو دووبارە بکرێتەوە، ئەوا پێویستە سوود لە شێوازی پراکتیك و تاکتیکی هێزی پێشمەرگە وەربگرن، هەروەك چۆن ئێستا کۆمیتەیەکی هاوبەش پێکهاتووە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموون و توانای پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی موسڵ وەربگرن.

٣. بەپێی بۆچوونی هەموو شارەزایان و پسپۆڕان، ئەگەر ئەم بڕیارەی لیژنەی بەرگری هەموار نەکرێت و وەك خۆی لەناو کۆنگرێس بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوا دەنگی پێویست دەهێنێت، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکییەوە ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت. لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کوردسمان بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی (CSIS)، لە وتووێژێکیدا لەگەڵ گوڵان راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە لە ئێستادا ناتوانن دژی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا بن بەرامبەر بە عێراق و گەرەنتی پشتگیری سەربازیش مسۆگەر بکەن. پرۆفیسۆر مایکل نایت سەبارەت بە رەزامەندیی سەرۆك بارزانی بەوەی چەك لە رێگەی بەغداوە بێت بۆ کوردستان، ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە «سیاسەتێکی حەکیمانە» ناوزەد دەکات، لەبەر ئەوەی، لای بارزانی ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چەك بگاتە دەستی پێشمەرگە، نەك بە چ رێگەیەك بە دەستی پێشمەرگە دەگات.

**● پێشوازیکردنی سەرۆکێکی سەرکەوتوو لە شەڕێکی جیهانیدا**

ولیەم تایلەر بەڕێوەبەری ناوەندی ئەتلەنتیك، لە ناو ناوەندەکەی خۆی و لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتی، کۆڕەکەی بارزانی بە رۆژێکی مێژوویی وەسفکرد و ئاماژەی بەوە کرد، ئەوان ئەمڕۆ پێشوازی لە سەرۆکێك دەکەن کە خۆی شان بە شانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە. باسی ئەوەی کرد ئەوان پێشوازی لە سەرۆکێك دەکەن کە

**ولیەم تایلەر بەڕێوەبەری ناوەندی ئەتلەنتیک، لە ناو ناوەندەکەی خۆی و لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتی، کۆڕەکەی بارزانی بە رۆژێکی مێژوویی وەسفکرد و ئاماژەی بەوە کرد، ئەوان ئەمڕۆ پێشوازی لە سەرۆکێک دەکەن کە خۆی بە شانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە**

**ئەو شێوازی فیدراڵییەتە کە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوو نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت و ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا بێنێتەئاراوە، مانای ئەوەیە کە ئایندەی عێراق پێویستی بە شێوازێکی دی سەنترالیزمی فراوانتر هەیە کە سنووری فیدراڵیزم تێپەڕێنێت**

**ئیدارەی ئێستای ئەمریکا تێگەیشتنێکی تازەی بۆ دروستبووە لە سەر ئایندەی عێراق و ئەو تێگەیشتنە تازەیەش ئەوەیە کە جارێکی دیکە ناکرێت پشتگیری حکومەتێکی سەنترالی بەهێز بکرێت، بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە**

**ئێستا تورکیا لە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە زیاتر گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە هۆکاری راستەوخۆ و سەرەکیی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، هۆکاری سیاسەتی سەنترالی و حکومەتی مەزهەبی و شیعەگەرای بەغدایە**

هێندە خاکەڕایە، جیا لەوەی بەردەوام لە بەرەکانی شەڕ بووە، خۆی بە شەخسی سەردانی خانەوادەی شەهیدەکان و بریندارەکانی شەڕەکەی کردووە. لەم سەرکەوتنە مەزنانە کە راستەوخۆ بە سەرکردایەتی بارزانی تۆمارکراون، زیاتر لە ١٢٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون و ٧٠٠٠ پێشمەرگەش بریندار بوون. ئەم ناساندنەی بارزانی وەك پێشمەرگە لە ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لە ئەمریکا جاری یەکەم نییە، پێشتریش لە ئامۆژگای برۆکینگز و بەڕێوەبەری سەنتەری سابان بارزانی وەك پێشمەرگە بە ئامادەبووان ناساندووە. ئەوکات پرۆفیسۆر کینس پۆلاك بەو جۆرە بارزانی وەسفکرد کە: «وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا»، بەڵام ناساندنەکەی ولیەم تایلەر پەیامێکی گەورەتری هەڵگرتبوو، بەوەی بارزانی کلیلی سەرکەوتنی شەڕێکی جیهانییە کە ئەویش شەڕی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشە. راستە ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش، ستراتیژیەتی تێکشکان و بێئومێدکردنی داعشیان دەمێکە بەرزکردۆتەوە، بەڵام لەو جوگرافیایەی تیرۆریستانی داعش و قاعیدە و رێکخراوە هاوشێوەکانیان کاری تیرۆریستی دەکەن، کە سنوورەکەی لە پاکستانەوە بۆ نەیجیریا درێژ دەبێتەوە، تەنها هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی بارزانی توانیویەتی ئەفسانەی داعش پووچەڵ بکاتەوە و تێکیان بشکێنێت، ئەمەش جێگەی سەرسامییە نەك هەر بۆ خەڵکانی ئاسایی لە جیهاندا، بەڵکو بۆ تێکڕای ئەو ژەنراڵ و فەرماندە سەربازییانەی کە لەسەر ئاستی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعش، بە تێکشکانی داعشەوە سەرقاڵن.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیدار و کۆبوونەوانەی سەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری کە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدن و ستافی ئیدارەی ئەمریکا و پێنتاگۆن ئەنجامیانداون، هەست دەکەین ئاکامی ئەم کۆبوونەوانە بەرەو پتەوکردنی ژێرخانی ئەو وڵاتەمان دەبات کە پێویستە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مۆدێلی دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە خۆی بگرێت، واتە دەوڵەتێك خاوەنی ئەو هێزە بێت، وەك ماکس ڤایبەر دەڵێت: بتوانێت جوگرافیای وڵاتەکەی بپارێزێت و بتوانێت ئارامی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات. لە هەمان کاتدا بتوانێت گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لەناوخۆی وڵاتەکە و لەگەڵ دەرودراوسێکانیشدا دروست بکات. بەڵام لە ئێستادا و وەك بەرژەوەندی هاوبەشی هاوپەیمانانی دژەتیرۆر، پرسی سەرەکی گرێدەدرێتەوە بە سەرکەوتن لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و تێکشکاندنی ئەو مەترسییەی کە هەموو لایەنەکانی نێو هاوپەیمانی دژەتیرۆری گرتۆتەوە.

## ● عێراق و ناوچەکە دوای تێکشکاندنی داعش

ئەگەر ئەولەوییەتی سەرەکیی هاوپەیمانانی دژی داعش بۆ عێراق و ناوچەکە بریتی بێت لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوە دەبێت: ئایا دوای تێکشکاندنی داعش، ناوچەکە چۆن رێکدەخرێتەوە؟ ئایا جوگرافیای ئەم ناوچەیە هەر بەو شێوەیە دەبێت کە ئێستا بوونی هەیە؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارانە دیارە ئەمڕۆ ئاڕاستەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەو جۆرە خۆی پیشاندەدات کە پارێزگاری بە جوگرافیا و ئەو سیستەمە کۆنە بکات کە ماوەی ١٠٠ ساڵە لە ناوچەکەدا بوونی هەیە، بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوە دەبێت: ئایا ئەگەر بە زۆر ئەو جوگرافیا و سیستەمە بەسەر ناوچەکەدا بسەپێندرێتەوە، ناوچەکە ئاشتی و سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت؟ یان ئایا ئەو جەمسەربەندییەی ئێستا لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهان لەناوچەکەدا دروست بووە، کۆتایی دێت؟ ئەوەی لەمیانەی ئەم پرسیارانە بۆتە خاڵی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی ئەم ناوچەیە، ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان گەیشتوونەتە جۆرێك لە قەناعەت کە جارێکی دیکە ئەم ناوچەیە ناتواندرێت بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش بگێڕدرێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر بارودۆخەکە بەوجۆرە هەستیار بێت، کە نەتواندرێت سەرلەنوێ نەخشەیەکی تازە بۆ ناوچەکە دابڕێژرێت و لە ناو چوارچێوەی نەخشەیەکی تازەدا سەرلەنوێ هاوکێشەکان رێکبخرێنەوە، ئەوا وەك باڵیۆز ئیتمارا رابۆنوڤیچ لە دیراسەتەکەیدا کە لە ئامۆژگای برۆکینگز بە ناوی (کۆتایی سایکس پیکۆ) بڵاو کراوەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت لەناو نەخشەی هەریەك لە وڵاتانی ناوچەکە پێکهاتەی ناو وڵاتەکان بە شێوەیەکی دیکە رێکبخرێتەوە، ئەم حاڵەتەش وەك لە کۆڕەکەی ئەتڵەنتیك کە بە پرسیارێك لە لایەن پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئاڕاستەی سەرۆك بارزانی کرا، بەوەی ئایا سوورن لە سەر ئەوەی ریفراندۆم بکەن؟ لە وەڵامدا سەرۆك بارزانی زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، مەسەلەی ریفراندۆم بەهۆی شەڕی داعشەوە دواکەوتووە، ئەگەر شەڕەکە هێور ببێتەوە و بارودۆخێکی باش بێتە پێشەوە، ئەوا بێگومان ئەو راپرسییە ئەنجامدەدرێت. ئەم وەڵامەی سەرۆك بارزانی کە دوای کۆبوونەوەکانیەتی لەگەڵ سەرۆك و ئیدارەی




ئەمریکا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا تێگەیشتنێکی تازەی بۆ دروستبووە لە سەر ئایندەی عێراق و ئەو تێگەیشتنە تازەیەش ئەوەیە کە جارێکی دیکە ناکرێت پشتگیری حکومەتێکی سەنترالی بەهێز بکرێت، بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، هەروەها ئەو شێوازی فیدراڵییەتەش کە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوو نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت و ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا بێنێتەئاراوە، مانای ئەوەیە کە ئایندەی عێراق پێویستی بە شێوازێکی دی سەنترالیزمی فراوانتر هەیە کە سنووری فیدراڵیزم تێپەڕێنێت، بیرکردنەوەش لە سەنترالیزمێك کە لە فیدراڵیزم زیاتر بێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی عێراق، پێشتر لە لایەن سندوقی ئاشتی جیهانییەوە کاری لەسەر کراوە و بووە پێشنیار بۆ یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق(The Union of Iraqi state) . ئەم پرسە کە زۆر لە چاودێران لە رەزامەندی وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتی تورکیای گرێدەدەنەوە، بەوەی پێویستە لەهەر هەنگاوێکی لەم جۆرە تورکیا وەك دراوسێیەکی گرنگی کوردستان نیگەران نەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا تورکیا لە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە زیاتر گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە هۆکاری راستەوخۆ و سەرەکیی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، هۆکاری سیاسەتی سەنترالی و حکومەتی مەزهەبی و شیعەگەرای بەغدایە. لەمبارەوە مەولود چاوەش ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا رۆژی ٢٤ی نیسانی رابردوو لە ئامۆژگای کارینجی لە پەنێلێکدا راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە باشترین رێگە بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، ئەوەیە کە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت کە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا هاتووە، ئەمەش بەو مانایە دێت، حکومەتی فیدراڵی بەغدا دەسەڵاتێکی لاوازی سنوورداری هەبێت و حکومەتە هەرێمیەکان دەسەڵاتی فراوانیان هەبێت، گەیشتنی تورکیا بەم قەناعەتە کە راشکاوانە خۆی وەك کارەکتەرێکی ئیقلیمی لەسەر ئاستی جیهان دەبینێت و لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەخت لەسەر ئەم چارەسەرە بکاتەوە، مانای ئەوەیە بیرکردنەوە لە عێراقی پێش حوزەیرانی ٢٠١٤ کارێکی مەحاڵە و، نە عێراق بەو شێوازە بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە، نە ناوچەکەش ئارامی و سەقامگیری تێدا دێتەئاراوە. بۆیە لە هاوکێشەی سیاسی و تازەی ناوچەکە، کە لایەنی کوردی توخمی سەرەکییە و رۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە لە تێکشکانی داعش دەگێڕێت و تێکشکانی داعشیش سەرەتای رێگەیە بۆ ئایندەی ناوچەکە، ئەوا بڕیاردانی کورد کاریگەری گرنگی لە سەر رێکخستنەوەی ناوچەکە دەبێت، بۆ ئەمەش وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێکرد لەگەڵ کۆتایی هاتنی تێکشکانی داعش هەنگاوی جددی بۆ هەڵدەگیرێت.

**بڕیاردانی کورد کاریگەری گرنگی لە سەر رێکخستنەوەی ناوچەکە دەبێت، بۆ ئەمەش وەک سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێکرد لەگەڵ کۆتایی هاتنی تێکشکانی داعش هەنگاوی جددی بۆ هەڵدەگیرێت**



## مایکل نایت

پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر عێراق و کوردستان لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# بارزانی بەڵێنی لە ئۆباما وەرگرتووە چەکی زیاتر بگاتە دەستی پێشمەرگە

**پرۆفیسۆر مایکل نایت، گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆنە بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەمان ئامۆژگا و یەکێکە لەو توێژەرانەی کە بە شێوەیەکی مەیدانی توێژینەوەکانی ئەنجام دەدات، پاشان راسپاردە و رێنمایی دەداتە حکومەتی ئەمریکا. پرۆفیسۆر نایت چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و خاوەنی توێژینەوەی (کوردستان ٢٥ ساڵ دوای ئەنفال)ـە و دەیان دیراسەت و توێژینەوەی مەیدانی دیکەشی لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان و رۆژئاوا ئەنجام داوە. بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن و گرنگیی پرۆژە بریارەکەی کۆنگرێس بۆ پرچەککردنی پێشمەرگە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر نایت ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەردانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ستافی ئیدارەی ئەمریکی و پێنتاگۆن لەم بارودۆخەدا گرنگیی خۆی هەیە. ئایا وەك چاودێر و تایبەتمەندێك لەسەر پرسی عێراق و کوردستان چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەم سەردانە دەکەن؟**

- گرنگترین ئاکام کە لەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا بخوێندرێتەوە، ئەوەیە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا بەرەو باشتر دەچێت و دەچێتە قۆناخێکی دیکەوە، پێشتر پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا کێشە و نیگەرانی بەخۆیەوە گرتبوو، بەتایبەتی کە لایەنی کوردی هەستی بەنائومێدی دەکرد لە ئاست ئەمریکادا بەوەی وەك پێویست پشتگیری کورد ناکات، دیارە کە ئەم هەستە بوونی هەبوویێت، ئەو چوارچێوە نەرێنییە یارمەتیدەر نەبووە بۆ بەرەوپێشەوە چوونی کێشەی کورد، تووڕەیی و نیگەرانی کورد بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمریکا مایەی تێگەیشتن بوو، بەڵام لەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمریکا، لایەنی کوردی ئەوەی پیشاندا کە دەیەوێت ببێتە دۆستی ئەمریکا و سوپاسگوزاریی خۆشی راگەیاند بۆ ئەو هاوکارییە سەربازییانەی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ پێشمەرگە دەستەبەر دەکرێت. هەروەها ئەم سەردانە، ئەوەی خستەڕوو کە کورد پشتیوانییەکی زۆر دەکرێن لە واشنتۆن و پەرەیان بە پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ کۆشکی سپی و ئیدارەی ئەمریکیدا داوە.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین: لە دوای ئەم سەردانە پشتگیریی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناخێکی دیکە و چەك و تەقەمەنی زیاتر دەگاتە دەستی پێشمەرگە بۆ ئەوەی لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا سەرکەوتووتر بن؟**

- پێش هەموو شت ئەمریکا و کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوپەیمانی سروشتین، دەتوانین ئەمە لەوەدا بەدی بکەین کە کۆنگرێسی ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێز لە کوردەکان دەکات، کۆنگرێسیش نوێنەرایەتی خەڵك دەکات لە ئەمریکا و لە ئێستاشدا خەڵك زۆر بە گەرمی پشتگیری لە کورد دەکەن. کەواتە لە رووی هاوسۆزییەوە ئەمریکا دەیەوێت پشتیوانییەکی زۆر لە کوردستان بکرێت، لەبەر ئەوەی کورد دۆستن و کەسانێکی دیموکراتین و لەگەڵ ئەمریکادان. لە رووی ستراتیژییەوە، کورد هاوپەیمانێکی گرنگ دەبن لە شەڕی دژ بە داعشدا، هەم لە موسڵ، هەروەها لە سووریاش. پێموایە لە چەند ساڵی داهاتوودا رۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر گرنگتر دەبێت لە شەڕی سووریادا. کوردی عێراق دەتوانن —هەروەك لە کۆبانێدا بینیمان- پشتیوانی کوردی سووریا بکەن. لە کۆتاییدا دەبێت داعش لە سووریاش تێکبشکێندرێت، هەروەك چۆن ئەوەی دەبێت لە عێراق تێکبشکێندرێت، ئەگەرنا سەرکەوتنێکی نیوەناچڵ دەبێت.

*** باس لەوە دەکرێت ئیدارەی ئەمریکا ئامادەیە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر داخوازییەکانی کورد لە بەرچاو بگرێت و کۆنگرێسیش پرۆژەی یاسای هاوکاریکردنی سەربازی و ئابووری بۆ کوردان پێشکەش کردووە، بۆ ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ کوردستاندا گرێ بدات، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی بە تەواوەتی لەگەڵ ئەم بۆچوونەی کۆنگرێس تەبا نییە، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازییەی نێوان کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکا چییە؟**

- گرفتی پرۆژە یاساکەی کۆنگرێس ( The natral defense authorization act)، ئەوەیە پێویستی بە دابینکردنی بودجە هەیە، ئەگەر هاتوو لەناو کۆنگرێس خرایە دەنگدان و پەسەندکرا، لەم پرۆژەیەدا هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کورد چەکی زیاتریان پێ بدرێت، بەڵام زەحمەتە بەم شێوەیە پرۆژەیاساکە بخرێتە دەنگدانەوە و ئەگەری ئەوە هەیە هەندێك هەموار بکرێتەوە. بە بۆچوونی من لەوانەیە هەندێك برگە کە راستەوخۆ (بە ناو) باسی کوردستان دەکات، بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژرێنەوە،

**ئەگەر هەوڵ بدەیت، کەسێک ناچار بکەیت کە کارێک ئەنجام بدات، ئەوا هەمیشە بەرەنگارت دەبێتەوە، بەڵام سەرۆک بارزانی وای نەکرد و ئێستاش کورد پشتیوانییەکی زۆریان لە کۆنگرێسدا هەیە**

**ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا بەرەو باشتر دەچێت و دەچێتە قۆناخێکی دیکەوە، پێشتر پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا کێشە و نیگەرانی بەخۆیەوە گرتبوو، بەتایبەتی کە لایەنی کوردی هەستی بەنائومێدی دەکرد لە ئاست ئەمریکادا بەوەی وەک پێویست پشتگیری کورد ناکات**

**لە پێشدا عەبادی هاتە ئەمریکا، دواتر بارزانی و ئێستا سەرکردە جیاوازەکانی عەرەبەکانی سوننەکان سەردانی ئەمریکا دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە لە رووی واقیعەوە عێراق دابەش بووە**

**واقیعی ئێستای عێراق وایە و دەبێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی عێراق، لایەنی مەزهەبگەرایی و ئیتنی لەبەرچاو بگیرێت. لەوانەیە لەمەو دوا ئەمریکا لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ عێراق بکات**

**پێموایە لە چەند ساڵی داهاتوودا رۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر گرنگتر دەبێت لە شەڕی سووریادا. کوردی عێراق دەتوانن –هەروەک لە کۆبانێدا بینیمان- پشتیوانی کوردی سووریا بکەن**

**ئەمریکا و کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوپەیمانی سروشتین، دەتوانین ئەمە لەوەدا بەدی بکەین کە کۆنگرێسی ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێز لە کورد دەکات، کۆنگرێسیش نوێنەرایەتی خەڵک دەکات لە ئەمریکا و لە ئێستاشدا خەڵک زۆر بە گەرمی پشتگیری لە کورد دەکەن**

بەشـێکی ئەم پێداچوونەوەیە بە هۆی ئەوەیە کە بەغدا نارازییە و گوشـاری زۆری خسـتۆتە سەر واشنتۆن، هەروەها لە بەشێکی دیکەشیدا بە هۆی ئەوەیە شێوازی نووسینی رەشنووسەکە زۆر ورد نییە، لەبەر ئەوە لەوانەیە پێش ئەوەی دوایین رەشنووسی پرۆژەکە بخرێتە دەنگدانەوە لەنـاو کۆنگرێس، هەندێك بڕگــەی هەموار بکرێتەوە، ئەوجا دەنگی لەســەر بدرێت، بەڵام ئــەوەی گرنگترە لەم پرســەدا ئەوەیە کە ســەرۆك بارزانی سیاسەتێکی حەکیمانــەی لە بەرامبەر ئەم پرۆژەیاســایە گرتەبەر و بەڵێنی ئەمریکای قبوڵ کرد بۆ گەیاندنی چەکی زیاتر بە دەستی پێشمەرگە لە رێی بەغداوە. هەروەها کارێکی باشــە کە ئەو بەڵێنەی لە ســەرۆك ئۆباماوە وەرگرت، ئەمەش رێیەکی باشــترە لەوەی بەرەنگاری حکومەتی ئەمریکی ببێتەوە، کۆنگرێســیش هیوای ئەوە دەخوازێت حکومەت لەم رووەوە کارێك بکات، چونکە ئەگەر هەوڵ بدەیت، کەســێك ناچار بکەیت کە کارێك ئەنجام بدات، ئەوا هەمیشە بەرەنگارت دەبێتەوە، بەڵام سەرۆك بارزانی وای نەکرد و ئێســتاش کورد پشــوانییەکی زۆریان لە کۆنگرێسدا هەیە و ئەوەشیان بە سەرۆك ئۆباما راگەیاند کە ئەگەر چەکی زیاتر بگاتە دەســتی پێشمەرگە، ئەوە کێشە نابێت کە ئەو چەکانە لە رێگەی بەغداوە بنێردرێن، ئەمــەش هەنگاوێکی لۆژیکانە و زیرەکانە بوو کە کورد پیشانی دا.

*** وەك ئاماژەتان پێکــرد، گرنگ ئەوەیە چەکی زیاتر بگاتە دەستی پێشــمەرگە، گەر لە رێگەی بەغداشەوە بێت، بەڵام پرســیاری ســەرەکی لێــرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمــە مانای ئەوە نییە ئەمریکا لەوە تێگەیشــتووە کە مامەڵەکــردن لەگــەڵ پێکهاتــە جیاوازەکانی عێراق پێویســتی بە لەبەرچاوگرتنی جیــاوازی نەتەوەیی و مەزهەبی هەیە؟**

- ئەمە زۆر راســتە، واقیعی ئێســتای عێراق وایە و دەبێت لــە چۆنیەتی مامەڵەکــردن لەگەڵ بارودۆخی عێراق، لایەنــی مەزهەبگەرایی و ئیتنــی لەبەرچاو بگیرێــت. لەوانەیە لەمــەو دوا ئەمریکا لەســەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ عێــراق بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە پێش ســاڵی ٢٠٠٣ـەوە بە بەراورد بە ئێســتا عێراق کەمتر گیرۆدەی کێشــەی مەزهەبگەرایی بوو، بەڵام واقیعەکە لە ئێســتادا ئەوەیە عێراق وڵاتێکی زۆر دابــەش بووە و ئەمریکاش لەوە دەڕوانێت. ئێمە ئەمە لە ســەردانەکاندا بەدی دەکەین، لە پێشــدا عەبادی هاتە ئەمریکا، دواتر بارزانی و ئێســتا سەرکردە جیاوازەکانی عەرەبە ســوننەکان ســەردانی ئەمریکا دەکەن. ئەمەش مانــای ئەوەیە لە رووی واقیعــەوە عێراق دابەش بووە، هەر لەبەر ئەوەشە کۆنگرێســی ئەمریکا پرۆژەیاسای «The natural defense authorization act» پێشکەش دەکات، کە حەرەســی وەتەنی سوننە بەو برە هاوکاری بکرێت و خێڵە ســوننەکان ئەو برە هاوکارییە وەربگرن و کوردەکانیش ئەم بــرە یارمەتییەیان پێ بدرێت. زۆرێك لە ئەمریکییەکان تێگەیشتنێکی تێر و تەسەلیان نییە لە بارەی عێراقەوە و دەیانەوێت مەســەلەکان سادە بکەنەوە بە چەشــنێك قابیلی تێگەیشتن بێت، وەك باسکردن لە کورد و سوننە، دیارە باسکردنی کورد و عەرەبی سوننە بەجیا لە پرۆژەیاســاکەی کۆنگرێس تەفسیری ئەوەی بۆ دەکرێت، عێراق بەرەو دابەشــبوونی کردەیی دەبات، بــەڵام من وای دەبینم فاکتەری تەنگژە ناوخۆییەکانی عێــراق، دەبێتە هــۆی ئەوەی بە رەوتێکی لەســەرخۆ دەســەڵاتی مەرکەزی لە عێراقدا لــە ئارادا نەمێنێت. ئەگەر بە راشــکاوی بدوێم، ئەوا مــەرج نییە ئەم بە نامەرکەزیکردنەی عێــراق کارێکی خراپ بێت، بەڵکو بۆی هەیە دەرئەنجامی باشــی لێ بکەوێتەوە. ئێوە لە کوردستان لەم راستییە تێدەگەن و پشتیوانێکی بەهێزی بە نامەرکەزیکردنن، ئێستا سوننەکانیش پشتیوانی لێدەکەن. هەروەها بەســەرەش پێیانوایە بەرژەوەندییەکانیان لەوەدایە کــە نارمەکەزیەتــی زیاتر هەبێت. باس لــەوە دەکرێت ئەمە عێراق بەرەو دابەشــبوون دەبــات، بەڵام من دەڵێم حاڵی حازر عێراق بەرەو دابەشــبوون چووە، پرسیارەکە ئەوەیە: چ جۆرە پەیوەندی و رایەڵێك بەشــەکانی عێراق پێکــەوە گرێدەدات؟ نەك ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن مەرکەزیەتێکی بەهێز و رەنگە جارێکی دیکەش نەبێتەوە بە دەوڵەتێکــی خاوەن مەرکەزیەتێکــی بەهێز. ئەوەی دەبێت عێراقییەکان بڕیاری لەســەر بدەن، ئەوەیە چۆن پێکەوە بژین و لە ســایەی چ هەل و مەرجێك و بە چ میکانیزمێك، هەر لەبــەر ئەوەیە رەنگە بە نامەرکەزی کردن و فیدراڵیــزم رێگەیەکی باش بێت و ببێتە هۆی رزگارکردنی عێراق.

*** ئایــا ئەمریکا ئامادەیە لە ئاینــدەدا مامەڵە لەگەڵ ســێ دەوڵەتدا لە عێراقدا بکات و لە پرسە سیاسییەکان و پرسەکانی دیکەشدا بە جیا مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراقدا بکات؟**

- لــە ئێســتادا کۆنگرێس بەڵێ بۆ ئــەم کارە ناکات و رەنگە رۆژێك بێت، ئامــادە بێت مامەڵە لەگەڵ بوونی دوو دەوڵەتــدا بکات، عێراق و کوردســتان. حکومەتی ئەمریکاش نایەوێــت حکومەتی فیدراڵی عێراق دابەش بێــت، هــەر بۆیە راســتەوخۆ دوای پێشکەشــکردنی پرۆژەیاســای « The natural defense authoriz-tion act» حکومەتــی ئەمریــکا رایگەیاند کە لەگەڵ



ئەوەدا نین باس لە حەرەسی وەتەنی سوننی بکرێت، دەکرێت باس لە حەرەسی وەتەنی بکرێت، نەك حەرەسی وەتەنی سوننی، لەبەر ئەوە حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ ئەو پڕۆژەیاسایەدا نەبوو، چونکە تێڕوانینی حکومەتی ئەمریکا وابوو کە باس لە دابەشکردنی عێراق بکات و زۆرێك لەو کۆنگرێسمانانەی دایانڕشتووە، زۆر باش لە بارودۆخی عێراق تێناگەن.

*** دوای ڕۆیشتنی بارزانی بۆ ئەمریکا باس لەوە دەکرا کە ئەمریکا پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئایا هیچ گۆڕانکارییەك لە هەڵوێستی ئەمریکا لەم ڕووەوە بەدی دەکەن؟**

- من ناتوانم باس لەوە بکەم کە لە ئایندەدا چی ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی سەربەخۆیی کورد بکات، ئەوا دەبێت دوو شت روو بدات، یەکەمیان دەبێت کوردستان لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت و خۆی داهاتی خۆی دەستەبەر بکات و داوای هیچ داهاتێك لە بەغدا نەکات. کەواتە هەنگاوی یەکەم سەربەخۆیی ئابوورییە کە تورکیاش پشتیوانی لێ بکات، کە وڵاتێکی گەورەیە پێویستە ئامادەیی خۆی پیشان بدات بۆ ئەوەی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق قبووڵ بکات. خاڵی دووەم ئەوەیە ئەم کارە لەگەڵ حکومەتی ئێستای ئەمریکا نەکرێت، بەڵکو لەگەڵ حکومەتی داهاتووی ئەمریکا هەوڵی بۆ بدرێت، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی حکومەتی داهاتوودا هەمان کۆنگرێسی ئێستا لە ئارادا دەبێت کە زۆر لەگەڵ کورددایە. هەروەها سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێرێت و دەسەڵاتێکی نوێ لە کۆشکی سپی بوونی دەبێت، کە رەنگە تێڕوانینێکی جیاوازی هەبێت و پێیوا بێت کورد هاوپەیمانی راستەقینەن و ناکرێت دەستبەرداریان بین و دەبێت پشتیوانییان بکەین. کەواتە ئەمە پێویستی بە سەربەخۆبوونی ئابووری، هەروەها پێویستی بە کاتیشە پێش ئەوەی بگەنە قۆناغێك تێیدا ئەمریکا تێڕوانینی خۆی لە بارەی سەربەخۆبوونی کوردەوە بگۆڕێت.

*** دوا وتەتان چییە؟**

- سەرۆك بارزانی سوپاسی خەڵکی ئەمریکا و سوپای ئەمریکای کرد بۆ قوربانیدانەکانیان و بۆ هاوکارییەکانیان، لەبەر ئەوە منیش دەمەوێت سوپاسی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە بکەم بۆ ئەو قوربانیانەی داویانە لە پێناو تێکشکاندنی داعشدا.

**سەرۆک بارزانی سوپاسی خەڵکی ئەمریکا و سوپای ئەمریکای کرد بۆ قوربانیدانەکانیان و بۆ هاوکارییەکانیان، لەبەر ئەوە منیش دەمەوێت سوپاسی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە بکەم بۆ ئەو قوربانیانەی داویانە لە پێناو تێکشکاندنی داعشدا**



*** ئێوە وەك پسپۆڕ و تایبەتمەندیك لەسەر سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بەعێراق، ئایا دوای ئەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان سەردانی واشنتۆن دەكات، چ خوێندنەوەیەكتان بۆ سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بە عێراق لەم دۆخەدا هەیە؟**

- ئاشكرایە سیاسەتی ئەمریكا بە شێوەیەكی ئاشكرا لەگەڵ سەقامگیری و یەكێتیی خاكی عێراقدایە، ئەمەش گرنگیەكی گەورەی هەیە بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەكانی ئەمریكا و بە دڵنیاییشەوە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی كوردستانیش بە بەشێكی گرنگی ئەو ستراتیژە دادەنێت. هەندێ جار باس لەوە دەكرێت كە ئەمریكا بە جۆرێك لە جۆرەكان پشتیوانی دابەشبوونی عێراق دەكات، بەڵام ئەمە حاڵەتەكە نییە. ئەوەی ئەمریكا پشتیوانی دەكات بریتییە لە چارەسەرێك كە ئاسایشی پێكهاتە سەرەكییەكانی عێراق (كورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) بپارێزێت، هەروەها داهاتی نەوت بە شێوەیەكی گونجاو دابەش بكرێت، بە چەشنێك هەر گرووپێك پشكی ڕەوای خۆی پێ بدرێت و دەوڵەتێك بێت كە پشتیوانی تەواوی خەڵكەكەی لەگەڵدا بێت، ئەمەش عێراقێكی سەربەخۆ و بەهێزی لێ بەرهەم دێت. بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە بەشێكی زۆر گرنگی گفتوگۆی نێوان سەرۆك بارزانی و ئەمریكا. ئەمریكا پشتیوانی تەواوی كورد دەكات، بەڵام ئامانجی ئەمریكاش ئەوەیە بارودۆخێك بخوڵقێندرێت كە تێیدا حكومەتی عێراق بتوانێت خزمەت بە سەرجەم هاووڵاتییەكانی بكات، نەك عێراقێكی دابەشبوو، یان لاواز.

**ئەمریكا هەموو كارێك دەكات بۆ دەستەبەركردنی ئاسایشی كوردی عێراق، هەروەها شیعە و سوننەكانیش كە لە دەستی بێت**

*** لە پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە ئەوا تەنها هیزێك توانیبێتی داعش ببەزێنێت، بریتییە لە پێشمەرگە، ئایا تا چەند ئەمریكا پشتیوانی هێزەكانی پێشمەرگە دەكات و كورد بە هاوپەیمان دادەنێت؟**

- مەسەلەی پشتگیركردنی هێزی پێشمەرگە زۆر گرنگە، ئەمریكا هاوكاریكردنی پێشمەرگە بە پێویست دەزانێت و بوونی هێزێك بە پێویست دەزانێت كە توانای بەرگریكردنی هەبێت و بتوانێت لە ناو هەرێمی كوردستانەوە تیرۆریستانی داعش تێكبشكێنێت، هەروەها نەك هەر تەنها عێراق، بەڵكو پشتیوانی دەوڵەتانی دیكەش دەكات لە خستنەگەڕی هەوڵە مرۆییەكانیاندا بۆ ئەوەی یارمەتی هەرێمی كوردستان بدەن و كار بۆ ئەوە بكرێت كورد و پێكهاتەكانی دیكەش ڕووبەڕووی تراژیدیا نەبنەوە. بەڵام زۆر گرنگە لایەنی كوردی هۆشیار بن لەبارەی دوو خاڵەوە، یەكەمیان ئەوەیە كە هێزە سەربازییەكانی عێراق و میلیشیاكانی حەشدی شەعبی شیعەكان هەندێك دەستكەوتیان بەدەست هێناوە. هەروەها هەوڵەكانی كوردیش دەرئەنجامی كۆششی كورد خۆی و پشتیوانی ئاسمانیی ئەمریكا و هێزەكانی دیكە بووە. دەبێت جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بكرێتەوە كە ئامانجی ئەمریكا ئەوەیە لە دوای ئەم پرۆسەیەوە عێراقێكی یەكگرتوو بێتە ئاراوە كە لە ئاست پێداویستییەكانی خەڵكەكەدا بێت، ئێمە پشتیوانی لایەنێك ناكەین لەسەر حیسابی لایەنەكانی دیكە.

*** ئەگەر كورد داوای سەربەخۆیی لە ئەمریكا بكات، تێڕوانین و هەڵوێستی ئەمریكا چی دەبێت؟**

- ئاشكرایە لە ئێستادا ئەمریكا نایەوێت عێراق دابەش بێت و نایەوێت چەند دەوڵەتێكی بچووكی سەربەخۆ ببینێت. چونكە ئەمە دابەشبوونی دیكە دروست دەكات و كێشەی نەبڕاوە لە ناوچەكەدا دەخوڵقێنێت.

## ئەنتۆنی کوردسمان

پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا لە ئامۆژگای CSIS بۆ گولان:

# ئەمریکا پشتیوانی و پێدانی چەک بە پێشمەرگە بە پێویست دەزانێت

**پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کوردسمان لەناو ئەو پسپۆڕ و توێژەرانەی کە دیراسەتی عێراق دەکەن، ئەگەر ژمارە یەکیش نەبێت، ئەوا لەو کەسانەیە کە بیروبۆچوونەکانی بە هەند وەردەگیرێت. کوردسمان بە توێژەر و شرۆڤەوانێکی واقیعی لەسەر ئاستی جیهان هەژمار دەکرێت. لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو بە دەیان توێژینەوەی لە سەر عێراق کردووە و چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستان و عێراقی کردووە و لەگەڵ سەرکردەکانی عێراق لە نزیکەوە وتوویژی کردووە، لەسەر ئاستی ناوەندی حکومەتی ئەمریکا و سینك تاکسەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەش حیسابێکی ورد بۆ شرۆڤە و بۆچوونەکانی دەکرێت. هەروەها لە ناو سەنتەری دیراساتی ستراتیژیەتی نێودەوڵەتی (CSIS)یەکێکە لەو توێژەرانەی کە بۆچوونەکانی بە هەند وەردەگیرێت. بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق و پشتگیری ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کوردسمان ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گولان خستەڕوو.**

*** ئەی پەیام و راسپاردەتان چییە بۆ کورد کە ناوچەکە و عێراق بە دۆخێکی وا سەختدا دەڕوات؟**

- پەیامی من بۆ هەموو عێراقییەك ئەوەیە کە لە کۆتاییدا چارەسەرەکە بریتییە لە دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی نوێی هێز کە هاوسەنگییەکی رەوا و یەکسان بێت و هەموو لایەك هەست بە ئاسایش بکەن و باوەڕیان وابێت کە دەتوانن پێکەوە بەرەوپێش بچن، بەرەو عێراقێکی پێشکەوتووی سەقامگیر و دەوڵەمەندتر. نابێت دەرئەنجامەکە تەنها لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا سنووردار بکرێت، چونکە بە راستی پێویست بەوە دەکات کە عێراقێکی پتر یەکگرتووی دادپەروەر بێتەئاراوە، بە بێ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش روون نییە ئایا چۆن کار بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری دەکرێت.

*** باس لەوە دەکرێت گرنگە هێزێکی ئەمریکی لە عێراقدا بوونی هەبێت و ئەو شوێنەش کوردستان بێت، ئایا پێتانوایە ئەمە مومکین دەبێت؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئێستادا نەخێرە، ئەمریکا هێز لە بەشێکی وڵاتەکەدا جێگیر ناکات، کە وا دەربکەوێت لە دابەشکردنی عێراقدا هاوکار دەبێت.

*** ئایا ئەمریکا بە شێوازێکی جیاواز هاوکاریی پێشمەرگە و حکومەتی مەرکەزی دەکات، چونکە ئێستا داعش وڵاتەکەی دابەش کردووە؟**

- حاڵی حازر ئەمریکا بە جیا مەشق بە سوپای عێراق و پێشمەرگە دەکات، بەڵام ئامانجەکە هەر وەك خۆیەتی، تەنانەت پێش ئەوەی مالیکیش لە دەسەڵاتدا نەمێنێت، ئەویش بریتییە لەوەی بونیادێك لەعێراقدا دروست بکرێت کە پێشمەرگە و سوپای عێراق و حەرەسی وەتەنی سوننی بتوانن ئاسایشی پێکهاتەکانی خۆیان بپارێزێن و لە هەمان کاتدا وەك هێزێکی یەکگرتوو بۆ بەرگریکردن لە عێراق کار بکەن.

*** ئایا ئەمریکا لە رووی مرۆییەوە هاوکاری کوردستان دەکات، چونکە ئێستا نزیکەی ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەری دەرەکی لەم هەرێمەدا هەن و ئەمەش بارگرانی زۆری دروست کردووە؟**

- گرفتەکە لە ئێستادا ئەوەیە ئەو کێشە مرۆییانە دوورتر لە سنووری کوردستان دەڕۆن و کاریگەرییان هەیە لەسەر تورکیا و بەشەکانی دیکەی عێراق و کاریگەرییان هەیە لەسەر لوبنان کە بە قووڵی تێوەگلاون لە شەڕی ناوخۆیی سووریاوە.

*** ئایا کورد دەتوانن دڵنیایی لە ئەمریکا وەربگرن کە لە هەر حاڵەتێکی تەنگانەدا ئاسایشیان پارێزراو دەبێت؟**

- پێموایە ئەمریکا هەموو کارێك دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی کوردەکانی عێراق و هەروەها شیعە و سوننەکانیش کە لە دەستی بێت. بەڵام یەکێك لە کێشەکان ئەو هەستەیە کە لە رابردوودا هەبووە کە پێی وا بووە بەدیلەکە بریتییە لە سەربەخۆیی و ئەمریکاش دەستەبەری ئاسایشی کوردەکان دەکات بە دابڕاوی لە بەشەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکە، بەڵام پێموایە راستییەکە ئەوەیە کە پشتیوانی ئەمریکا بەندە بەوەی کورد هەرچییەکیان لەدەست بێت، ئەنجامی بدەن لە پێناوی عێراقێکی بەهێزدا بە بێ قوربانیدان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان. مەترسییەکە بۆ هەموو کوردێك ئەوەیە کە گریمانەی ئەوە بکات، ئەمریکا زەمانەتی ئەمنی کورد دەکات بە بێ ئەوەی ئەمە بەند بێت بە پشتیوانی کوردەوە بۆ عێراقێکی یەکگرتوو.

**ئەمریکا هێز لە بەشێکی وڵاتەکەدا جێگیر ناکات، کە وا دەربکەوێت لە دابەشکردنی عێراقدا هاوکار دەبێت**






د. شێرزاد نەجار

# هەرێمی کوردستان و دبلۆماسیەتی سەردەمی سەخت

تایبەت بۆ گوڵان نوسیویەتی

هەمیشـــە لە تیۆری فیدراڵیەتدا ئەو دۆزو پرسـانەی پێوەندیدارن بە کیانە فیدراڵیەکانەوە دەوروژێنرێن (کەرتەکان، کانتۆنات، ولایەتەکان، هەرێمەکان) لە ناویاندا پرسێکی مەترسـیدارو هەستەوەر سـەبارەت بە بابەتی دەوڵەتی فیدراڵـی هەیە، ئەویش: ئاسـتی پسـپۆڕێتی کیانە فیدراڵیەکەیە لە ئەستێڵکی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، ئایـا ئـەو کیانە لـە پیادەکردنـی چالاکیەکانی ئەو ئەستێڵکەدا مافی دەستووریی هەیە؟.

ئـەو هەوڵانـەی دەدران بۆ تێگەیشـتن و ڕاڤەکردنی پسـپۆرایەتیەکانی کیانە فیدراڵیەکان و کارامەییان لە پێوەندییە دەرەکیەکاندا، لەژێر ناونیشانی (paradiplomacy) ناوزەد دەکران و ڕوونتر ئەمە لە نووسینەکانی شارەزایانی ئەم بوارە دەرکەوتن لە نموونەی کەسانی وەك (Duc-acek ،Soldatos، Michelmann، Aldecoa، Lecours)، زاراوەی (paradiplomacy) بایـەخ بـە شـرۆڤەکردنی چالاکیە دەرەکیەکانی دەڤەرە فیدراڵیەکان دەدات، وێڕای ئـەوەی زاراوەی (paradiplomacy) لە شـرۆڤەکردنی چالاکیە دەرەکیەکانی ئەو ناوچانە ئەنجامی پۆزەتیڤ و پەسەندکراو وەدیناهێنێت.

کەواتـە، هەوڵەکانی ئـەو زانایانە بـۆ دیاریکردن و تێگەیشـتن لە پێوەندییە دەرەکیەکانـی کیانە هەرێمیە فیدراڵیـەکان زۆربەی کات لە میانـەی گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی چەمکی (paradiplomacy) کۆدەبنەوە.

بلاتـەری توێژەرو هاوەڵانـی دوو کەلێنی بنەڕەتییان لە لێکۆڵینەوە دەرەکیەکانی کیانە فیدراڵیە هەرێمیەکان دەستنیشان کردووە، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: پێش هەر شتێك دۆزینەوەی هەندێ واتای هاوشێوە بەڵام بە بێ بنکەی بەهێزی ئەزموونگەرییانە.

دووەم: نووسین و لێکۆڵینەوەکان لە بنەڕەتەوە پشتبەستون بە پشکنینی ئەو حاڵەتەی پشتبەستووە بە چوارچێوەی تیۆریی یان چارەسـەری حاڵەتی هەمەچەشن دەکەن، ئەمـەش وادەکات لە ڕووی میتـۆدەوە چڕکردنەوەی ئەنجامە گشتیەکان زەحمەت بکەوێتەوە.

لە میانەی پێداچوونەوەیەکی کورتدا بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی پێوەندیدارن بە (paradiplomacy) سـەرنج دەدەین کە لە لێکۆڵینەوەیەکـی پڕ بایەخی پڕۆ فیسـۆر (Soldatos) هـەوڵ دراوە بۆ دانانـی چوارچێوەیەکی ڕوونکردنەوە سەبارەت بە چالاکیە دەرەکیەکانی ناوچە فیدراڵیەکان، بـەڵام گەیشـتنە دەرئەنجامێك کە ئەمە لە ئاسـتی چاوەڕوانکراودا نەبوو، تەنیا دیاریکراوە پێوەندیدارەکانی چالاکیەکانـی (paradiplomacy) دەژمێرێـت، لـەو دیاریکراوانەش دەتوانین ئـەم دووانەیان لە یەکتر جودا بکەینەوە

● دیاریکراوە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی هەرێمیی: (بەش بەشـکردنی بابەتیانە، بەش بەشـکردنی درکپێکردنی هەستیی (پرۆسـەی هەڵبژاردن)، جیـاوازی لە نێوان هەرێمیی و نیشـتمانی، نەگونجان لە نێوان یەکەکانی فیدرالیەت، گەشەکردنی یەکە فیدڕاڵیە تازەکان).

● دیاریکـراوە ناوخۆییەکان لەسـەر ئاسـتی یەکێتی فیدڕاڵـی): هەڵەکانـی دەسـەڵاتی فیدڕاڵـی وەك: ناکارامەیی، گرفتەکان لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، کەلێنی دامودەزگایی، گومانە دەستووریەکان و دەستەمۆکردنی سیاسـەتی دەرەوە) هۆکارە دەرەکیەکان (جیهانگیـری، پشتبەیەکتربەسـتنی ئاڵوگۆڕکـراو، بەشـداری پێکردنی لایەنی دەرەکی، لێکبەسـتنەوەی هەرێمیی).

لە ئاکامی ئەمەدا دەرئەنجامەکانی پڕۆ فیسۆر (Soldatos) کۆدەبێتەوە لەسـەر ئەم داواکارییانـەی وەك (لەوانەیە ئەنجامێ بێ بۆ) یـان (لەوانەیە بمانگەیەنێ بە) یان (هاوبەشی بکات لە) وێڕای ئەمە واش دەکەوێتەوە کە بارودۆخەکە وا بخوازێت لێکۆڵینەوە لەسـەر کەسایەتی سـەرکردەکان و پێکهاتە مێژوویـیەکان و کەلتووری و سیاسییە کۆمەڵایەتیەکان بکرێت.

هاوبەشـیکردنی پڕۆ فیسۆر (Soldatos) پێش هەر شتێ پێوەندیـدارە بە کاری چەمکەکانەوە بۆیە دەناسـرێتەوە بـە (paradiplomacy) وەك چالاکیەکـی دەوڵەتیانەی ڕاسـتەوخۆ، لە هەمبەر لایەنە هەرێمیـە ئەکتیڤەکان ئەویش بە بێ پاڵپشـت، بێ تەواوکاریی و ڕاستکردنەوە یان بـێ دووبارەکردنـەوە بۆ تەحەدداکانـی دەوڵەتی فیدڕاڵـی، هەروەهـا (paradiplomacy) درێژدەبێتەوە بۆ چالاکیەکی دەرەکی ڕاسـتەوخۆ یان سـەربەخۆی ڕێژەیی، بە شێوەیەك یەکەی فیدڕاڵی کەناڵی ناوخۆی تایبەتی هەیـەو هەروەها خزمەتگوزاریی دەرەکی هەیە بـۆ پێوەندی کردن بە ژینگەی دەرەکی و پێوەندیکردنی لایەنە دەوڵەتیەکان لەگەڵ لایەنە دەرەکیە کاراکاندا.

توێـژەر (Michelmann) زنجیرەیەك لـە هۆکارو پاڵنەر بۆ (paradiplomacy) دەگێڕێتەوە لەوانەش فاکتەرەکانی ئابووری و سیاسـی و کەلتـووری و ژینگەیی، بەڵام لە دارشـتنەوەی گریمانەکانی پێوەندیدارن بە هەندێ بارودۆخەوە شکستی هێناوە، بە تایبەت ئەو گریمانانەی دەبنە هۆی جۆرێك لە (paradiplomacy)، توێژەر (M-chelmann) وا ڕادەگەیەنێ کە ئامادەکردنی دەستووری و دامودەزگایکراویی دەوڵەتی فیدڕاڵی بە پێی پێویست یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتیەکان لەم بوارانەدا.

وێـڕای ئەمە پێویسـتە بگەینە ئـەو دەرئەنجامە کە ڕێوشـوێنەکانی دەستووری فیدڕاڵی لە بواری پێوەندیە

**سەرۆک بارزانی سوپاسی خۆی پێشکەش بە دۆستان لە کۆنگرێس کرد بۆ پرۆژەی یاسایەک کە واشنتۆن ناچار دەکات راستەوخۆ چەک بداتە کورد، لیندسی گراهام سیناتۆر کە بەشدار بووە لە دانانی ئەم پرۆژەیە دەڵێ( پێشمەرگە متمانە پێکراوترین شەریکی سەربازیی واشنتۆنن لە عێراق**

دەوڵەتیەکان لە خۆیاندا لەلایەن یەکەکانی پێکهاتەی فیدراڵیەتەوە ناتوانن بە تەنیا شرۆڤەی جیاوازیەکانی ئاستی چالاکیە دەوڵەتیەکان بکەن.

لەو بارەیەوە توێژەر کیتنگ دەڵێت: مامەڵەکردنی (paradiplomacy) وەك دیاردەیەکی ئەزموونگەری پێویستی بەو جیاوازییانەیە کە بشێت شرۆڤە بکرێت، ئاماژە بە کۆمەڵێك وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دەڵێت بۆچی ناوچە فیدراڵیەتەکان پێویستیان بە چوونە بۆ دەرەوە ئایا هۆکارەکان ئابووریگەلن وەك هەوڵ بۆ بازرگانی و وەبەرهێنانیان، کەلتوورین وەك بەردەوام هەوڵدان لەسەر مەیدانی دەوڵەتیانە بە هۆکارگەلی زمان و کەلتوورەوە) یان هۆکارە سیاسیەکان(کە لە هەوڵدایە بۆ ئیعترافپێکردن و ڕەوایەتی بەو مەبەستەی کە شتێکی زیاترە لە ناوچە فیدراڵیەکان) بە پاڵ ئەم میکانیزمە ناوخۆییانەی تری کاروباری دەرەکی.

کیتینگ ئاماژەش دەدات بە بونیادی دەرفەتە گۆڕاوەکانی دەوڵەتیانە، وەك ڕێکخراوە هەمەلایەنەکان، کە پێوەندیە ڕاستەوخۆکانی ناوچە فیدراڵیەکان هەڵدەسەنگێنێ و کار دەکات بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ هاوبەشیکردن لە نێوان هەرێمە فیدراڵیەکان، هاوکات دان بەوەدا دەنێت کە (paradiplomacy) ناتوانرێت شرۆڤە بکرێن تا ئەو کاتەی پێویستیان بە شرۆڤەو شیکاریی نەبێت، هۆکینگ لەو بارەیەوە ئاماژە بە چەمکی دیلۆماسیەتی هەمەچین دەدات کە جێگەی چەمکی (paradiplomacy) دەگرێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئاستی فیدراڵی و ئاستی خوار نیشتمانیی.

هەردوو توێژەران باکین و ئەشابیل Paquin and Lachapelle لە هەوڵدان چارەسەری مەسەلەیەك بکەن: بۆچی ناوچەکان دەخزێنە ناو پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانەوە لەو بارەیەوە ئاماژە دەدەن بە سێ گۆڕانکاری لەسەر هەردوو ئاستی (قەیرانی دەوڵەتی نیشتمانی) و(جیهانگیری و نەتەوەیی)و(تۆمارکردن).

(paradiplomacy) بە شێوەیەکی ڕوون هاریکارە بۆ پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان تەنانەت زانایانی سیاسەتی بەراوردکاری نزیکن لە چالاکیی کیانە هەرێمایەتیە دەرەکیەکان، هەندێ بەڵگەشمان لەبەردەستن سەبارەت بە (paradiplomacy) کە لێکۆڵینەوەکان لە کاری وەسفکردن تێناپەڕن و تا ئێستا شکستیان هێناوە لەوەی چوارچێوەیەکی تیۆری پێشکەش بکەن لەوەی گریمانەی تایبەتمەندی بۆ بدۆزنەوە

١. ئاستی تواناکانی سیاسەتی دەرەوەی کیانە فیدراڵیەکان.

٢. جۆری چالاکیەکانی سیاسەتی دەرەوە کە لە لایەن ئەو کیاناتەوە پێڕەو دەکرێن.

لێکۆڵینەوەکانی لە هەمبەر (paradiplomacy) دەکرێت هەمان ئەو ڕێکارانە بگرنە بەر کە بەکارهێنراون بۆ لێکۆڵینەوە پێوەندارەکانی تایبەتمەند بە فرەیی لە ئاستەکانی فەرمانڕەوایەتی: گرێدان لە نێوان توانا وەسفیەکان و چوارچێوەی تیۆری دروستی سیاسەتی بەراوردکاری کە ڕێگە دەدات بە تێگەیشتنی: بۆچی ناوچە فیدراڵیەکان هەوڵ دەدەن کارامەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا بۆ خۆیان ڕابکێشن، بۆچی هەندێ ناوچەی فیدراڵی دیاریکراو پەرەدەسێنن بەتایبەتی لە چوارچێوەی چالاکیە سیاسیە دەرەکیەکاندا، لە کۆتایی نەخشەدانانی لیستی کارەکانی توێژینەوەکانی داهاتوودا ئەمە ڕوونتر دەکرێتەوە کە ئامانجی ئەوەیە جیاوازیەکانی نێوان سیاسەتی دەرەوە شیکار بکات و (paradiplomacy)و دامودەزگا لێك ببەستێتەوە.

● **لەبیروهزری ئێمەدا بەلایەنی کەمەوە دوو لوغز هەن کە دەکرێ ببنە تەوەری چەندین توێژینەوە:**

١) ئەوەی بە جۆرێکی جیاواز سیاسەتی دەرەوەی دەسەڵاتەکان لەنێو قەوارە نانیشتمانییەکان لێکدانەوەی بۆ دەکرێ واتا ناوچە فیدراڵییەکان.

٢) ئەوەی بەکۆمەڵێك چالاکیی دەرەکی لێکدەدرێتەوە کە لەلایەن قەوارە نانیشتمانییە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێت واتا لەلایەن ناوچە فیدراڵییە جیاوازەکانەوە.

لەوەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارەدا، دەکرێ بەشێوەیەکی کارا چەمکی paradiplomacy بەکاربهێنرێت بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پێویست.

ئێمە پێشنیاز دەکەین سوودی تەواو لە ڕوونکردنەوەی وەسفی چەمکی paradiplomacy وەربگیرێت کاتێ کارەکە پەیوەست دەبێ بە جیاوازیی نێوان ناوچە فیدراڵییەکان پێوەندیدار بە پسپۆڕی و چالاکییە دەرەکییەکانەوە، لەپاڵ سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی دامەزراوەیی.

شرۆڤەکردنەکە لە نەخشەکێشانی پەسندکراویی قەوارەی هەرێمی فیدراڵییەوە دەست پێدەکات: بڕی ئۆتۆنۆمی لەوەی کە لایەنە هەرێمییە کاراکان (حکومەتە هەرێمییەکان، حزبە سیاسییە هەرێمییەکان) بەوەی کە بە ڕاستی چاویان لێیەتی، لەئەستۆی دەگرن. کەواتە چالاکییە دەرەکییەکانی ئەو لایەنانە چین کە پێیان باشە ببنە واقعێکی کۆنکریتی دامەزراوەیی، ئاماژە بۆ زنجیرە گۆڕانکارییەکی خۆجێیی و نێودەوڵەتی دەکات یان کاراکردن یان سنووردارکردنی ڕەفتارەکانیان کاتێ هەوڵدەدەن کەمترین توانای پەسەندکراوەکانیان بێننەدی ئەم گۆڕانکارییانە لەپاڵ پەسندکراوەکان بوونەتە مایەی

**لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران دڵنیاییەکی سنووورداری لە وەزیری بەرگری و دەرەوە وەرنەگرت دەربارەی دانانی ڕۆڵەکانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لە نێو هێزە ئەمنییەکانەوە، ئەوا ٦٠٪ی پارە پێشنیارکراوەکە یان ٤٢٩ ملیۆن دۆلار ڕاستەوخۆ دەچێتە دەست هێزی پێشمەرگە و هۆزە سوننیەکان**

**پێویستمان بە چارەسەرکردنی لایەنێکی گرنگی چەمکی هەیە کە پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی یەکێتیی خودی دەوڵەتی فیدراڵی، بەو پێیەی کە یەکەیەکی هەرێمییە لەگەڵ دەسەڵاتێکی زۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی**



ئەگەری لێکدانەوەی هێزو چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەکیی هەرێمی.
گۆڕانکارییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەیی دەکرێ ببێتە مایەی تاقیکردنەوەی گریمانەکان، کۆمەڵێکی چاوەڕوانکراوی گۆڕانکارییەکان کە حوکمەکانی یاسایی و دەستووری و شتی دیکە دەگرێتەوە، بۆ پیادەکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
نموونەی ئەم جۆرە گریمانەیە لە پێوەندیی نێوان ناوچەی فیدراڵی و ئاستی فیدراڵی نیشتمانی دەردەکەوێت کە بریتییە لە پێوەندیی ناکۆك، ئاستی هەرێمیی فیدراڵی بەرەو زۆرترین ناچالاکی paradiplomatic پەرەدەسێنێت.
لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێت کە دەستووری فیدراڵی لەسەر بنەمای هاریکاریی فیدراڵی دامەزراوە، کە تەنیا کەمترین دەسەڵات بە ناوچە فیدراڵییەکان دەدات لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا.
ئەو پێوەندییانەی کە قەوارە فیدراڵییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و لایەنە نێودەوڵەتییەکان گرێی دەدەن ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جۆرێکە لە پێوەندییە دیبلۆماسییەکان کە بە(نیمچە دیپلۆماسی (Para-diplomacy) ناوزەد دەکرێ، ئەم دیپلۆماسییە مەبەستی داکۆکیکردن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەم قەوارەیەیە، ئەم رۆڵە دیپلۆماسییە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش لە چوارچێوەی دیاردەی جیهانگیریدا پەرەی سەندووە، بە شێوەیەك کە رۆڵێکی روونی نێودەوڵەتی دەگێڕێت بەتایبەتیش لەو کێشانەی پەیوەستن بە بەهێزکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان و هاریکاری، ئەم رۆڵە دەرگای مشتومڕی کردەوە دەربارەی ئایندەی سیستەمی دەوڵەتی نیشتمان Nation-State کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سیستەمی نێودەوڵەتی لەو خۆڕێکخستندا پشتی پێ دەبەستێت.
زاراوەی( نیمچە دیبلۆماسی Para- diplomacy) بۆ یەکەمجار لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن پرۆفیسۆری کەنەدی (بانایوتس سولداتۆس Sold-tos)ەوە خرایەڕوو، دواتر پرۆفیسۆری ئەمریکی (ئیڤۆ دۆشاجیك Duchacek)پەرەی پێدا، کە بوو بە دیارترین تیۆرسازی ئەو چەمکە.
دەکرێ ئەم جۆرە دیبلۆماسییەتە وەدی بێت لەپێناو پشتیوانی کردنی دیبلۆماسییەتی دەسەڵاتی سەنترالیی فیدراڵی یان دەکرێ هاودژ و ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو دیبلۆماسییەتە.
(ئیڤۆ دۆشاجیك Duchacek)ی توێژەر جیاوازی لە نێوان ئەم شتانەدا دەکات:
- دیبلۆماسییەتی لاوەکی هاوسنووری ئیقلیمی.
- دیبلۆماسییەتی لاوەکی هەرێم بەزێن.



● نیمچە دیبلۆماسییەتی جیهانگەرابوو.
لەپێناو وەسفکردنی ئەمانەی خوارەوە:
● پێوەندییەکانی نێوان قەوارە ناسەنتراڵییەکان لە دەوڵەتانی جیادا کە هاوسنوورن لەگەڵ یەکتردا (واتا سنووریان هاوبەشە).
● پێوەندییەکانی نێوان قەوارە ناسەنتراڵییەکان و بێ ئەوەی سنووریان هاوبەش بێت، بەڵام لە دەوڵەتانی دراوسێدا هەن.
● پێوەندییەکانی نێوان قەوارەکان بۆ ئەو دەوڵەتانە دەگەڕێتەوە و بێ ئەوەی سنووریان هاوبەش بێت.
ناوچە فیدراڵییەکان لە پەیوەنییە دیبلۆماسییە فەرمییەکاندا بەشدارن و دواتر لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە فیدراڵییەکەشدا لە میانی چەند ڕێگەیەکەوە لەوانە:
أ- ناردنی شاند لە سەردانە فەرمییەکاندا.
ب- واژۆکردنی ڕێکەوتننامەو یاداشتنامەکانی لێکگەیشتن و شێوازەکانی دیکە.
ج- بەشداریکردنی لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا.
د- دامەزراندنی نووسینگەکان بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەمیشەیی لە دەرەوەدا.
حکومەتەکانی ناوچە فیدراڵییەکان بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی تێدەکۆشن ئەویش لەبەر هۆکاری ئابووری یان ڕۆشنبیری یان سیاسی، لە بواری ئابووریدا زانراوە کە زۆربەی حکومەتە فیدراڵییە سەنتراڵییەکان ناتوانن بە شێوەیەکی دروست یارمەتی کۆمەڵگا خۆجێییەکان بدەن لە هەموو پێداویستییەکانیاندا، چونکە ئەوان شارەزاو کادیریان کەمە بۆ تێگەیشتن بە تەواوی لە واقیعی ناوخۆ و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگەکانیدا، لە هەمان کاتیشدا حکومەتەکانی ناوچە فیدراڵییە خۆجێییەکان زیاتر مەیلیان بۆ ئەوە دەچێت کە دەسەڵاتەکانی فیدراڵییەتی سەنتراڵ بایەخێکی تەواویان لە یارمەتیدان پێنادات، بۆیە ئەوان وادەزانن کە هەر بە خۆیان توانای بەدواداچوون و گرنگی پێدانیان هەیە.
لە بواری ڕۆشنبیریدا، ڕەنگە هەندێ ناوچە هەوڵبدەن ڕەواجی نێودەوڵەتی بۆ خۆیان بکەن وەك قەوارەیەکی سەربەخۆی ڕۆشنبیری، ئەمەیە حاڵی هەرێمی کەتالۆنیای ئیسپانی و هەرێمی باسك، هەندێ ناوچەش هەوڵدەدەن هاوکاری بکەن لەگەڵ شوێنی جیاجیای جیهان لە هەوڵێکدا بۆ ڕاکێشانی پشتگیریی ڕەوەندەکانیان لە دەرەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە دیبلۆماسییەکانی نێوانیاندا.
ئەوەی کە پەیوەستیشە بە لایەنە سیاسییەکانەوە، ئەوا حکومەتە فیدراڵییە ناوخۆییەکان هەڵێکی زۆری هاوبەشی نێودەوڵەتی دەدەن بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکانی فیدراڵیی سەنتراڵ تاکو ڕێبازی کارکردن بگرێتەبەر، ئەم ستراتیژییەتەش بریتییە لەو هەشت یاداشتە لێکگەیشتنەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا واژۆکراون، لە نێوان سێ ویلایەتی ئەمریکایی و سێ کانتۆنی کەنەدی بۆ چاودێریی و بەرەنگاربوونەوەی بارانی ئەسیدی، بە شێوەیەك کە ئیدارەی ڕیگان و کۆنگرێسی



ئەمریکی نەیتوانی بگاتە سازانێك لە بیروبۆچوونەکانی دەربارەی ئەم بابەتە، بۆیە لەرێی واشنتۆن لەکۆتاییدا توانی یاسای ساڵی ١٩٩٠ی هەوای پاك هەموار بکاتەوەو لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کەنەدادا رێکەوتنێك دەربارەی جۆریی هەوا لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا واژۆ بکات، ئەویش لەمیانی نەخشەیەکی کاتی کەمکردنەوەی دەرهاویشتەکانی ئەسید.

بە جۆرێکی دیاریکراوی چالاکیی خۆجێیی سیاسی دەگوترێ (protodiplomacy) کە لەمیانیدا حکومەتی ناوخۆ هەوڵی نێودەوڵەتی دەدا بۆ پلانی ئازادبوون و سەربەخۆبوون، ئەمە بوو رەوشی هەرێمی کیبیکی کەنەدی لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا.

رەنگە رێگە بە حکومەتەکانی ناوچە فیدراڵییەکان بدرێ وتووێژ بکەن و رێکەوتننامە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچە فیدراڵییەکانی ناسەنتراڵی بیانی یان تەنانەت لەگەڵ حکومەتی دەوڵەتی بیانیشدا واژۆبکەن، بۆیە لێرەدا هەلومەرج رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە وتوێژکردن بە یارمەتیی دەسەڵاتی فیدراڵی سەنتراڵ لەپێناو ئۆتۆنۆمییەکی تەواودا لەسەر بنەمای دەسەڵاتەکانی سیادیی دەستووری، کە تەنیا پشت بە یاسای نێودەوڵەتی نابەستێ، بەڵکو پشت بە یاسای نێوخۆی دەوڵەتانیش دەبەستێ کە مافی هێزەکانی ناوخۆ بەم کارە دەست نیشان دەکات. لە هەندێ دەوڵەتانی فیدراڵدا پێوەندییەکانی دەرەکیی حکومەتەکانی ناوچە فیدراڵییەکان بریتییە لە مەسەلەیەکی دەستووری کە راستەوخۆ پەیوەستە بە مەسەلەی پسپۆڕیی یاساییەوە.

Paradiplomacy بریتییە لە سیاسەتی دەرەوەی ناوچە فیدراڵییەکان و ئەم پرۆسەیەش بەشێکە لە ناسنامەی ناوخۆیی کە جیاناکرێتەوە، کە تەنیا پەیوەست نییە بە دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاواو فیدراڵی یان ناسەنتراڵەوە. ئەم چالاکییە ئاماژەیە بۆ رۆڵی گەشەسەندووی ناوچە فیدراڵییەکان کە لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری روون و ئاشکرایە، « par-diplomacy ئەو چەمکەیە کە ئاماژەیە بۆ چالاکیی نێودەوڵەتی لەلایەن هەندێ لایەنی خوار نیشتمانی.

لەکاتێکی نزیکدا پرسی ئەمن لەلایەن پرۆفیسۆری ئیسپانی (Cornago) وە خرایە پێناسەی، Paradipl-mac کە باس لە چالاکییەکانی حکومەتی ویلایەتە فیدراڵییەکان دەکات، کە دەکەونە ژێرباری بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەویش بە دامەزراندنی پێوەندیی فەرمی و نافەرمیی چ هەمیشەیی یان کاتی، لەگەڵ لایەنی گشتی یان تایبەتی بیانی، لەگەڵ ئامانجی رەواجدان بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەکان، چەمکی paradiplomacy بریتییە لە کۆمەڵە چالاکییەکی جیاجیای نێودەوڵەتیی یەکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی, ئێمە پێویستمان بە چارەسەرکردنی لایەنێکی گرنگی چەمکی paradiplomacy هەیە کە پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی یەکێتیی خودی دەوڵەتی فیدراڵی، بەو پێیەی کە یەکەیەکی هەرێمییە لەگەڵ دەسەڵاتێکی زۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

**● فیدراڵیەت و دبلۆماسییەت paradiplomacy**

لە دەســـتووری دەوڵەتە فیدراڵییەکانـــدا ئەو بابەتانە دیاری دەکرێن کە دەســـەڵاتەکەیان تەنیا بۆ دەسەڵاتی ناوەند دەگەڕێتەوە وەك: بەرگری نیشـــتمانی و دراو و پێوەندییەکانی دەرەوە، بەڵام بە پێشـــکەوتنی سەردەم و تەکنۆلۆژیا، پێوەندیی لە ڕێگای سنوورەوە بۆتە کارێکی حەتمی بـــۆ کۆمەڵگا و کیانـــە بچووکەکان(لقەکان) نەك نیشـــتمانییەکان لەوانەش کیانـــە فیدراڵییەکان، زۆر دەسەڵاتی دیبلۆماســـی بە ناوچە فیدراڵییەکان دراوە، زۆر لە دەوڵەتان ئیعتیرافی رەســـمی بە بوونی دەســـەڵاتی ئەو ناوچانە ناکەن لـــە کاروباری دەرەوە، بەم پێیەش بنەمای یاســـایی پێویســـت لەسەر ئاستی دەستوور دانراوە بۆ دابەشـــکردنی دەسەڵات و حوکمە یاســـاییەکان لەم بوارەدا، بۆ نموونە لە دەستووری ئەم دەوڵەتە فیدراڵیانەی خوارەوە:

نەمســـا: بەپێی دەستووری نەمسا کە لە ساڵی ١٩٢٠ دەرچووە، هەرێمە فیدراڵییەکان دەسەڵاتی درووستکردنی پێوەندیی دەرەوەی رەسمی کێشەکانیان هەیە لە ڕێگای ســـنوورەوە، ماددە ١٦ی ئەم دەستوورە ڕێگا دەدات بە هەرێمەکان بە بەســـتنی پەیماننامە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوســـێیان لەگـــەڵ هەرێمەکانی ئـــەو وڵاتانە لەو بابەتانەی کە لە تایبەتمەندێتی دەستووری هەرێمەکەیە، پێویستە دەسەڵاتداری هەرێمەکە حکومەتی ئیتیحادی لـــە بابەتەکە ئاگادار بکاتەوە و پێویســـت ڕێگای پێ بدرێت بەر لەوەی بچێتە نێو گفتوگۆی نێودەوڵەتییەوە، لەگەڵ ئەمەش بەپێـــی داوای حکومەتی ئیتیحادی پێویستە لە پەیماننامەکە بکشێتەوە.

بەلژیـــکا: دەســـتووری ١٩٩٣ی بەلژیـــکا مافی بە هەرێمەکان و کۆمەڵـــگاکان داوە پەرە بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی بدەن لەوانەش بەســـتنی پەیماننامەکان لەو بابەتانەی کە تەنیا لە دەسەڵاتی ئەودان (ماددە ١٦٧) لەوانەش بابەتی کەلتووری و فێرکاری.

ئەڵمانیا: لە یاســـای بنەڕەتی ئەڵمانیا کە لە ســـاڵی ١٩٤٩ دەرچـــووە لە مـــاددە ٣٢(٣) دا هاتووە: لەبەر ئـــەوەی هەرێم دەســـەڵاتی یاســـادانانی هەیە، بۆی هەیە بە رەزامەندی حکومەتی ئیتیحادی پەیماننامە لەگەڵ وڵاتانی بیانی ببەســـتێت، پێویستە حکومەتی ئیتیحادی لەگـــەڵ هەرێمەکە راوێژ بکەن لە کاتێکی گونجاودا، بەر لە بەستنی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کـــە کاریگەریی لەســـەر بەرژەوەندییـــە تایبەتەکانی هەرێمێك یان زیاتری هەبێت، ماددەی ٥٩ی دەستوورەکە مەرجی رەزامەندی یان بەشداری کردنی ئەنجوومەنی ئیتیحادی داناوە بەو پێیەی کە لایەنێکی پێوەندیدارە لە کێشـــەیەکی دیاریکراودا دەربارەی رەزامەندی دەربڕین لەســـەر پەیماننامەکە کە پێوەندییە سیاســـییەکان لە حکومەتی ئیتیحادی ڕێك دەخات یان ئەوەی پێوەندی بە مەسەلەی دەرکردنی یاسا ئیتیحادییەکانەوە هەیە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: بەپێی دەســـتووری ســـاڵی ١٧٨٧ی ئەمریکا پەیماننامەکان و کاروباری دەرەوە لە تایبەتمەندییەکانی سەرۆك و کۆنگریسە، لە هەمان کاتدا دەستوور کۆمەڵە شتێکی لە ویلایەتەکان قەدەغە کردووە لە بەشـــی (١٠)ی ماددەی یەکەمدا هاتووە: ویلایەتەکان بۆیان نییە بچنە نێو هەر پەیماننامەو هاوپەیمانییەك یان یەکێتییەك و..تاد، لە بڕگەی سێی هەمان ماددە ڕێگا بە ویلایەتـــەکان دەدات کاروباری دەرەوە بکـــەن و دەڵێ: هیچ ویلایەتێك بۆی نییە بەبێ رەزامەندی کۆنگریس بچێتە نێو هەر ڕێکەوتننامەیەك لەگـــەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکە یان وڵاتێکی بیانی یان چوونە نێو شـــەڕ تەنیا ئەگەر هێرشی کرایە سەر یان مەترسییەکی لەسەر بوو کە ناتوانرێ دوابخرێ.

عێراق: بەپێی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقی کاروباری دەرەوەو ڕێکەوتننامەکان تەنیا دەســـەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە(مـــاددە ١١٠- یەك)و ڕێـــگای بە هەرێمە فیدراڵییـــەکان داوە کـــە نوێنەرایەتییـــان هەبێت لە باڵیۆزخانەکان بۆ بەدواداچوونی کاروباری کەلتوری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان(ماددە ١٢١ بڕگە ٤).

**● هەرێمی کوردستان و دبلۆماسییەتی (پارادبلۆماسی (paradiplomacy**

لەبەرنەبوونی بەرچاو روونییەکی کرداری لە مەسەلەی مامەڵە کردن لەگەڵ سروشتی فیدراڵیی دەوڵەتیی عێراق و کامل نەبوونی پێداویســـتییەکانی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە و لەبەر ئەوەی کە(بیرکردنەوەی ناوەندی توند) هەبووەو ئێستاش هەیە لە زەینی ئەو سیاسەتمەدارانەی دوای روخانی رژێمی پێشـــوو دەسەڵاتیان گرتە دەست لە ٢٠٠٣، کورد ناچار بوون بارودۆخی خۆیان چارەسەر بکـــەن بە چەند ڕێگایەك کە دەبێتە هۆی پاراســـتنی بەرژەوەندییەکان لە بونیادنانی پاشـــەڕۆژێکی رووناك و سەقامگیر، بۆیە ڕێڕەوی (پارادبلۆماسی)یان وەك ڕێگایەك گرتەبەر بۆ هێنانەدیـــی بەرژەوەندییەکانیان ئەمەش جۆرێك لەو تەحەددایە بوو کە پرۆ فیسۆر(ئیڤر دۆشاجیك Duchcek) ئاماژەی پێکرد، سەردانی سەرۆك بارزانی لوتکەی پیادەکردنی ئەم دیبلۆماسییەتە بوو.

لە چوارچێوەی ئەم دیبلۆماسییەتەدا سەرۆك بارزانی داوای کرد ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راستەوخۆ چەك بدەنە هێزی پێشـــمەرگە نەك بە تێپەڕبوونی لە ڕێگای حکومەتی ناوەندی بەغداوە، دووپاتیکردەوە کە

**ڕێڕەوی (پارادبلۆماسی)یان وەک ڕێگایەک بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندییەکان ئەمەش جۆرێک لەو تەحەددایەیە کە پرۆفیسۆر(ئیڤر دۆشاجیک) ئاماژەی پێکردووە، سەردانی سەرۆک بارزانی لوتکەی پیادەکردنی ئەم دیبلۆماسییەتە بوو**

حکومەتی بەغدا پابەند نەبووە بەو ڕێکەوتننامەیەی ساڵی ٢٠٠٧ لەنێوان دەستەی ئەرکانی ئەمریکی و عێراقی و کوردی ئیمزا کرا دەربارەی پڕچەك کردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە بەو چەکانەی ئەمریکا تەسلیمی حکومەتی عێراقی کردوون.

سەرۆك بارزانی سوپاسی خۆی پێشکەش بە دۆستان لە کۆنگرێس کرد بۆ پرۆژەی یاسایەك کە واشنتۆن ناچار دەکات ڕاستەوخۆ چەك بداتە کورد.

لیندسی گراهام سیناتۆری کە بەشدار بووە لە دانانی ئەم پرۆژەیە دەڵێ (پێشمەرگە متمانەپێکراوترین شەریکی سەربازیی واشنتۆنن لە عێراق).

سەرۆك بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئەمڕۆ ئەولەویەتی کارەکان بریتییە لە جەنگ کردن دژی داعش، بەڵام ڕایگەیاند کە بە نیازە ڕاپرسی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ئەنجام بدات.

لەم بارەیەوە وتی: خەمی ڕۆژانەمان شەڕ کردنە دژی تیرۆریستان، ئەمەش لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە ناتوانین ئێستا ئەو ڕاپرسییە ئەنجام بدەین، ئەولەویەتی کارەکانمان شکست پێهێنانی دەوڵەتی ئیسلامییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە تاهەتایە چاوەڕوان بین.

سەرۆك بارزانی جەختی لەوەش کردەوە کە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شاری کەرکوك ئێستا لە ئارادا نییە، بەڵام ئەوەشی خستەڕوو کە هێزە کوردییەکان ئامادەن شان بەشانی هێزەکانی عێراق شەڕ بکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی موسڵ و دەرهێنانی لەدەست توندڕۆکان.

یاسادانەرە ئەمریکییەکان هەوڵ دەدەن یاسایەك دەربکەن بۆ پڕچەك کردنی هێزی پێشمەرگە و هۆزە سوننیەکان ڕاستەوخۆ و بێ هەماهەنگی لەگەڵ حکوەتی عێراقی، لەوانەشە بەشێکی ئەم هەنگاوە دوابخرێت ئەگەر حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەڵێنی دا ڕۆڵەکانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش بخرێنە نێو سوپای عێراق و هێزە ئەمنییەکان، کۆمارییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا داوایان کردووە ڕاستەوخۆ چەك بدرێتە هێزی پێشمەرگە و هۆزە سوننیەکانی عێراق بێ هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی حەیدەر عەبادی کە ئەمریکا هەماهەنگی لەگەڵ دەکات بۆ جەنگی دژی داعش.

بەپێی پرۆژەی (ڕێگا پێدانی خەرجی سەربازی) ساڵی داهاتوو بڕی ١٧٨-٤٢٩ ملیۆن دۆلار کۆی ئەو نیو تریلیۆنەی تەرخان کراوە، ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ هێزی پێشمەرگە و هۆزە سوننیەکان و پێکهاتە سوننیە چەکدارییە لۆکاڵییەکان کە (ئەرکێکی ئاسایشی نیشتمانی) ئەنجام دەدەن.

هەروەها مەرجە وەزیری دەرەوە جۆن کێری و وەزیری بەرگری ئاشتۆن کارتەر بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا ڕابیگەیەنن کە حکومەتی عێراق ڕازی بووە بە دانانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لە هێزە ئەمنییەکان، بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕێگا نەگرێت لە خەرج کردنی ٧١٥ ملیۆن دۆلار بۆ هێزە عێراقییەکان لە ساڵی داهاتوودا.

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانیش ڕایگەیاندووە، بەرپرسە ئەمریکییەکان لە بەردەم کۆنگرس دووپاتیان کردۆتەوە کە دووبارە مەشق پێکردنی سوپای عێراق بە یارمەتی ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ بۆ بونیادنانی هێزێك کە توانای هەبێت ئەو ناوچە زۆرانە ڕزگار بکاتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان لە عێراق.


لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران دڵنیاییەکی سنووورداری لە وەزیری بەرگری و دەرەوە وەرنەگرت دەربارەی دانانی ڕۆڵەکانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لە نێو هێزە ئەمنییەکانەوە، ئەوا ٦٠٪ی پارە پێشنیارکراوەکە یان ٤٢٩ ملیۆن دۆلار ڕاستەوخۆ دەچێتە دەست هێزی پێشمەرگە و هۆزە سوننیەکان کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی ئەنجام دەدەن و بە گاردی نیشتمانی سوننی دادەنرێن، ئەمەش بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە لێژنەی هێزە چەکدارەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران ئامادەی کردووە.

چەند بڕگەیەکی دیکە لە یاسای (تەمویلی بەرگری نیشتمانی)دا هەیە کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم گەیشتنی ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، هەڵویستی کۆنگرس لەو مەترسیانەی کە ئێران دروستی دەکات لەوانەش پاڵپشتی کردنی تیرۆر و هاندانی بێهێزکردنی سەقامگیریی هەرێمی.

بۆ ئەوەی ئەم جۆرە دیبلۆماسییەتە سەرکەوتوو بێت پێویستە لێژنەی نوخبەی دیبلۆماتکاری لێهاتووی خاوەن بڕوانامەی بەرز و پسپۆڕی لە کاروباری دەرەوەی بۆ دابنرێت کە لە زمانە زیندووەکان شارەزا بن و زانیارییان دەربارەی کەلتووری ئەو وڵاتانە هەبێت کە نوێنەرایەتی هەرێمی تێدا دەکەن، ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورە و ڕوونە کە تێبینی دەکرێت لەو کەسانەی لە بواری دبلۆماسیدا کار دەکەن کە بوارێکی گرنگ و پێویستە بۆ هەرێمی کوردستان و پێویستی بە چارەسەرێکی کرداری هەیە دوور لە دابەشکردن و فشاری حزبی.

**زاراوەی(نیمچە دبلۆماسی) بۆ یەکەمجار لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن پرۆفیسۆری کەنەدی(بانایوتس سولداتۆس)ەوە خرایەڕوو، دواتر پرۆفیسۆری ئەمریکی(ئیفۆ دۆشاجیک)پەرەی پێدا، کە بوو بە دیارترین تیۆرسازی ئەو چەمکە**

# هۆشیاری تاک و میکانیزمی ڕێگەگرتن لە هزری توندڕەوی



یوسف عوسمان حەمەد*

تایبەت بۆ گوڵان نەینووسێت

ئەلبێرت ئەنیشتاین: لە وەڵامدانەوەیەکی سیگمۆند فرۆید دەڵێت: ڕەهەندەکانی زەمەن لە گەردوون دەبێتە هۆی سنووردارکردنی هۆشیاریی تاك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، نەك هێزی زایندەگی پێوەری هۆشیاری بێت.

مەبەست لە و وتەیە، ئەوەیە کامەیان هۆشیاری تاك دیاری دەکات، خودی خۆی، یان ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی؟ واتە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە زۆر جار تاك لە ژێر ئازادی هۆشیاری دەردەچێت و کۆیلەبەندی غەریزەکانی دەبێت! مەبەستی فرۆید ئەوەیە زۆرجار بە هۆی گرژی غەریزە و پاڵنەرەکانی ناوەوەی تاك، مرۆڤ ئازادی بیرکردنەوە لە دەست دەدات و تەنها هەوڵی ڕازیکردن و تێرکردنی غەریزەکانی دەدات. چونکە هێزی پاڵنەری ناوەوەی تاك وەکو پاوەر و دینامۆی ڕەفتارەکانی دەبێت. ئەم وابەستەییە ڕەنگە هزری سنووربەزاندن لە تێرکردن و تێرنەکردنی غەریزەکان بە واتایەکی دیکە هزری توندڕەوی و لادەر دروست دەکات، کە هەموو هەوڵێکی ڕازیکردنی نەستی خۆیەتی، بە بێ گوێدانە ئەرك و ماف و داخوازییەکانی کەسانی دیکە و لە پێناو گەیشتن بە چێژێکی وەهمی ئامادەیە هەموو شتێك بکات، تەنانەت تێکدان و لە ناوبردنی کەسانی دیکەش بێت (وەکو حاڵەتی سادیزمی بۆ تێرکردنی غەریزەکانی). لە هاوکێشەی دەروونیدا هەموو پاڵنەر و غەریزەیەك لە تاکدا هۆشیارییەکی تایبەتی دروست دەکات، بۆیە حاڵەتە دەروونییەکانی تاك وەکو (ئاسایشی دەروونی و دادپەروەری و ئارامگیری دەروونی و تێرکردنی غەریزەکانی بە شێوەیەکی زانستی و...) هۆشیارییەکی تەندروست بەرهەم دەهێنێت.

ئەدلەر باس لەوە دەکات کە گرێی کێماسی لە تاکدا هۆکاری سەرەکییە بۆ ناهۆشیاریی تاك. واتە بە بۆچوونەکانی دەروونزانی بەتایبەتی قوتابخانەی شیکاری دەروونی، ناهۆشیاری، یاخود هزری توندڕەو لە تاکدا لە ئەنجامی تێکچوونی باری دەروونی و سیستەمی غەریزەکانە کە تاك وەکو نەخۆشی دەروونی دەردەکەوێت. بە بۆچوونی ئەنیشتاین و قوتابخانە مادییەکان دەڵێن: هۆشیاریی تاك ڕەنگدانەوەی باری ماددی و کۆمەڵایەتی تاکە، ئەوەی بەرهەمی ناهۆشیارییە و هزری توندڕەوی بەرهەم دەهێنێت، نادادوەری کۆمەڵایەتی و گەندەڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێکاری و شەڕ و ئاشووبە. بۆیە باڵانسی دەروونی و کۆمەڵایەتی واتە تێرکردنی غەریزە و پاڵنەرەکان بە شێوەیەکی تەندروست و بە هاوبەشی لەگەڵ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەرفەتی یەکسان بۆ ژیان، بەرامبەربوونی ئەرك و مافەکان، هۆکاری سەرەکیی هۆشیارییەکی تەندروستن لە تاك و کۆمەڵگەدا کە ڕێگرێکی سەرەکین بۆ پووکانەوەی هزری توندڕەوی و سەرهەڵدانی میکانزمی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی بەرامبەر بە هەموو جیاوازی و تایبەتمەندییەکانیەوە.

شرۆڤەکارانی دەروونی دەڵێن: لە نێوەندی هۆشیاریی تاکدا توندوتیژی پێناسەیەکی جیاوازی لە نێوان زانستەکاندا هەیە. لە زانستی کۆمەڵایەتی زەبر و زەنگی تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە بەرامبەر تاك، لە ڕووی دەروونییەوە توندوتیژی پانتایەکی فراوانتری هەیە وەکو زەبر و زەنگی دەروونی، شەڕی دەروونی و شەڕی نهێنی و تائیفی و ئایینی و باوەڕداری.. تا دەگاتە هەراسانکردنی تاك. مارگرێت مید، باس لەوە دەکات کە هەندێك هۆز و نەتەوە کوڕەکانیان لە سەر توندوتیژی ڕادەهێنن، وەکو پیاوەتی و ئازایەتی و مەردایەتی و تۆڵەسەندنەوە! زۆر جار توندوتیژی لە ڕێگەی لاساییکردنەوە دەبێت لە دەرەوەی بازنەی هۆشیاری، هەموو کردەیەکی دەمارگیری و توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکانی ئەوەی دیکە لە ناهۆشیاری دەبێت، واتە تاك دەکەوێتە ژێر باری بێهۆشی کەسی کاریزمی، یاخود ڕابەری، بۆیە بەبێ لێکدانەوە ئامادەیە هەموو کارێك بکات! چونکە هوشیاریی خۆی لە دارەکەی دەستی، یان چەکەکەی دەبینێتەوە.

ژینگەی شەڕانگێزی بریتییە لە بازنەی دەرەوەی ماڵ، وەکو میدیاکان و فلیمی توندوتیژی و هاوڕێی خراپ و گرووپی هیپی و ئیمۆیەکان. زانایانی دەروونییش سێ جۆر لە میکانیزمەکانی شەڕانگێزییان دیاری کردووە یەکەم: شەڕانگێزی بەرامبەر خۆی (ماسۆشیزم). دووەم: شەڕانگێزی بەرامبەر کەسی دیکە (سادیزم)، سێیەم: پەرچەکردار (تێکشکاندنی شتەکانی دەوروبەر) غەریزەی مەرگ. لە ڕووی دەروونییەوە کە ئەمڕۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەیە، کرداری باوەڕدارییە، پرسیاری دووبارەی ناهۆشیاری: کامەمان باوەڕداری ڕاستەقینەین؟ تەنها جێگەی یەك کەسمان دەبێتەوە، ئەوەی دیکە بۆ گەنە و لە ناوی دەبەین...! لە ڕووی دەرونییەوە واتە کەسێك کە لەگەڵ بۆچوون و میزاج و حاڵەتی دەروونی تۆدا دەگونجێت، دروستکردنی پاڵنەرێکی دەروونی بۆ سەردەستەکردنی گرووپێك

کە کەسایەتییەکی دیاریکراوی هەیە، واتە بوونی هەڵچوونێکی فکری و هۆشـیاری بۆ دروستکردنی ئارامگیری کۆمەڵگە. لە رووی سـایکۆلۆژییەوە کەلتووری هەڵبژاردن هۆشـیاریی کۆمەڵگە بە واتای هەڵچوونی میکانیزمی هەڵبژاردنی پانتایی کارکردن دێت. زۆر لە شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن لە رۆژهەڵاتدا کەلتوورێکی توندوتیژی هەیە لـە کاتی هەڵبژاردنی ئایینێك، یـان مەزهەبێك، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کە بە زەحمەت ئاڵوگۆڕ دەکرێت، واتە لە ئەجندا و کەلتووری دەسەڵاتدار شتێك هەیە، ئەویش بە زەحمەت دەسـتبەرداری دەسەڵات دەبێت و پێی قبووڵ ناکرێت، ئەو هەمـوو شـتێك بێت و لە ترۆپکی دەسەڵات بێتەخوارەوە، یان رۆڵی ئۆپۆزسـیۆن و رکابەری دەسەڵاتی نوێ وەربگرێت، ئەو پرۆسـەیەی پێ زەحمەتە. تووشـی تێکچوونی هاوسەنگیی دەروونی دەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەگەر لە ژێر فشـار نەبێت، هەرگیز قەبووڵی جیاوازی هزری ناکەن و تاکی رۆژهەڵات فێـری ئەوە نەبووە کێبرکێیـی جیاوازییەکان بکات لە نێوان لیسـتە رکابەرەکاندا لە پێناو پێشکەشـکردنی بەرنامە و ئامانجەکانی و ئامانجی روونـی نییە. تەنها بەرگریکردنی لە دەسـەڵاتی رەها نەبێت. بۆیە هەڵچوونی سـلبی درووست دەبێت، وەکو ناشـیرینکردنی یەکتـری و هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆن و بەکارهێنانی دژە راگەیاندن و دڕاندنی پۆسـتەر و وێنە و پاوانکردنی شـوێن بۆ خۆدەرخستن، تادەگاتە دەستوەشاندن و لێدان و شـەڕی پچڕپچڕ! ئەم حاڵەتـەش لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتـدا هەیـە. ئەمەش لـە رووی دەروونییەوە شـەڕی رەتکردنەوەی هۆشـیارییە جیاوازییەکانـە، چونکە تاك، کاتێك کە لە دەسـەڵات دێتەخـوارەوە، خۆی بە بێ هێـز و بێ توانا دەخوێنێتەوە و هەسـت دەکات پایـەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەدەسـت دەدات، بۆیە بەرگری لەو دەسەڵاتە دەکات، تەنانەت ئەگـەر لە رێگەی توندوتیژی بێت، یان لە رێگەی نادروسـت بێت. یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی هزری توندڕەوی دەگەڕێتەوە بۆ تێرکردن و تێرنەکردنی پێداویسـتییەکانی تاك، کە هۆشیاری خودی ئەو تاکە دیاری دەکات، جا ئەو پێداویستییە ماددی بێت، یان رۆحی، راسـتەوخۆ پەیوەندی بە بارە هەڵچوونەکانی تاکەوە هەیە، یاخود رێڕەوی بیرکردنـەوەی دیاری دەکات. هەندێك لە زانایانی دەروونی دەڵێن: پێداویستییەکانی تاك بزوێنەری رەفتار و هەڵسـوکەوتی تاکە، چ بە شێوەیەکی پێکەوەژیان بێت، یاخود رەتکردنـەوەی ئەوەی دیکە بۆ قۆرغکردنی پێداویسـتییەکان. ئەوانەی لەسـەر دەروونزانی تاوان کار دەکـەن، دەڵێن: تاوان و توندوتیژی ماددی و فکری و رۆحی لە ئەنجامی تێرنەکردنی پێداویسـتییەکانە و بە شوشتنەوەی مێشکیان وابیر دەکەنەوە کە ژیـان هیچ مانایەکی نییە، تەنها لـە ناوبردنی خۆیان نەبێت، زیاتریش لەوە دۆگمابوونی هۆشـیاریی خـودی تاکەکەیە کە دەڵێت: نەك ژیان بۆ من هیچ مانای نییە، بەڵکۆ ئێوە هۆکاری سـەرەکین بۆ ئەو نەهامەتییە، بۆیە شەڕکردن و لەناوبردنی ئێوە ئەرکی سەرەکیی منە، ئەمەش هۆشیاری نەرێنییە لە تاکدا.

لە بیردۆزەکەی ماسـلۆ هەرەمی پێداویستییەکان جەخت دەکاتە سـەر بەردەوامیی هەوڵدانی مرۆڤ و چالاکی بەردەوامی بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی، ئەم پێداویستییانە بەپێی گرنگییان لە پێداویستی بایۆلۆجی پەیوەستی بوونی مرۆڤی ماددی پلەدار دەبێ، تاکو پێداویستی دەروونی مرۆڤ کە پەیوەستە بە ژێرخانی دەروونی ئەوەوە و جەخت دەکاتە سـەر گرنگیی هاتنەدی خود لەهاتنەدی گونجانی باش و هەسـت بەدانانی هەندێ پێوەر بۆ گونجان کە بریتین لە درك پێ کردنی چالاکانە بۆ راستیەکانی ئێسـتا و پەسـەندکردنی خود، چڕبوونەوە لە دەووری کێشەکان بۆ چارەسـەر کردنیان، لاوازی و پشتبەسـتن بەکەسـانی تر، سـەربەخۆیی خود، بەردەوام نوێبوونەوەی سەرسوڕمان سەبارەت بە شتەکان، یاخود خەملاندنیان، ئەزموونە گرنگە سەرەکییەکان، گرنگیدان بە هێز و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی پتەو، هەستکردن بە خۆشەویسـتی کەسانی تر لە روانگەی تاکی گونجاو، دەتوانێ پێداویسـتییەکان بەپێی گرنگییان لە پێداویسـتی کۆئەندامی و کۆمەڵایەتـی تێر بکا. هەروەها بـاوەڕی وایە کە خنکاندنی تێرکردنی پێداویسـتی و خۆشەویستی و بە ئەندام بوون یەکێکە لە هۆکارە سـەرەکییەکانی خراپ گونجان. باشـتر وایە کە بۆ پێداویستییە تێرنەکراوەکان بگەڕێنەوە بۆ هۆکاری تری ژینگەیی و بۆ رەفتاری نەگونجاوی و تێڕامان لە پەرەسەندنی خود، وەکو چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی دەسکەوتی ماددی، کەم و کورتی لـە زانیارییەکان، کەمیی دەرفەتی پەرەسـەندن و هۆکارەکانی وەکـوو بەها و ئاراسـتەی جۆراوجۆر بۆ کۆمەڵگە بەگشـتی و ئەو کەسـانەی کە لـە ژیانی تاکدا گرنگـن، وەکو دایك و باوك و کەسـانی نزیك و مامۆستایان، هەر بۆیە ماسلۆ جەخت دەکاتەوە سـەر رۆڵی ئەرێنی کە ژینگە دەتوانێ پێی هەسـتێ بـۆ یارمەتیدانی تاکەکان بۆ رزگاربوون لە خراپ گونجان، یان گۆشـەگیری و داخراوەیی و هێنانەدی خود، یان لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام هەوڵدەدەن لەگەڵ بارودۆخی ژینگەیی نەگونجاودا رووبـەڕوو ببنەوە، بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجی گەشـەکردن و هێنانەدی خـودی خۆیان.بە بڕوای ماسـلۆ هەریەك لە ئێمە سرووشـتێکی گەوهەریی باش، یان ناسـك، یـان بە لایەنی کەم ناوەندیمـان هەیە، بۆ ئەوەش کە ئەم سرووشـتە باش، یان ناوەند بمێنێتەوە، پێویسـتە پەرەی پـێ بدرێت، ئەمەش ناکرێ جگە لە ناو کۆمەڵگەی باشـدا نەبێ، کە هەموو پێداویستییە سەرەکییەکان دەخاتە بەردەستی تاك و رێگەدەدات کە بوونەوەری ئەندامی بۆ خۆی و حەز و داواکارییەکانی بهێنێتەدی و ئەگەر ژینگە، یان شارسـتانییەت سـنووردار و داخراو بێت، رێگە بە تاك نادا وەکو پێویسـت ویستەکانی هەڵبژێرێ و ئەگەری ئەوە هەیە کە تاك بە شـێوەیەکی دەمارگیر گەشـە بکات. هەروەها ئەدلەر دەڵێت: هەسـتکردن بە کەمی بە شێوەی خۆبەکەمزانی لە خەڵکانی تر، بەهۆی کەموکوڕیی جەستەیی، یاخود واتایی، یان کۆمەڵایەتی، یاخود بەرجەسـتەیی، راسـتەقینەیی و بێ بنەمـا، وا لە تاك دەکات، قێز لەخۆی بکات. هەسـتکردن بە کەمی و باوەر بە خۆ نەبوون، هەسـتکردن بە شەرم لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، بێ توانایی لە بڕیارداندا، پاڵی پێوە دەنێ کە هەوڵ بدات بۆ سەرکەوتن لە هەوڵی ئازادبوون لە هەستکردن بە کەموکوڕی و گەیشتن بە تەواوی بە رێگەی قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕی، یاخود بێ توانایی. هەسـتکردنی تاك بە کەمی و بێ توانایی و دواکەوتنی لە خەڵکانی تر، ئەو بابەتەی کە هانی دەدات و پاڵی پێوە دەنێ بۆ هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەکی باش بۆ ئەنجامدانی کاری گەورە و پەرەپێدان بە تواناکانیان.

---

*پسپۆڕی دەروونزانی

**ئەگەر ژینگە، یان شارستانییەت سنووردار و داخراو بێت، رێگە بە تاك نادا وەکو پێویست ویستەکانی هەڵبژێرێ و ئەگەری ئەوە هەیە کە تاك بە شێوەیەکی دەمارگیر گەشە بکات**

**زۆرجار بە هۆی گرژی غەریزە و پاڵنەرەکانی ناوەوەی تاك، مرۆڤ ئازادی بیرکردنەوە لە دەست دەدات و تەنها هەوڵی رازیکردن و تێرکردنی غەریزەکانی دەدات**

**ئەوەی بەرهەمی ناهۆشیارییە و هزری توندڕەوی بەرهەم دەهێنێت، نادادوەری کۆمەڵایەتی و گەندەڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێکاری و شەڕ و ئاشووبە**

**تاکی رۆژهەڵات فێری ئەوە نەبووە کێبرکێیی جیاوازییەکان بکات لە نێوان لیستە رکابەرەکاندا لە پێناو پێشکەشکردنی بەرنامە و ئامانجەکانی و ئامانجی روونی نییە. تەنها بەرگریکردنی لە دەسەڵاتی رەها نەبێت**










سەرەڕای شوناسی جیاوازیان...

# لاوانی کوردستان لە دژایەتی تیرۆریستاندا ئینتیمای بەرزی نەتەوەیی خۆیان سەلماندەوە





**سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان:**

**کوردستان بووەتە سیمبول لە ناوچەکەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی جیهان و ئێمەی گەنجانیش بۆ بەدامەزراوەییکردنی سوپای کوردستان پشتگیری و پاڵپشتی هەوڵەکانی سەرۆکی کوردستان دەکەین**



**لێپرسراوی سەنتەری هەولێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان:**

**حزبە کوردستانییەکان پێویستە لەمەودوا هەنگاو بۆ هاتنە پێشەوەی زیاتری گەنجان هەڵبگرن بەتایبەتی لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا**

شەڕی تیرۆریستانی داعش بەو وەرچەرخانە مێژووییە لە ژیانی لاواندا دادەنرێت کە تێیدا ئەو توێژە جارێکی دی سەلماندیانەوە، کە سەرەڕای پەراوێزکردنی داواکاری و داخوازیەکانیان و قەیرانی ئابووری، هەر پارێزەرانی کوردستانن و هەڵگری فیکر و ئینتیمای بەرزی نەتەوەیین. رۆڵی گەنجان لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە و ئەو گیانفیدایی و قوربانیدانەی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بە کوردستانیان بەخشی، رۆڵێکی بەرچاوە کە لەسەر ئاستی جیهان باسی دەکرێت. لاوانی کوردستان سەرەڕای هەڵگری شوناسی جیاوازی حزبی و زمان و ئایین و بیروبۆچوونیان، لە بەرەکانی شەڕ ڕووبەڕووی هێزێکی چەکداری تیرۆریستی جیهانی بوونەوە، ئەوەش نەك تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاواشەوە بەشدارییان لە شەڕی پاراستنی کوردستان کرد، ئەمڕۆ لاوی کورد بە ڕێژەی زیاتر لە ٨٠٪ی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ پێکدەهێنن، هەر بۆیە دەکرێت بگوترێت: گەنجی کورد ئەو کەسایەتییەیە کە سیمای پێشمەرگەی لێدەخوێندرێتەوە و پارێزەری یەکڕیزی و یەکگوتاری نەتەوەییە. ڕێکخراوەکانی لاوان و گەنجان لەم راپۆرتەی (گوڵان)دا باس لە رۆڵی خۆیان لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە دەکەن.

### ● ئەمڕۆ گەنج لە خەمی پاراستنی وڵات و بەرگریکردن لە کەرامەتی نەتەوەیەکدایە

سەرەتا تەیمور تەیمور عەبداڵ سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی: «کاتێك میللەتی کورد ڕووبەڕووی شەڕی داسەپاوی داعش و شۆڤێنییەکان بووەوە، لاوان خۆبەخشانە و گیانفیدایانە لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە روویان لە بەرەکانی شەڕ کرد، بە ڕادەیەك زیاتر لە ٨٠٪ی ئەوانەی لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕن ئەو گەنج و لاوانەن کە نەوەی شەهیدان و پێشمەرگەی شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و دوای ڕاپەرینن، ئەوان جگە لەوەی ئامادەیی خەبات و گیانفیداییان تێدایە، خاوەنی ئینتیمایەکی بەرزی نەتەوەیین و خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن. لێرەدا نموونەیەك لە سەر بەرزیی ئاستی سیاسیی گەنجی کورد باس دەکەم. ئێمە وەکو یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ٢٤سیمینارمان لەسەر پرسی دەستوور و ویلایەتی سەرۆکی کوردستان سازدا، کە تێیدا گەنجان بەشدارییان لەگەڵ ئەکادیمی و شارەزاکان کرد و ئەو هەستە نەتەوەیی و نیشتمانیەمان بۆ دەرکەوت کە زۆر جیاواز بوو لەو بیروبۆچوونە حزبییانە کە ئێستا لەلایەن هەندێك کەس و لایەنەوە باسی دەکەن. ئەمڕۆ گەنج لە خەمی پاراستنی وڵات و باشکردنی بژێوی ژیان و ئارامی و سەقامگیرییە و زۆر بە وریاییەوە لەگەڵ بۆچوونە دوور لە نیشتمانی و نەتەوەییەکان مامەڵە دەکات، گەنجی کورد سەربەرزە لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە خۆی دەبینێتەوە کە سەرۆك بارزانی سەرپەرشتی دەکات، هەر ئەو بەرگری و گیانفیداییەیە گرۆتینێکی زیاتر بە جەماوەری کوردستان دەبەخشێت کە بە رۆحێکی تازەوە بڕوانێتە گۆڕانکاری و چاکسازییەکان و خۆی بە خاوەن ماف و پارێزەر ببینێت». سەبارەت بە وەرەی گەنجانیش لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا گوتی: «قوتابخانەی فیکری بارزانی تەنیا هەڵگری رۆحیەتی شۆڕشگێڕی و گیانفیدایی نەبووە، بەڵکو هەڵگری نوێبوونەوە و بونیاتنانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، خواست و ویستەکانی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەشە، دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و دەیان ڕێکخراوی تری مەدەنی بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە کە لە گەرمەی شەڕ و شەهیدبوونی دەیان قارەمان ئەم ڕێکخراوانەی دامەزراند، ئێستاش کاتێك کوردستان بووەتە سیمبول لە ناوچەکەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی جیهان، ئێمەی گەنجان پشتگیری و پاڵپشتی هەوڵەکانی سەرۆکی کوردستان دەکەین بۆ بە دامەزراویکردنی سوپای کوردستان و بەهێزکردنی، تاوەکو نەك تەنیا هێزی پێشمەرگە پارێزەری خەڵکی باشووری کوردستان بێت، بەڵکو پارێزەری هەموو تاکێکی کورد بێت لە هەر شوێنێك بێت، هەروەك چۆن لە نەبەردییەکانی کۆبانێ بینیمان، ئا لێرەدا گەنج مافی خۆیەتی لەبەرامبەر شەونخوونی و قارەمانێتی ئاوڕێکی جددی لێبدرێتەوە و گرنگی زیاتر بە حەز و داخوازییەکانی بدرێت، بەتایبەتی لە بواری بژێوی ژیان و کار و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بۆ ئەوەی ئاستی نیشتمانپەروەری لەمەش زیاتر بێت».

### ● گەنجمان هەیە شەهید بووە تەنیا ١٠ هەزار دیناری لەگیرفاندا بووە

هێرش مامەند لێپرسراوی سەنتەری هەولێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵان ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای تەحەددییەکانی بەردەم گەنج، بەڵام رۆڵی گەنج لە پاراستنی خاك و نەتەوە دیارە، گوتیشی: «حزووری گەنج بە ڕێژەیەکی بەرز لە ناو ریزەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕی دژ بە داعش بە بێ جیاوازیی ناوچە و زمان و ئایین وەڵامی هەموو ئەو بۆچوونانە بوو کە باسیان لە نەمانی ئینتیمای گەنج

دەکرد، شەهید و بریندار و پێشمەرگە گەنجەکانمان دیار و لەبەرچاون کە ئەو توێژە چ خەبات و گیانفیداییەکیان لە بەرەکانی شەڕ و یارمەتیدانی ئاوارە و لێقەوماوەکان هەیە. بەشداریکردنی ئەو ژمارە زۆرەی گەنجیش تەنیا بە ژمارە هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت، لە کاتێکدا بەتوانا و چەك و مووچەیەکی کەم ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بوونەتەوە و لەم پێناوەدا دەیان شەهید و برینداریان بەخشییە کوردستان، تەنانەت کۆدەنگییەکیشی لەناو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لێکەوتەوە لەبەرامبەر پرسی پاراستنی کوردستان، ڕێگریشە لە بەرامبەر هەر مەرام و بۆچوونێکی هاودژ لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان».

لە تەوەرێکی گفتوگۆکانمان لەگەڵ لێپرساوی سەنتەری هەولێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان باسمان لە ڕۆڵی گەنجان لە بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «حزبە کوردستانییەکان پێویستە لەمەودوا هەنگاو بۆ هاتنەپێشەوەی زیاتری گەنجان بهاوێژن، بەتایبەتی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە، بە حوکمی ئەوەی گەنج نوێیە لە ناو ریزەکانی سوپادا، هەربۆیە خاوەنی پۆست و پلەی سەربازی نییە، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر مووچە و ئیمتیازاتەکانی، تەنانەت لە کاتی یادکردنەوەی شەهیدەکانیش جیاوازی هەیە، لە بواری بە دامەزراویکردنی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکگرتنەوە و ڕێکخستنەوەی ریزەکانی پێشمەرگە کە هەنگاوی گەورە نراوە و ئەرکێکی قورسیش لەسەر شانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، کاتێك گەنجێك لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ شەهید دەبێت و تەنیا ١٠ هەزار دیناری پێیە، ئەمە مانایەکی گەورەیە بۆ سەرجەم سەرکردەی حزب و لایەنە سیاسییەکان، بەوەی جگە لە گرنگیدان بە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ، شەڕێکی تریش دژی ناعەدالەتی و گەندەڵی هەیە و دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە، ناکرێت گەنجێك گیانی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی بەخت بکات، کەسانێکیش سەرقاڵی ڤێلای ناو کێڵگەکان و بازرگانیکردن و کەڵەکەکردنی سامان بن و وەکو خێر ئەو پارەیەی بە نایاسایی کەڵەکەیان کردووە، کۆمەك بۆ شەهیدەکانمان کۆبکەنەوە».

**● گەنجانی کوردستان**

**بە توندی ڕووبەڕووی بیری توندڕەوی بوونەتەوە**

سەبارەت بە زیاتر بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ خاك، ئەحمەد ئەسکەندەر سکرتێری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان، پێیوایە: «بە نیشتمانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵی گەورەی بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی نیشتمانپەروەری لە نێو گەنجان و لاوان دەبێت، هەروەکو چۆن باشکردن و ئاوڕلێدانەوە لە بنەماڵەی شەهیدان کاریگەری لەسەر گەنجان دەبێت و هەستی نیشتمانپەروەری و ئینتیما بۆ خاك و وڵاتیان زیاتر دەبێت و ڕۆحی بەشداری و پاڵپشتی مەعنەوی و مەیدانی بۆ پاریزەرانی کوردستان فەراهەم دەبێت، ئەمڕۆ لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان، هەست بە بەرزبوونەوەی هەستی نیشتمانی و خۆشەویستیی وڵات و پاراستنی خاکەکەی دەکەین». سەبارەت بە بوونی بیری میانڕەوی و دوورکەوتنەوە لە فیکری توندڕەوی و کاریگەری لەسەر پەروەردەی گەنجان، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی کوردستان گوتی: «ئەگەر ئەمڕۆ دیوێکی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە بریتی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش لە بەرەکانی شەڕدا، جێگەی شانازی و سەربەرزییە بۆ هێزی پێشمەرگە کە زۆرینەی لە توێژی گەنجانن، دیوێکی تری ڕووبەڕووبوونەوەی بیری توندڕەوییە و گرنگیدانە بە بیری میانڕەوی کە کاریگەری لەسەر چەسپاندنی کەلتووری پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی بەرامبەر و قبووڵکردنی جیاوازییەکان و وەلانانی شەڕانگێزی و پاوانخوازی هەیە، ئێمە وەکو ڕێکخراوی گەشەپێدان بەشێکی سەرەکیی کارەکانمان تایبەت کردووە بە پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە و گرنگیدان بە فیکری میانڕەوی لەنێو گەنجان و لاوان.»

**● گەنج خاوەنی هۆشیارییەکی سیاسیی بەرزە**

محەمەد فاتیح بابان ڕێکخەری ڕایەڵەی گەنجان و خوێندکاران لە بزووتنەوەی، گۆڕان سەبارەت بە ڕۆڵی گەنجان لەم قۆناغە هەستیارە و گرنگیدان بە داخوازی و ویستەکانیان، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «لەسەرجەم شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی نوێ و نەبەردییەکانی گەلەکەمان زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی شەهید بوون، تەمەنیان لە١٨ تا ٢٥ ساڵیدا بووە، واتا لە توێژی گەنجان بوون، ئەم ڕۆحیەتەش بۆ ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیە دەگەڕێتەوە کە بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە گەلی کورد کراوە و تا ئێستاش خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، کە دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمێکی پەروەردەیی بەرز و پەیڕەوکردنی دادپەروەری و بەدیهێنانی داخوازییەکانی گەنجان دەوڵەمەندتر بکرێت. بۆ نموونە دابینکردنی هەلی باش و گونجاو بۆ گەنجان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و یارمەتیدانیان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و چاودێریکردنی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی دیاردەی



**سکرتێری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان:**
**بە نیشتمانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵی گەورەی بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی نیشتمانپەروەری لەنێو گەنجان و لاوان دەبێت**



**ڕێکخەری ڕایەڵەی گەنجان و خوێندکاران لە بزووتنەوەی گۆڕان:**
**ئاستی بەرزی هۆشیاری سیاسیی گەنج وایکردووە لە ریزەکانی پێشمەرگەدا داستانی نەبەردی تۆمار بکات**

**بەرپرسی ئۆفیسی گشتی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان:**
**لاوان سەرەڕای بە پەراوێزخستنیان لە ساتە سەختەکاندا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون**



گەندەڵی و نەخوازراو». گوتیشی: «ئەم نەبەردییەی گەنجان لەناو زۆربەی گەلانی تری دنیادا هەبووە، بۆ نموونە گەلی کۆسۆڤۆ کە سەربەخۆیی بەدەستهێنا، خاوەنی چەندین شەهیدی گەنج بووە هەروەکو چۆن تا ئێستاش گەنجانی فەلەستین تەسلیمی ئیرادەی داگیرکردن نەبوون و ڕۆژانە شەهید و قوربانی دەدەن، تەنانەت لەناو میللەتە چەوساوەکانیش ئەم نەبەردییە هەیە، ئەوەتا لە بلۆچستانی ئێرانیش ئەم نەبەردییە دەبیندرێت، ئەمڕۆش کاتێک گەنج لە ریزەکانی پێشمەرگە داستانی نەبەردی تۆمار دەکات، بۆ بەرزی ئاستی هۆشیاری و سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە، هەر ئەو هۆشیارییەش وایکردووە ساڵ لە دوای ساڵ وەلائی حزبایەتی بەراورد بە کەلتووری نەتەوایەتی کاڵکردۆتەوە. ئێستاش سەرەتاکانی درووستبوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات سەریهەڵداوە ئەمەش بۆ ئەو یاخیبوونە دەگەڕێتەوە کە گەنج هەڵگری بووە لە شۆڕشەکانی سمکۆخانی شکاك و شێخ سەعیدی پیران و کۆماری کوردستان لە مەهابادو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و شۆڕشی نوێ، ئەمڕۆ پێویستە لەناو دامەزراوەیەکی سەربازی ڕێکوپێك و مەشق پێکراو ئەو گەنجانە کۆبکرێنەوە و ئاڕاستە بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان، بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش کارێکی ئاسان نییە و ئیرادەو قوربانیدانی لە لایەن سەرکردە و هێزە سیاسییەکانەوە دەوێت، بوونی سوپایەکی دامەزراوی ڕێکوپێك بە ناوی پێشمەرگە بەدەر لە حزبایەتی زامنی سەرکەوتنمانە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە کە دەوڵەتی کوردییە، ئەو تواناو یەکڕیزییەی بۆ بەرگریکردن لەخاك و نەتەوە لەلای گەنجەکانی کوردستان دەبیندرێت، جێگای سەرسوڕمانی گەلانی دنیایە، گەنجێك کاتێك لە سەنگەری دژ بەداعش شەڕدەکات و سەر بە پێشمەرگەی باشووری کوردستان بێت، یا ڕۆژهەڵات، یا گریلایەکی باکوور و شەڕڤانێکی ڕۆژئاوا بێت، ڕۆحیەتی پێشمەرگایەتی تێدایە و خەبات دەکات لە پێناو ئازادی کوردستان، هەربۆیە جیاکردنەوەی گەنج لە کۆمەڵگە و دۆزە نەتەوەییەکان کارێکی ئاستەمە لە کاتێکدا بەشداری گەنج لە پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان بەشدارییەکی فراوان و کاریگەرە.»

## ● سیستەمی پەروەردە و حوکمڕانیی باش ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئینتیمای گەنجان هەیە


هەر لە میانەی ئەم بەدواداچوونەماندا، فاروق محەمەد بەرپرسی ئۆفیسی گشتیی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی: «کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی گەنجە بۆیە دواجار گرنگیدان بە گەنجان و لاوان مانای گرنگیدان بە تەواوی کۆمەڵگە و ئایندەی نەتەوەیی کورد دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەی ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە کوردستان خاوەنی ئەزموون و حوکمڕانیی خۆیەتی، بەڵام لەو ماوەیەدا ڕۆژ بە ڕۆژ ئینتیمای گەنجان و لاوانی ئەم وڵاتە بۆ نەتەوە و نیشتمان بەرەو لاوازی و تا ئاستێکی ترسناك لە پاشەکشەدا بوو، ئەوەش لەبەر ئەنجامی نالاندنی لاوانی کوردستان بە دەست چەندین کێشە و گرفتەوە بووە، لە سەرووی هەموویانەوە گەندەڵی و ناعەدالەتی و بێکاری بووە. ئەمڕۆش لە هەموو کات زیاتر لاوانی کوردستان بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنن،



سالانەش لەگەڵ زیادبوونی گەنجە خاوەن بڕوانامەکان، ژمارەی بێکارەکان زیاد دەبن، حکومەتیش لەگەڵ ئەوەی ناتوانێت هەموویان لە کەرتی گشتیدا لەخۆ بگرێت، هاوکات هەلی بۆ نەڕەخساندوون تا بتوانن لە کەرتی تایبەتدا تواناکانی خۆیان بەگەڕ بخەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەکاتی پێویست و ساتە سەختەکاندا لاوان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون لە بەرگریکردن لەخاکی نیشتمان و پاراستنی دەستکەوتەکان و گەلی کوردستاندا، وەك دەبینین پێشمەرگەی کوردستان کە بەگشتی گەنجن لەو پێناوەدا و لە شەڕی دژ بە داعشدا قوربانی دەدەن بۆ گەڕانەوە و بەهێزکردنی ئینتیمای لاوان بۆ نیشتمان و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و هاوکات رووبەڕووبونەوەی توندوتیژی و بە گەڕخستنی توانایان بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان و زیاتر خزمەتکردنی نەتەوە، پێویستیشە حکومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان، بە هاوکاری هەموو لایەك چەندین کار ئەنجام بدەن، وکو گرنگیدان بە بواری پەروەردە و خوێندنی ئایینی و بەنیشتمانیکردنی هێزی پێشمەرگە و دروستکردنی هێزێکی نیشتمانی سەربەخۆ لە گەنجان و لاوانی کوردستان، بەوەش دەتواندرێت گەنجانێکی زۆر بخرێنە سەرکار و ئینتیما بۆ نیشتمان درووست بکرێتەوە و هاوکات ببینە خاوەن هێزێکی نیشتمانیی بەهێز بۆ پاراستنی نیشتمان و خەڵکی کوردستان بە بێ جیاوازی.

# سێوەکەی کوبا و سەبەتەکەی ئەمریکا

**چەپەکان بەگشتی و مارکسییەکانیش بەتایبەتی، بە جیاوازی ڕێبازگەکانیانەوە، زۆر بە نیگەرانییەوە لەم ئەزموونە نوێیەی کوبا دەڕوانن، هەموویان بۆ ڕێگەچارەیەك دەگەڕێن تا جەنگی مۆدێڕنە و ئازادیخوازی لە بەرژەوەندی وەدیهاتنی پەرەپێدانی بەردەوامیی مرۆییانەدا یەکلایی بکەنەوە. ئەوان بە دووربینێکی ترەوە لە درەختەکە دەڕوانن، بە ئومێدەوەن سێوەکە پێبگات تا گەلی کوبی لێی بکاتەوە، نەك بکەوێتە ناو سەبەتەی (واشنتۆن)ـەوە کە ٥٥ی ساڵە چاوەڕوانی خواردنێتی!**




**عەبدولحوسێن شەعبان**

توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە


وتوویژ سەبارەت بە گێڕانەوەو ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان کوبا و ئەمریکا گەنگەشەی زۆری لێکەوتۆتەوە، هەندێك بە نوشوستیی بۆ ئیمپریالیەتی ئەمریکایی لە قەڵەمی دەدەن، کە ئەمریکا بۆ دواجار ناچار بووە دان بنێ بە شکستەکەیدا لەبەرانبەر بێتوانایی خۆی لەوەی ڕژێمی سۆسیالیستی کوبای پێ نەڕووخا، کوبایەك کە لە بەرانبەر تەحەددییەکانی ئەمریکا و گەمارۆ بەسەر سەپێنراوەکانیدا بۆ نزیکەی پێنج دەیە و نیوە کۆڵی نەداوە. هاوکات لە لایەکی تریشەوە زۆربەی ناوەندەکان تەوژمێك لە نیگەرانی دایگرتوون، چونکە باش ئەوە دەزانن کە ئەمریکا وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئامانجەکەی خۆی نابێت، هەمیشە لەسەر چەندین ئەلتەرناتیف بۆ گەیشتنە ئەنجام هەڵدەسووڕێت، ئەگەر لە یەکێکیاندا شکست بهێنێت، ئەلتەرناتیڤە هاوئاستەکانی تری بۆ دەخاتەگەڕ، ئەگەر بشزانێ بژاردەی توندیی سەربازیانە و چەکی گەمارۆدان، دادی نادات، ئەوە بە هێزی نەرمەوە بۆ نەیارەکەی دەخشێت، تا بە ئامانجەکەی بگات، ئەگەر پێویستیش بکات دەستەوانەی خوریشی بۆ لە دەست دەکات تا بە باشی بیگرێت.

خۆ ئەگەر بابەتەکە بریتی بێت لە پێوەندی بەستن لەگەڵ هەموو وڵاتاندا، ئەمە لەسەر ئاستی پێوەندییە دەرەکییەکان کارێکی سروشتییە، بە چاوپۆشیکردن لە سروشتی سیستمە کۆمەڵایەتییەکە، ئەم کارە وادەخوازێت پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دەوروبەری خۆی توندوتۆڵ بێت و پتەوتریشی بکات، بەڵام وەك

دەستپێك هەندێ جێبەجێکردنی کار و بڕیاری پێویستە، یەکەمینیان بە تەواوەتی لابردنی گەمارۆی سەپێندراوی سەر کوبایە لە لایەن واشنتۆنەوە، کوباش پێویستە زۆر وریا بێت لە بەرانبەر ئەو درزتێکردنانەیدا کە بە هۆیەوە ئەمریکا بە ئاسانی بۆی دەچێتە ژوورەوە، بەتایبەتی ئەو درزتێخستنانەی لە لایەن تیمی ئایدیۆلۆژیایی ناسراو بە (تروستی مێشکەکان) و (کۆمکاری ئاوەزەکان) بوونیان هەیە، کە لە سەردەمی سەرۆك کینیدی تا ئێستاش بۆ هاتنەناوەوەی سیستمەکانی نەیارانی ئەمریکایی زۆر ئەکتیڤانە لەکاردان، ئێستاش بەپێی تیۆری سۆفت پاوەر هەڵدەسووڕێن.

هەر بە هۆی ئەو هێزەوە دەتواندرێت بۆ پەڕینەوەی کەلوپەل و بزگۆڕ و گەشتیار و فیکرەکان و گواستنەوەی هەرچی پێوەندی بە شێوازی ژیانی ئەمریکاییەوە هەبێت پرد دامەزرێندرێت لە پێناوی داچڵەکاندنی ناوخۆیی ئەوانی تردا، ئەو کاتە کوباش وەك سێوێکی گەییو دەکەوێتە ناو ئامێزیانەوە، ئەگەرچی کوبا بەردەوام بە یاخیبوو ماوەتەوە لە بەردەم هێزی زبری واشنتۆندا، بەڵام ئەمریکیەکان گرەو لەسەر هێزە نەرمەکە دەکەن، وزە و سامان و زانست و تەکنەلۆژیا و جەنگی ڕاگەیاندراوی دەروونی زۆریان لە بەردەستدایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان.

ئەو یەکتر بینینەی نێوان ئۆباما و ڕائوول کاسترۆ لە لوتکەی ئەمریکایی کە لە پەنەما سازدرا، هەڵگری زیاتر لە دەلالەتێکە، بەتایبەتی بۆ ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا، وێڕای هەڵوێستی ئەمریکای لاتینیی کە خەریکە دەبێتە یەك دەنگ بۆ دۆزی کوبا و ڕۆڵگێڕانی، واشنتۆن نەیدەتوانی لەم بابەتەدا خۆ لە گێلی بدات، ئۆباما زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشت، کاتێ ویستی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ مێژووی پێوەندییەکانی نێوانیان بکاتەوە، ئەوەش گوزاریشتە لە نوشوستی سیاسەتەکانی پێشووی ئەمریکا دەربارەی پەراوێزخستنی کوبا.

لە ماوەی یەك سەدە و نیوی ڕابردوودا مێژووی کوبا کۆمەڵێك جەنگ و ناکۆکی بەخۆوە بینیوە کە تا ئێستاش لە یادەوەری کۆمەڵگەی کوبیدا نەسڕدراونەتەوە. بۆم ڕێکەوت سەردانێکی ئەو وڵاتە بکەم، ناوی قارەمانەکانی جەنگەکانیانم لە سەر زاری هەموانەوە دەبیست. کوبییەکان بە نیشتمانپەروەرانی خۆیانەوە دەنازن، بە هەمان ئاستیشەوە ڕەخنە لە ڕژێمەکەیان دەگرن و کەموکورتی و عەیبەکانی خۆیان دەخەنە بەر نەشتەری ڕەخنە، وێڕای ئۆپۆزسیۆنبوونیان لەگەڵ ڕژێمی خۆیاندا، بەڵام هەرگیز قبووڵی ئەوەش ناکەن ببنە بەشێك لە پلانی ئەمریکایی. بەناوبانگترین جەنگەکان کە کوبا تووشی هاتووە بریتین لەم جەنگانە:

جەنگی یەکەم: کوبییەکان بە ئازایانە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٨ تا ساڵی ١٨٧٨ بەرەنگاری داگیرکاریی ئیسپانییەکان بوونەتەوە، وێڕای کەلەڕەقییان داگیرکاران زیانی ماڵی و گیانی زۆریان پێکەوتووە، بە بێ ئەوەی بتوانن سەروەریێتی تەواوی خۆیان بەسەر کوبادا بسەپێنن.

جەنگی دووەم: لە سەرەتای ساڵی ١٨٨١دەستی پێکردووە و چەند ساڵانێکی خایاندووە، وەك تەواوکارییەك بۆ فراوانکردنی جەنگی پێشوویان.

جەنگی سێیەمین: لە سەرەتای دوایەمین دەیەی سەدەی نۆزدەیەمینەوە کە سەرکردەی نیشتمانپەروەر خۆسیە مارتیە تیرۆر دەکرێت، پاش ئەوەی لە هایتیەوە هاتبوو.

جەنگی چوارەمین: جەنگی ناوخۆ لە نێوان ڕژێمێك کە دروستکراوی واشنتۆن بوو بەرانبەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کە توانرا لە پاش کاروانی بەناوبانگی شاخەکانی سیرامایسترا تا هاڤانا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دواتر بە سەرکردایەتی فیدیل کاسترۆ بەڕێوە ببرێت.

جەنگی پێنجەمین: تا ئێستاش بەردەوامە لە نێوان دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان دژ بەو دژە شۆڕشەی ئەمریکا پشتگیری لێ دەکات، گەرچی شۆڕش توانیویەتی هەندێ دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی گرنگ و گەورە بە دەست بهێنێت، بەڵام ئەستێڵکی ئازادییەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ چاوپێداخشانەوەی دەوێت، بەتایبەتی بابەتی بڕیاردان لەسەر پلۆرالیزمی و فرەیی بیروڕادەربڕین و مافی کۆبوونەوە و ڕێکخستن و هاوبەشیکردن، تەسکبوونەوەی ئەم مافانە لە ژێر سایەی ململانێی پێکداهەڵپڕاو و هەوڵەکانی داگیرکاری، بەردەوام بووەتە هۆی ئەوەی دژەشۆڕش وەبەرهەم بهێندرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەموکورتی و عەیب و عارانە، ئەمەش ئەگەر پشتگوێ بخرێت و چاوی پێدا نەخشێندرێتەوە دەبێتە هۆی لێکترازانی بنکەی ناوخۆیی بنەڕەتی شۆڕشەکە، بەتایبەتی لەم بارودۆخە تازەیەدا.

هیچ شۆڕشێك بەردەوامێتی بۆ نانووسرێت بە بێ پەرەپێدانی ئازادییەکانی خەڵکی و دەستەبەرکردنی ماف و بەختەوەری و قەناعەتەکانیان، چونکە هەموان لێی سوودمەند دەبن، ئەگەر دەستکەوتی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکرێت، بەتایبەتی لەو بوارانەی تایبەتمەندە بە کار و تەندروستی و خوێندن و بیمەی کۆمەڵایەتی، ئەزموونەکانی وڵاتانی سۆشیالیستی و وڵاتانی جیهانی سێیەم باشترین نموونەن لەم بارەیەوە.

**کوبییەکان بە نیشتمانپەروەرانی خۆیانەوە دەنازن، بە هەمان ئاستیشەوە ڕەخنە لە ڕژێمەکەیان دەگرن و کەموکورتی و عەیبەکانی خۆیان دەخەنە بەر نەشتەری ڕەخنە، وێڕای ئۆپۆزسیۆنبوونیان لەگەڵ ڕژێمی خۆیاندا، بەڵام هەرگیز قبووڵی ئەوەش ناکەن ببنە بەشێك لە پلانی ئەمریکایی**

**ئەگەرچی کوبا بەردەوام بە یاخیبوو ماوەتەوە لەبەردەم هێزی زبری واشنتۆندا، بەڵام ئەمریکیەکان گرەو لەسەر هێزە نەرمەکە دەکەن، وزەو سامان و زانست و تەکنەلۆژیا و جەنگی ڕاگەیاندراوی دەروونی زۆریان لەبەردەستدایە بۆ گەیشتنە ئامانجەکەیان**



جەنگی شەشـەمین: جەنگی پەنجا سـاڵەی کوبایە بەرانبـەر گەمارۆی بەسـەردا سـەپێنراوی لەلایەن ئەمریـکاوە. واتا لە سـاڵی ١٩٦٠ بـەدواوە هەر لە سـەردەمی سـەرۆك کینیدی کە گەمارۆی کرپنی چەکی خسـتە سەر کوبا، دواتر ئەو گەمارۆیە فراوانتر بوو، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە، هەر لە قەڵەمی ڕەساسەوە تا دوایەمین ئامرازەکانی مۆدێرنە، لەوانەش ڕاگرتنی گەشت و سەردان و زانست و زانیاری و پارەو هاتوچۆی خەڵکی کوبی، بەڵام لە سەردەمی ئۆبامادا هەندێك گەمارۆکە سوك کرا لە بوارەکانی پێوەندییەکان و گوێزرانەوەی پارە و سەردانکردن، هەروەها زمانی نەرم لە بەرانبەر کوبا خرایەکار، بەڵام سیاسـەتی گشتی لە چوارچێوەی زمانی هەڕەشەی ژێر بە ژێر و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆ مایـەوە، لەگەڵ کەمێك جیاوازی لەو دەستێوەردانانەدا.

لە پلانی ئیزینهاوەردا کێشـە لەسـەر بەندەری ترینداد هەبوو، خۆم لە سانتاکلاراوە سەردانی ئەو بەندەرەم کردووە، دواتر لە سەردەمی کینیدی کێشە کەوتە بەندەری بیگ و کێشەکان زیاتر پەرەیان سـەند، تا قەیرانی کەنداوی بەرازەکانـی تێدا قەوما و دواتـر قەیرانی بەناوبانگی موشەکەکانی کوبا هەڵگیرسا و ...تاد.

واشـنتۆن تا کۆتاییەکانی شەڕی سارد تەنیا بژاردەی بەرانبەر کوبا بریتی بوو لە سەپاندنی گەمارۆ و دانانی هەژموونـی خۆی لە ڕێی ململانێـی ئایدیۆلۆژی و گوشاری سـەربازی و سیاسی و سـزادانی ئابووری و پتەوکردنی هێزەکانی ئەنتی شۆڕشـەوە، بەڵام پاش سـاڵی ١٩٩١ و هەڵوەشـانەوەی یەکێتی سـۆڤیەت، ئەمریـکا دەنگی لە کوبا بەرزتر کردەوە و گەڕایەوە بۆ هەڕەشـەلێکردن، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرۆك بوش و ئامـاژەدان بە بەکارهێنانی تێـڵای گەمارۆدان بۆ کرنۆش پێبردنی کوبایەك کە بە بێدەنگانە خوێنی لەبەر دەچۆڕا، کەس حیسـابی بۆ ئـەو هەموو دەردەی وەك نەخوێنـدەواری و دواکەوتوویی خوێندن و باری خراپی تەندروستی و بیمەی خراپی کۆمەڵایەتی و بێکاری ناو کوبـا نەدەکرد، بەتایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگە تازەکەی و لەم سـەردەمی جیهانگیری و مۆدێرنیتەدا کە پێویستییەکانی مرۆڤ لە هەڵکشاندان.

جەنگـی نوێی ئێسـتای بەردەوامـە و چارەنووس و داهاتووی سیسـتمی سیاسـی کوبای پێوە گرێدراوە، ئێسـتا کەوتۆتە بەر دەروازەی جەنگی حەوتەمینەوە کە بریتییە لە جەنگ بۆ بەدەستهێنانی مۆدێرنە و زانست و تەکنەلۆژیا، بەهۆی ئـەو هەموو گەمارۆیانەوە ئەم وڵاتە دابڕێندراوە و پەرەپێدان تێیدا وەسـتاوە، کەمترین دەرفەتی پێنـەدراوە بگاتەوە بـە کاروانی مۆدێرنە و دەسـتکەوتەکانی، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تووشـی هەوکردن بـووە و هەژموونـی بیرۆکراتی زاڵدەسـتە تێیدا، پێویسـتە دروشم و سیاسەتەکانی پێشووی خۆی بپشکنێتەوە، پاش ئەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن ئاسـایی دەکاتەوە، ئەویش بە تازەکردنـەوەی خوێنی گەنجانی شـۆڕش، ئەگینا شـۆڕش بەهۆی فاکتەرە ناوخۆییەکانەوە لەناودەچێت، چونکە توخمەکانی دەرەکی لە هەوڵی لێکترازانی باڵەکانی شۆڕشـدان، تا بگەنە دڵەکەی و دەمارو ڕەگی ژیانی بپچڕێنن.

پاش سـاڵی ١٩٩١ ڕووسەکان بە شـێوەیەکی نیمچە کتوپڕ بنکەی لۆردسـی نزیك هاڤانایان بەجێهێشت، بە بێ ئەوەی پرس بە لایەنـی کوبی بکەن، تەنانەت بێ مەراسـیمی فەرمی ماڵئاوایی لێکردن، ئەم جێهێشتنە

**پاش ساڵی ١٩٩١ و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا دەنگی لە کوبا بەرزتر کردەوە و گەڕایەوە بۆ هەڕەشەلێکردن بەتایبەتی لە سەردەمی سەرۆک بوش و ئاماژەدان بە بەکارهێنانی تێڵای گەمارۆدان بۆ کرنۆش پێبردنی کوبایەک کە بە بێدەنگانە خوێنی لەبەر دەچۆڕا**



توانا ئابووری و سیاسییەکانی کوبای لاواز کرد لە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی گەمارۆ و ئاستەنگەکانی کە ئەمریکا بۆی درووستدەکردن. کوبا هاوپەیمانێکی بەهێز و گەورەی لە دەست دا، کە ڕۆژانە ملیۆنێك دۆلاری لێوەردەگرت تا نزیکەی سی ساڵ لەسەر یەکتر، بەڵام کوبا توانی لەبەرانبەر سەختترین ساڵانی برسێتیدا بە پێوە ڕاوەستێت. بەڵام ئەو هەڵانەی شۆڕش تێیکەوت، ئەوە بوو کە ڕووی کردە پیشەسازی قورس و دروستکردنی کارگە بۆ پیشەسازی گەورە، بەو شێوەیە هەموو وزەی ئابووری خۆی خستە بوارێکەوە کە دواتر نەیتوانی کڕیاری بۆ بدۆزێتەوەو بەکارهێنانی ناوخۆییشی پێ مسۆگەر نەدەکرا، ئێستاش هەندێ لە هێزەکانی ئەنتی شۆڕش بەتایبەتی بزنسمانەکان ئەم کرانەوە ڕێژەییە قۆرخ دەکەن بۆ بەستنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل و ڕیکلامی شاراوە بۆ ئەو مەبەستە دەکەن.


چەپەکان بەگشتی و مارکسییەکان بەتایبەتی بە جیاوازی ڕێبازگەکانیانەوە بە نیگەرانییەوە لەم ئەزموونە نوێیەی کوبا دەڕوانن و بۆ ڕێگەچارەیەك دەگەڕێن تا جەنگی مۆدێڕنە و ئازادی لە بەرژەوەندی وەدیهاتنی پەرەپێدانی بەردەوامی مرۆییدا یەکلایی بکەنەوە. ئەوان بە دووربینێکی ترەوە لە درەختەکە دەڕوانن، بە ئومێدەوەن سێوەکە پێبگات، تا گەلی کوبی لێی بکاتەوە، نەك بکەوێتە ناو سەبەتەی واشنتۆنەوە کە ٥٥ی ساڵە چاوەڕوانی خواردنێتی، ئەمەش کرۆکی دیالۆگێکی فیکری و ڕۆشنبیرییە لەگەڵ باڵیۆزی کوبا لە لوبنان ڕینیە سیبالۆبراتس کە دەستەبژێرێکی بیرمەند و توێژەران و ئەکادیمیکارانی تایبەتمەند بە بەرژەوەندی و کاروباری گشتی تێیدا دانیشتبوون.







# ریفۆرم لە ئەقڵ.. نەک لە دەق

## خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی ریفۆرم
## لە فیکری (تاریق رەمەزان)دا




**«ئەم بابەتە لە کۆڕێکی بیرمەندی ئیسلامی پرۆفیسۆر تاریق ڕەمەزان لە بارەی کتێبی (ریفۆرمی ریشەیی: ئاکارەکانی ئیسلام و رزگاربوون)، بە ناونیشانی (شێوەی ریفۆرم و سنووربەندییەکانی ریفۆرم لە ئیسلامدا) لە وڵاتی کەنەدا پێشکەش کراوە. تاریق رەمەزان لەو کۆڕەدا تەواوی ناوەڕۆکی کتێبەکەی (ریفۆرمی ریشەیی) دەخاتەڕوو، بەتایبەتیش باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم ریفۆرم لە ئەقڵی موسڵماناندا دەکات، نەك ریفۆرم لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە ریفۆرم بۆ هەنگاوهەڵگرتن بێت بەرەو تێگەیشتنێکی باشتر لە دەقەکان و گۆڕینی ژیان بەرەو باشتر. لەبەر رۆشنایی ئەم پرسە گرنگە بە پێویستمان زانی وەك بابەتێك بۆ خوێنەرانی گوڵانی ئامادە بکەین».**

١-٢

**• سنوور و گەوهەری ریفۆرم**

قسەکردن لە سەر ریفۆرم لە کۆمەڵگەی موسڵمانان لە رۆژهەڵات، هەروەها لە نێو ئەو موسڵمانانەش کە لە رۆژئاوا نیشتەجێن و بوونەتە هاووڵاتی ئەو وڵاتانە، پرسێکی هەستیارە و شرۆڤەی ورد و بابەتییانەی پێویستە، لە بەر ئەوەی کاتێك باس لە پرۆسەی ریفۆرم دەکرێت، بەشی زۆری زانایانی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان وەك نەریتێکی رۆژئاوایی کریستیانی سەیری دەکەن و پێیانوایە لە ئیسلامدا ریفۆرم نییە و ئەوەی باسی ریفۆرم دەکات، دەیەوێت شتێکی نامۆ لە ئیسلامدا دروست بکات، تاریق رەمەزان لە دەستپێکی کۆڕەکەیدا بەمجۆرە باسی ئەم بابەتە هەستیارە دەکات:

ناونیشانی ئەم باسە «شێوەی ریفۆرم و سنووربەندییەکانی ریفۆرم» ناونیشانێکی ئاسان نییە، بەڵکو پرسێکی زۆر هەستیارە و دەبێت هەر لەسەرەتاوە وەڵامی دوو پرسیاری گرنگ بدەینەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١. سنووری ریفۆرم لە ئیسلامدا چەندە؟

٢. گەوهەری ریفۆرم لە ئیسلامدا مانای چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە لە سەرەتاوە خۆمان لە هەندێك شتی لاوەکی دوور بخەینەوە کە لە پرۆسەکەدا جۆرێك لەسەرتێکدانمان بۆ درووست دەکات، بۆیە لە سەرەتاوە هەوڵدەدەم سێ خاڵی گرنگ بخەمەڕوو کە بریتین لە (مەعریفە، زانست، کەلتوور) ئەم سێ لایەنە دەکەمە دەروازەی باسەکەم بۆ ئەوەی پاشان کە دێینە سەر باسی ریفۆرم و ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕوومان دەبنەوە، بەم سێ خاڵە چارەسەریان بکەین. ئەم پرسە کە کرۆکی کتێبەکەمە بە ناوی (ریفۆرمی ریشەیی: ئاکارەکانی ئیسلام و رزگاربوون)، کتێبێکی ئاسان نییە، لە بەشی یەکەمی زۆر بایەخم بە لایەنی تیۆری داوە و لە بەشی دووەمدا هەوڵمداوە ئاکارەکانی ئیسلام بە سەر پرسەکاندا جێبەجێ بکەم. هەر بۆیە لە سەرەتاوە دەردەکەوێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ چەندین پرسی ئاڵۆز دەکەم. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە سەرەتا بچینە نێو رەگ و ریشەی ئەو پرسانەی کە کاریان لە سەر دەکەین، پاشان بێینەوە سەر ئەوەی چۆن ئاکارەکانی ئیسلامی لەسەر جێبەجێ بکەین، ئامانجیش لە گەڕانەوە بۆ رەگ و ریشە ئەوەیە ئەم پرسە بخەینە بەر چاوی خەڵکانی موسڵمان و غەیرەموسڵمان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کتێبەی من تەنها بۆ ئەو موسڵمانانە نەنووسراوە کە لە وڵاتانی رۆژئاوا دەژین، بەڵکو ئەم کتێبە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم موسڵمانان لەم جیهانە هاوچەرخەدا دەکات. پرسیار لەسەر ئەو تەحەددییانە دەکات کە ئەمرۆ رووبەڕووی وڵاتانی ئیسلامی و ئێمەی موسڵمانانیش لە رۆژئاوا دەبێتەوە. سەرچاوەی ئەو تەحەدییانەی رووبەڕوومان

دەبێتەوە، هەروەها هۆکاری ئەو نەریت و کەلتوورە ئاڵۆزەی کە ئێمەی موسڵمانان هەمانە، زیاتر بۆ نەبوونی متمانە بە خۆمان، نەبوونی مەعریفەی پێویستی خۆمان لە کەلتووری خۆمان و پاشکەوتنمان لە زانست دەگەڕێتەوە، ئەمانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی نەتوانین داهێنەر بین و وای لێکردووین بەو جۆرە بیر بکەینەوە کە مەترسییەکان لە ڕۆژئاواوە ڕوودەکەنە ئیسلام، یان تەحەدییەکان بەرەنجامی ئەوەیە جیهان گلۆبالیزە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە لە کەلتووری ئیسلامیدا هیچ شتێکمان نییە بۆی بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی ئەو تەحەدییانە ببینەوە. ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین: گەیشتن بە چارەسەر لە کەلتووری ئیسلامیدا زۆر ئاڵۆزە، هەروەها ئەوانەشی موسڵمانن و لە ڕۆژئاوا دەژین، دەبێت ڕاشکاوانە بە شوێنکەوتووانی ئیسلام بڵێن، کەلتووری ئیسلامیش وەك کەلتووری کریستیان ئاڵۆزە، واتە چۆن نەریتی ئێوە بۆ ئێمەی موسڵمان ئاڵۆزە، بە هەمان شێوە نەریت و کەلتووری ئێمەش بۆ ئێوە ئاڵۆزە. کەواتە کاتێك باسی ڕیفۆرم دەکەین، ئێمە باسی پرسێکی زۆر ئاڵۆز دەکەین کە لەگەڵ (مەعریفە و زانست و کەلتوور) مامەڵە دەکات، ئەمانەش هەر یەکەیان پرسێکی ئاڵۆزە لە باسکردن و لێکدانەوەدا. لایەنێکی دیکە کە باسی ڕیفۆرم دەکەین، چاوەکان سێرە لە هەوڵەکانی ٢٠ ساڵی ڕابردوو دەگرن، یان تەنها باسی ئەو هەوڵانە دەکرێن کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو لەم بوارە دراون. لێرەدا من ماف بە خۆم نادەم نوێنەرایەتی موسڵمانان بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم یەکێکم لەو ڕیفۆرمیستانەی کە دەمەوێت ڕیفۆرم بکەم و ئاراستەی ڕیفۆرم دیاری بکەم، ئەم ئاراستەیەش ڕیفۆرمە لە ئەقڵی موسڵماناندا، نەك لە دەقە پیرۆزەکاندا. زۆر لە زاناکانی دەقەکان لە ئیسلامدا بەم ئاراستەی من دەڵێن: «ئەمە ئیسلام نییە»، لە کاتێکدا دەبوو بڵێن: لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی تۆ، تەفسیر و لێکدانەوەی دیکەش هەن. ئەوان نکۆڵی لەوە دەکەن لە کەلتووری ئیسلامدا چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە، ڕاستەوخۆ دێنە سەر ئەوەی کە چەمکی ڕیفۆرم لە ئیسلامدا بوونی نییە و ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی شتێکی نامۆ بهێندرێتە ناو ئیسلامەوە و ئێوەمانان ئەقڵتان داگیرکراوە و کۆلینیالیزە بوون! بەڵام ئەم خاڵە گرنگە هەڵوەستەی وردی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك کەسێك بەم هەوڵەی ئێمە بڵێت: «ئەقڵتان داگیرکراوە»! ئەوا بەڕاستی خۆی کۆلینیالیزە بووە و ئەقڵی داگیرکراوە، لەبەر ئەوەی ئاگای لە کەلتووری ئیسلامی و مێژووی خۆی نییە، یان هەندێکی دیکە پێمان دەڵێن: ئێوە هانی دوورکەوتنەوە (alienation) لە ئیسلام دەدەن، ئەمەش بە تەواوەتی بەو مانایە دێت، کە گوایە ئێمە خیانەتمان لە کەلتووری ئیسلامی کردووە! بەڵام خۆیان دووجار لە ئیسلام دووردەکەونەوە، لەبەر ئەوەی جارێك دووركەوتنەوە و بێ ئاگاییە لە کەلتوور و مێژووی خۆیان، جاری دووەمیش ئەوەیە کە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ناو کەلتووری ئیسلام، کەچی ئەوان بە «دوورکەوتنەوە لە ئیسلام» لە قەڵەمی دەدەن! بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کاتێك خۆت لە چاوی ئەوی دیکە پێناسە دەکەیت، ئەوا دوورکەوتوویتەوە، یان کاتێك بیردەکەیتەوە، ئەوی دیکە لە دەرەوەی ئەم کەلتوورە تۆ چۆن دەبینێت، بەڵکو ئەمە نەزانین و بێ ئاگاییە بەرامبەر کەلتوور و مێژووی خۆیان. بۆیە کاتێك باسی ڕیفۆرم دەکرێت، پێیانوایە مەبەست ئەوەیە شتێك لە دەرەوە بهێنێتە ناو ئیسلامەوە!.

### • ڕیفۆرم هەر لە بنەڕەتەوە چەمکێکی ئیسلامی بووە

ئەگەر ڕیفۆرم چەمکێکی ئیسلامی نەبێت، پرسیار ئەوەیە: ئیجتیهاد چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەمە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی نییە بۆ بە دەنگ هێنانەوەی تەفسیرێکی نوێ کە چەندین ساڵە لە نێو دەقە پیرۆزەکاندا بە بێدەنگی ماوەتەوە؟ تاریق ڕەمەزان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر ئیجتیهاد و خوێندنەوەی ڕەخنەیی دەبێتە هۆکاری بیرکردنەوەی قووڵ لە دەقە پیرۆزەکان و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە ئێستا ڕووبەڕوومان دەبنەوە. پرسیاری گرنگ بۆ موسڵمانان ئەوەیە: بۆچی هەمیشە شانازی بە ڕابردوویان دەکەن، بەوەی زۆر داهێنەر بوون، بەڵام ئێستا کەوتوونە حاڵەتی بەرگری لەخۆکردن؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە: بۆچی لە ماوەی هەوڵەکانی ٢٠ ساڵی ڕابردووی زانایانی ئیسلامی نەتوانراوە بە چاوێکی ڕەخنەیی واقیع بخوێننەوە و ئیجتیهاد بکەن و وەڵامێکی پێویست بۆ ئەو تەحەددییانە بدۆزنەوە کە لەم جیهانە هاوچەرخە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە دەست بخەینە سەر ڕاستییەکان و بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی کێشەکە، ئەویش ئەوەیە ئێمە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو، بوونی خۆمان لەو یاسا و فقهانەدا بینیوەتەوە کە هەن و هەوڵمان نەداوە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکەی کە ئەویش ئسولی فیقهە. واتە تەنیا هەوڵمان داوە ئەو یاسا و بنەمایانەی کە هەن، وەك خۆیان جێبەجێی بکەین، نەك بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکەی و یاسا و بنەمای نوێ بۆ واقیعە تازەکان دابڕێژینەوە، ئەمەش دەستپێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ ئەوەی چۆن بتوانین دەق لەگەڵ واقیعدا جێبەجێ بکەین. ئێمە پێویستمان بە پرۆسەیەکی دیالیکتیکی هەیە و دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەق و واقیع دروست بکەین. هەروەها کێشەیەکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەو موسڵمانانەی لە ڕۆژئاوا دەژین و زمانی عەرەبی نازانن، دەبێت دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ چەمکەکان بکەن، لەبەر ئەوەی زۆر چەمك ئەو مانایە ناگەیەنێت کە کراوە بە ئینگلیزی لەوانە:

**پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (التمس لاخیك سبعین عذرا)، واتە پێغەمبەر (د.خ) فێرمان دەکات ئەوەندە لێبوردە بین، کە «دوای ٧٠ عوزر» وا بزانین کە یەکێکی دیکەشی ماوە و لەبیرمان چووە، بۆیە نابێت توندوتیژی بکەین**

**ئەو زانایانەی هەوڵیانداوە مرۆڤ لەگەڵ دەقەکان بگونجێنن، یان هەوڵی سەپاندنی ڕیفۆرمیان داوە، دوو بنەمایان لەبەر چاو گرتووە، ئەویش ناچاری و پێداویستی (الضرورة و الحاجة) بوون**

**دەبێت ئەو ڕاستییە بە بیر خەڵک و شوێنکەوتووانی ئاینەکان بهێنینەوە، کە چۆن ئەوەی تەنیا ئینجیلی خوێندووە، ناتوانێ قەشایەتی بکات، یان ئەوەی تەوراتی خوێندووە نابێتە ڕابی، ئەوهاش ئەوەی تەنیا قورئانی خوێندووە ناتوانێت ئیمامەتی بکات، بۆیە ئەوانەی ڕیفۆرم دەکەن هەمووکات پەنا بۆ پرۆسەی دووبارە خوێندنەوە (Inductive process) دەبەن**

**بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئەو پرەنسیپانەی ناگۆڕێن و ئەوانەی مێژوویین و دەگۆڕێن، ئەوا گرنگە زۆر بە باشی بە کەلتوور و مێژووی ئیسلامی ئاشنا بین**

**کێشەی ئێمە لەگەڵ دەق نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ئەقڵە دۆگمانەیە کە دەقەکە دەخوێنێتەوە و هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەو دەقە (اسباب النزول) لەبەرچاو ناگرێت**

**ئێمە پێویستمان بە پرۆسەیەکی دیالیکتێکی هەیە و دەبێت پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان دەق و واقیع دروست بکەین**

**بۆچی لە ماوەی هەوڵەکانی ٢٠ ساڵی رابردووی زانایانی ئیسلامی نەتوانراوە بە چاوێکی رەخنەیی واقیع بخوێننەوە و ئیجتیهاد بکەن و وەڵامێکی پێویست بۆ ئەو تەحەددییانە بدۆزنەوە کە لەم جیهانە هاوچەرخە رووبەڕوومان دەبێتەوە؟**

(Islam by submission)، ئەمەش واتە ملکەچبوون لە ئیسلامدا، بەڵام (submission) مانایەکی دیکەی هەیە واتە هەموو بچنە ناو ئاشتی (ياأيها الذين آمنوا ادخلوا في السلم كافة ولا تتبعوا خطوات الشيطان إنه لكم عدو مبين). بۆیە پێویستە وەرگێڕانی ئەم ئایەتە قووڵ بێت و سایکۆلۆژیا لەگەڵیدا یەك بگرێتەوە. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: هەموو چەمکەکان لای زانایانی ئیسلامی یەك واتایان نییە، ئەوجا بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ریفۆرم بکەین، دەبێت بزانین چەندین رێگە هەیە، بەڵام خاڵی بنەڕەتی لای من ئەوەیە کە بزانین پێناسەی ریفۆرم چییە؟ ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە و دەبێت بزانین مانای ریفۆرم چییە. لە هەموو ئەو کتێبانەی لەسەر ئەم پرسە نووسیوومن، هەرگیز باسی ئەوەم نەکردووە، ریفۆرم لە ئیسلامدا دەکرێت. من ئەو دەستەواژەیەم بەکارنەهێناوە. دەبێت بزانین چۆن چەمکی ریفۆرم بەکار دەهێنین. لەبەر ئەوەی هەندێك لە موسڵمانان کاردانەوەی توندیان هەبووە، بێ ئەوەی بزانن مەبەست لە ریفۆرم چییە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا من دەمەوێت چی بگۆڕدرێت؟ من وەك موسڵمانێك بە شێوەیەکی ئەکادیمی کار دەکەم، دەشزانم دەقەکانی قورئان پیرۆزن، ئەوجا لە دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی، یان ناوەوە سەیری بکەن، گرنگ ئەوەیە من هەوڵنادەم دەق بگۆڕم، بەڵکو هەوڵی من بۆ ئەوەیە موسڵمانان دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ دەقەکان بکەن و لەبەر رۆشنایی واقیعی ئێستا لێی تێبگەن. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کاری من ریفۆرم نییە لە دەقەکانی قورئاندا، بەڵکو ریفۆرمە لە ئەقڵی موسڵمانەکاندا، ئەمە پرسێکی تا دوا رادە گرنگە. لەبەر ئەوەی ئەگەر موسڵمانان بە شێوەیەکی قووڵ دەقەکان نەخوێننەوە، ناتوانن ئیسلام بناسن، واتە ئەگەر ئەقڵی ئیسلامی بە شێوەیەکی قووڵ دەقەکان نەخوێنێتەوە، ئەوە خیانەتە لە دیراسەت و پرەنسیپەکانی ئیسلام، هەوڵی من بۆ ئەوەیە باوەڕم بە ئیسلام بەهێز بێت، بەبێ پێشکەوتنیش هیچ باوەڕێك بوونی نییە و ئەمەش خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو نەریتەکان و هەموو ئایینەکانە، ئەمە کرۆکی پرسەکەیە. لە ئێستادا دەمانەوێت رووبەڕووی تەحەددییەکان ببینەوە، ئەمەش واتە رووبەڕووی ریفۆرمی ئەقڵ دەبینەوە، بەوەی دەبێت زۆر باش لە پرەنسیپەکان تێبگەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژوو و کەلتووری ئایینی خۆمان دەکەین.

خاڵێکی دیکە کە بۆ من سنوورە بۆ ریفۆرم و زۆر جار لە دیالۆگی نێوان ئایینەکان، لەگەڵ بێ باوەڕ و کریستیان و جوولەکە رووبەڕووی دەبمەوە و پرسیارم لێدەکەن، دەڵێن: ئێوەی موسڵمان ناتوانن باسی ریفۆرم بکەن و ناتوانن رووبەڕووی ئەو تەحەددییانە ببنەوە کە رووبەڕووی دەقە پیرۆزەکان دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە دەقەکان نەگۆڕن، ناتوانن ریفۆرمیش بکەین، بەڵام من دەڵێم: ئەمە راست نییە و دەکرێت دەقە پیرۆزەکان نەگۆڕ بن و ریفۆرمیش بکەین، ئەمە لای من کێشەی سەرەکی نییە، لەبەر ئەوەی کێشە لەگەڵ دەقەکان نییە، بەڵکو کێشە لە تێگەیشتن و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەقەکانە، راشکاوانەتر کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەقڵی ئەو کەسانەیە کە دەقەکە چۆن دەخوێننەوە، بۆیە ناکرێت وەك مارکسییەکان بە ئەقڵێکی دۆگماتیکی سەیری ئایین بکەین و بڵێن خوا نییە، یان وەك هەندێك لە خەڵکانی کریستیان دەڵێن، کتێبی ئینجیل هەمووی قسەی خوا نییە.. ئەمانە بیرکردنەوەی چەقبەستوون و نامانگەیەننە هیچ ئاکامێك. ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە قورئان تێبگەین، دەزانین کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو ئەقڵەیە کە ئەو دەقە دەخوێنێتەوە، نەك قورئانەکە. قورئان لە ماوەی ٢٣ ساڵ و لە کۆمەڵێك بارودۆخی جیاوازدا هاتۆتە خوارەوە، ئەمەش پێمان دەڵێت: هەندێك پرەنسیپ لە ئیسلامدا نەگۆڕن و قابیلی دەستکاریکردن نین، لەوانە پرسی باوەڕ و یەکتاپەرستی، بەڵام هەندێك پرسی دیکە پەیوەستە بە بارودۆخەکە و هەر خودی قورئان باسی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەو سوورەتە، یان ئەو ئایەتە دەکات (اسباب النزول)، بۆیە ناکرێت ئەم دەقانە پەیوەست بکرێت بە بارودۆخێکی تایبەت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ واقیعی تازە دووبارە بخوێندرێتەوە (co-textualize) و بگونجێندرێت. بۆیە کێشەی ئێمە لەگەڵ دەق نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ئەقڵە دۆگمانەیە کە دەقەکە دەخوێنێتەوە و هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەو دەقە (اسباب النزول) لەبەرچاو ناگرێت.

### ● دووبارە تەفسیرکردنەوەی دەقەکان و بەرهەمهێنانەوەی مانای نوێ

کاتێك باس لە دووبارە هەڵسەنگاندنەوە، یان ئیجتیهاد بە مانای خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ دەقەکان دەکەین و هەوڵدەدرێت تەفسیرێکی تازە بۆ دەقەکان بکرێت، مەبەست لە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی دەقەکان نییە. تاریق رەمەزان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەندێك پرەنسیپی گشتی (i-mutable) هەن کە قابیلی گۆڕانکاری نین، لەوانەش وەك یەکتاپەرستی و نوێژکردن، بۆیە رێوشوینی جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپانە قابیلی گۆڕانکاری نین، بەڵام هەندێك پرسی دیکە کە پەیوەندی بە کاروباری کۆمەڵایەتی و ریکخستنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئەوانە دەتوانین بگۆڕین (chang-able)، بەڵام بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئەو پرەنسیپانەی ناگۆڕێن و ئەوانەی مێژوویین و دەگۆڕێن، ئەوا گرنگە زۆر بە باشی بە کەلتوور و مێژووی ئیسلامی ئاشنا بین، هەندێك خەڵك و لە ژمارەیەکی موسڵمانانیش زۆریان پێخۆشە باس لە دیموکراتیزەکردنی هەموو پرسەکان بکەن، ئەمەش بەو مانایەی هەموو شتێك بگۆڕێت. من لەبەرامبەر ئەمەش

دەڵێم: ئێوەش مافی خۆتانە، بەڵام ئێمە باسی بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە دەکەین، نەک بیروبۆچوونی تایبەتی، ئاساییە تۆ بیروبۆچوونی تایبەتی خۆت دەربڕی، بەڵام نەک بە سەر خەڵکیدا بسەپێنێت. بۆیە دەکرێت مرۆڤ لە دەرەوەی زانست و مەعریفە بۆچوونێکی هەبێت، بەڵام لە ناو زانست و مەعریفە ئامانج گەیشتنە بە ئاکامێك. هەر بۆ نموونە: کاتێك کەسێك دەیەوێت ئایەتێکی قورئان بخوێنێتەوە و مەبەستێتی تێی بگات، ئەمە کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر سەیری ئەم ئایەتە بکەین: (واقتلوهم حيث ثقفتموهم)، ئەم ئایەتە بە موجوڕەدی هانی توندوتیژی دەدات و داوا دەکات لە هەرشوێنێك بینیتان، بیانکوژن، بەڵام تێگەیشتن لەم ئایەتە پێویستی بە زانست و مەعریفە هەیە، ئەگەر پێتانوایە هەر کەسێك بەوجۆرە تەفسیری دەکات کە دەیخوێنێتەوە، ئەمە کارەسات دروست دەکات. بۆیە دەبێت ئەو راستییە بە بیر خەڵك و شوێنکەوتووانی ئایینەکان بهێنینەوە، کە چۆن ئەوەی تەنیا ئینجیلی خوێندەوە، ناتوانێ قەشایەتی بکات، یان ئەوەی تەوراتی خوێندەوە نابێتە رابی، ئەوهاش ئەوەی تەنیا قورئانی خوێندەوە ناتوانێت ئیمامەتی بکات، بۆیە ئەوانەی ریفۆرم دەکەن هەمووکات پەنا بۆ پرۆسەی دووبارە خوێندنەوە (Inductive process) دەبەن. ئەم پرۆسەیە سەرلەنوێ واقیع لەگەڵ دەق بەراورد دەکات و لە ماناو مەبەستی ریفۆرم ئاشنامان دەکات. لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو هەوڵمداوە دیراسەت لەسەر ریفۆرم بکەم، لەگەڵ هەموو زانایانی دەقی قورئان کۆبوومەتەوە و لە هەموو جیهانیش موناقەشەم کردووە، گەیشتوومە ئەوەی کە ریفۆرم بریتییە لە (١- چاکسازیی خود ٢- چاکسازیی جیهان)، لە هەردوو حاڵەتیشدا ریفۆرم بۆ ئەوەیە خود بەرەو باشتر و جیهان بەرەو باشتر بەرین، ئەمەش واتە ریفۆرمی وەرچەرخان (transformation reform)، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە هەنگاو بەرەو باشتر هەڵبگرین، نەك بۆ دواوە بگەڕێینەوە.

**• ریفۆرم بۆ وەرچەرخان**
**یان سەپاندنی بە زۆر**

تاریق رەمەزان دەڵێت: من نازانم هەسارەی زەوی چەند ساڵە بوونی هەیە، بەڵام ئەوەندە دەزانم، هەموو ئەو ئایینانەی کە هاتوون و لەسەر ئەم زەوییە بوونیان هەیە، پێمان دەڵێن، ئامانجی ئایین بریتییە لە وەرچەرخان بەرەو باشتر (Transformation for better)، نەك تەنیا ئەوەی کە لەگەڵ وشەی نێو دەقەکاندا خۆمان بگونجێنین. بۆیە ئەو زانایانەی هەوڵیانداوە مرۆڤ لەگەڵ دەقەکان بگونجێنن، یان هەوڵی سەپاندنی ریفۆرم (adaptation reform)یان داوە، دوو بنەمایان لەبەر چاو گرتووە، ئەویش ناچاری و پێداویستی (الضرورة و الحاجة) بوون، ئەمەش واتا هەم پێویستمانە و هەمیش ناچارین خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین.

ئەمەش ئەو ریفۆرمە نییە کە ئێمە باسی دەکەین، چونکە ئەو ریفۆرمەی مەبەستمانە بۆ وەرچەرخانە بەرەو باشتر، بۆیە کاتێك دێینە سەر وشەی عەرەبی لەنێو دەقەکاندا ئەوە دەبێت لە وشەکە تێبگەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆر جار بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ وشە دەکرێت کە خوێنەر خۆی تێدەگات، هەر بۆ نموونە: کاتێك باسی وشەی جیهاد دەکرێت، ئێمە رۆژانە لە رۆژنامەکان دەبینین جیهاد بە (شەڕی پیرۆز) ناو دەبردرێت، موسڵمانەکانیش جیهادیست وەك شەڕکەری پیرۆز باسی دەکەن، لە کاتێکدا جیهاد بریتییە لە تێکۆشان و بەرگریکردن، ئەمەش واتە ئەو موسڵمانەی لەمە تێنەگەیشتووە، دووجار لە ئیسلام دوور کەتۆتەوە، جارێك لە ماناکەی تێنەگەیشتووە، جارێکیش لەوەی ئیسلام مەبەستێتی. ئەگەر بمانەوێت موسڵمان و غەیرەموسڵمان لە وشەی جیهاد تێبگەن، دیارە ئەمە کارێکی زۆر قورس نییە، ئەگەر مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی، یان بۆ ناودڵی خۆی، ئەو کات هەست دەکات لە دووریانێکدایە. لەلایەك بپرسە بزانە حەزت لە چییە؟ ئایا حەزت لە دەسەڵات و توندوتیژی و پارەیە، یان حەزت لە خۆپەرستییە؟ لەلایەکی دیکە ڕێگەی دووەم خۆرزگارکردنە لەم حەزانە و کۆنترۆڵکردنی توندوتیژییە، کە تەنانەت دەتوانێت وا بکات ئەگەر بە توندوتیژیش مامەڵەت لەگەڵ بکرێت، تۆ بە ئاشتی وەڵامی بدەیتەوە، ئەم خۆکۆنترۆڵکردن و ڕێگرتنە لەو حەزانە، ئەمە جیهادە، ئەم جیهادەش خودچاکردنە، واتە (اصلاح النفس)ە، بەڵام ئەگەر هەوڵبدەی خۆت لەگەڵ توندوتیژی رابێنێت، ئایا ئەمە جیهادە؟ نەخێر، بەڵکو تۆ لە پرۆسەی چاکسازیی خودی خۆتدا دەکەویتە ناو جیهادەوە، ئەم وەرچەرخانەی خود کە پێی دەڵێن ریفۆرمی وەرچەرخان، پێویستی بە دوو مەرج هەیە:

١. پێویستمان بەوەیە بنەماکان بزانین، ئایا دەمانەوێت چۆن ریفۆرم بکەین، ئایا دەمانەوێت لێبووردە بین، وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (التمس لاخيك سبعين عذرا)، واتە پێغەمبەر (د.خ) فێرمان دەکات ئەوەندە لێبووردە بین، کە «دوای ٧٠ عوزر» وا بزانین کە یەکێکی دیکەشی ماوە و لەبیرمان چووە، بۆیە نابێت توندوتیژی بکەین.


٢. هەنگاوی دووەم ئەوەیە چۆن خۆت دەناسی، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەوڵنەدەیت خودی خۆت بناسی، ئەوا هیچ ڕێگەیەك نابێت بۆ ئەوەی وەرچەرخانێکی رۆحی (Spiritual transformation) لە ناختدا دروست بێت، ئەم وەرچەرخانەش پێویستی بەوەیە کە دەبێت پرەنسیپەکانی ریفۆرم بزانین، بۆ ئەوەی بزانین ئامانج لە ریفۆرم چییە؟ هەروەها دەبێت خۆمان بناسین بۆ ئەوەی بتوانین حەزی تووڕەبوون و دەسەڵات و خۆپەرستی کۆنترۆڵ بکەین، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە دەبێت موسڵمان خۆی بریاری لەسەر بدات.

**هەر ئیجتیهاد و خوێندنەوەی رەخنەیی دەبێتە هۆکاری بیرکردنەوەی قووڵ لە دەقە پیرۆزەکان و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە ئێستا رووبەڕوومان دەبنەوە**

**سەرچاوەی ئەو تەحەددییانەی رووبەڕوومان دەبێتەوە، هەروەها هۆکاری ئەو نەریت و کەلتوورە ئاڵۆزەی کە ئێمەی موسڵمانان هەمانە، زیاتر بۆ نەبوونی متمانە بە خۆمان، نەبوونی مەعریفەی پێویستی خۆمان لە کەلتووری خۆمان و پاشکەوتنمان لە زانست دەگەڕێتەوە**

**کاتێک باس لە پرۆسەی ریفۆرم دەکرێت، بەشی زۆری زانایانی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان وەک نەریتێکی رۆژئاوایی کریستیانی سەیری دەکەن و پێیانوایە لە ئیسلامدا ریفۆرم نییە و ئەوەی باسی ریفۆرم دەکات، دەیەوێت شتێکی نامۆ لە ئیسلامدا دروست بکات**

# پەیامبەرێتی لە بۆتەی ڕۆحیگەریدا



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەم بابەتەی بەردەستت کە لە چوار زنجیرەدا لە گۆڤاری گوڵان بڵاودەکرێتەوە، تەواوکردنێکە بۆ کتێبی فەلسەفەی ئایین و ئیسلام لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە. باوەڕم وایە کە مرۆڤ هەر چەند سەدەیەك پێویستی بەوە دەبێت کە لە بنەڕەتی شتەکان بکۆڵێتەوە و بە بنەماکاندا بچێتەوە و بە ڕەگ و ڕیشەکاندا شۆڕببێتەوە، تا بە هۆشیاری و ڕۆشنی بیر بکاتەوە و ژیان بەسەر بەرێت و هەنگاو بەرەو باڵاتر بنێت. هەندێجار کاتێ گۆڕانکاری لە بنەماکاندا ناکرێن، گۆڕانکاری جەوهەریش بە شوێن خۆیدا ناهێنێت. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و پێداچوونەوە و هەڵکۆڵینێ بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی دیاردەی پەیامبەرێتی. بێگومان هەوڵی لەم چەشنە کارێکی ئاسان و سادە نییە، وەلێ ئەمە دەسپێکێکە، دەکرێ فراوانتر و قووڵتر بکرێتەوە.

## بەشی یەکەم

ڕۆحیگەری کەلتوورێکە لەوەتەی مرۆڤ هەستی بە خۆی کردووە، ئەو کەلتوورەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، لەوەتەی مرۆڤ دەستی داوەتە خۆناسین، ئەو ماریفەیەشی بەرەو هەڵکشان بردووە، لە ڕێی ئەم کەلتوورەوە و لەم پرۆسەیەشدایە، مرۆڤ توانیویەتی ئامانجی بۆ ژیانی خۆی جێگیر بکات. پەیامبەری، سۆفیگەری، فەلسەفەگەری و مرۆگەری، ئەمانە گشتیان دەرکەوتەی کەلتووری ڕۆحیگەرین، ئەو کەلتوورەی کە مرۆڤ خۆی دایهێناوە، کە بە هۆیەوە هەم خۆی دەناسێتەوە و هەمیش بەرەو هەقێك ڕێگە دەگرێتەبەر و هەر لەوێشدا بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە. سەرەڕای دابینکردنی ئاتاجی ڕۆحی تاکێك لەم ڕێگەیەوە، مرۆڤ هەر بەم کەلتوورە ژیانی کۆمەڵگەش لە چوارچێوەیەکدا دادەمەزرێنێ و بەرەو ئاڕاستەیەکی دیاریکراو لە ڕابردووەوە بەرەو ئایندە، بە ناو ئێستایدا دەیبات. ئیدی لێرەوە هەرچەندە مرۆڤ بەم کەلتوورە گەشە بە خۆی دەدات، هەمانکات کێشە بۆ خۆیشی دەخوڵقێنێت، هەرچەندە ئازادی بۆ ڕۆحی خۆی دابین دەکات، وەلێ خۆیشی تیادا بەند دەکات، هەرچەندە سیستەم بۆ ڕێکخستنی ژیان دادەهێنێ، وەلێ گەر لە مرۆڤبوونی خۆی هۆشیار نەبێتەوە، ئەوا لە پێناو بەرژەوەندی خۆی و دەسەڵاتداریدا، خراپیش بەکاریدەهێنێتەوە.

کەلتووری پەیامبەرێتی، یان پەیامهێنەری لەلایەن خوداوە، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان دایە، یەکێکە لەو کەلتوورە ڕۆحیگەرییانەی کە هەرچەندە لە مرۆڤ خۆیەوە داکەوتووە، بەڵام خوداش پەسەندی کردووە. جگە لەوەی کە پەیامبەرێتی خۆی جۆرێکە لە کەلتووری مرۆڤایەتی، هەمانکات گەر کەلتووری هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەك بگرین، دەبینین هەر ئەو کەلتوورە جۆر و شێوازی هاتن و بانگەوازی ئەو پەیامبەرانە دیاری دەکات. بە مانایەکیتر هەر کۆمەڵگەیەك لە ناو پرۆسەی پەیامبەرێتیدا بە چی ڕاهاتبێ، هەر لەوە تێدەگات، تەنانەت مرۆڤ واتای خوداوەندێتییش هەر لەو کەلتوورەدا دەبینێتەوە، واتە ناو و سیفات و ناوەڕۆکیش هەر بەو کەلتوورەدا بۆ خودا تێدەپەڕێت و واتایەکی تایبەتی وەردەگرێت. ئەگەر لە کەلتووری هەر نەتەوە و گەلێك بڕوانین و بەراوردیان بکەین، جیاوازی بەرچاو لە پەیوەندی مرۆڤ بە خودا و دیاردەی پەیامبەرێتیدا، بەدیدەکەین. نزیکترین نموونە لێمانەوە ئایینی یەهودی و ئایینی مەسیحی و ئایینی ئیسلامە. گەلی یەهودی و مەسیحی و موسڵمان هەر یەکەو لە کەلتووری خۆیانەوە پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە دەبینن و هەر بەو پێودانگەش ڕەخنە لەیەکدی دەگرن. لە کەلتووری یەهودیدا خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەیامبەرەکانیدا دواوە، لە کەلتووری مەسیحیدا کە لە ژێر کاریگەری گریکەکاندا بووە، خودا خۆی لە شێوەی مرۆڤێکی وەك عیسا دێتە سەر زەوی و ئەو دەکاتە کەلامی خۆی، بەڵام لە کەلتووری عەرەبیدا خودا نە ڕاستەوخۆ بۆ مرۆڤ دەدوێ و نە خۆیشی لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەوی دێتەخوار و کەلامی خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵکو لە ڕێگەی نێوبەندێکەوە واتە لە ڕێگەی فریشتەیەکەوە سرووش بۆ مرۆڤ دەنێرێ و لە دووتوێی کتێبێکدا ئەو سرووشە دەبێتە کەلامی خودا. ئەو جیاوازییە کەلتوورییە لەوێدا دەرکەوت کە کاتێ محەمەد (د.خ) ئەوەی ڕاگەیاند ئەو پەیامی خودای هێناوە، یەکەم گومانی یەهودییەکان ئەوە بووە کە ئاخۆ ئەو خودای بینیوە، وەك چۆن موسا بینوویەتی؟! واتە لای ئەوان ئەگەر محەمەد (د.خ) ئەوە نەسەلمێنێ کە خودای بینیوە، باوەڕ ناکەن کە پەیامی خودای هێنابێت. قورئانیش بەم ئایەتەی خوارەوە وەڵامی ئەوان دەداتەوە:

(وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ)

واتە: «بۆ هیچ کەسێ نییە کە خودا ڕاستەوخۆ بیدوێنێ، مەگەر تەنها لە ڕێگەی سرووشەوە، یان لە پشتی پەردەوە بێت، یاخود نێردراوێك دەنێرێ تا بە ئیزنی خۆی چی بوێت، بیگەیەنێ، هەر ئەو بڵند و دانایە».

کاتێ ئەم ئایەتە لە کۆنتێکستی خۆیدا، واتە لە جێبەندی کات و ساتی خۆیدا دەخوێنینەوە، لەوە تێدەگەین کە چۆن کەلتووری پەیامبەرێتی جۆری بیرکردنەوە و باوەڕی دوو گەلی جیاوازی تەنانەت نزیك یەکتر و هاونیشتمانیش دیاری دەکات. ئەم کۆنتێکستە ئەوەشمان پێدەڵێت کە چۆن کەلتووری مرۆڤ، بە جۆرێ جیهانبینی مرۆڤ داگیر دەکات، خۆ ئەگەر لەو کاراکتەرەی خۆی هۆشیار نەبووبێتەوە کە چۆن کەلتووری مرۆڤ درووست دەکات، ئەوا وادەزانێ کە نەك جیهان، بەڵکو خوداش لەو کەلتوورەدا گیری خواردووە.

کێشەی دیتنی خودا، هەر بۆ محەمەد (د.خ) نەخوڵقابوو، بەڵکو بۆ موسا خۆیشی کێشەیەکی سەرەکی بوو. کاتێ موسا لەگەڵ خودا لە گفتوگۆدا دەبێت (بە گوێرەی ئەو مێژووەی کە تەورات و قورئان دەیگێڕنەوە)، ترسی ئەوەی دەبێت گەلی ئیسڕائیل باوەڕی پێنەکەن، چونکە ناتوانێ ئەوان قایل بکات کە ئەو خودای بینیوە، لەبەر ئەوە داوای چارەسەری ئەو گرفتە لە خودا خۆی دەکات.

**هەرچەندە خوێندنەوە و نووسین لەناو گەلی عەرەبدا وەک نەبوو وابووە، بەڵام ئاستی ڕۆشنبیریان بەتایبەتی لە ڕەوانبێژی ئەدەبی و شیعر و وتار خوێندنەوە و ڕەوانبێژی کاهینگەرایی، لە ئاستێکی بەرزدا بووە**

**نزیکەی دە جار وشەی عەرەبی لە تەک وشەی قورئاندا لە قورئاندا هاتووە بەو مەبەستەی بەوان بڵێ، تا ئێوە ئەی گەلی عەرەب تێبگەن و بیر بکەنەوە و بە خۆتاندا بچنەوە**

**عەرەب خاوەنی کەلتووری بووە؛ بە شێوازی شیعری لە ناو فیزیکادا و بە شێوازی ڕۆحیگەری لە میتافیزیکادا ئاشنا بووە. هەروەک شاعیر باوەڕی بەوە بووە کە کائینێکی غەیبی پشتگیری دەکات و ئیلهامی پێدەبەخشێت، کاهینیش باوەڕی بەوە بووە کە کائینێکی غەیبی هەواڵی بۆ دەهێنێ و بەرچاوی ڕۆشن دەکاتەوە، بە هەمانشێوە خوداش بە نێوانگیری بتەکانیانەوە گوێی لێگرتوون و دەنگی ئەوانی بیستووە**

خوداش ئەو موعجیزانەی کە پێی بەخشیبوون بۆ ئەو گرفتە دەروونییەی بە هۆی کەلتووری خۆیانەوە بۆیان خوڵقابوو، وەك چارەسەرێ دەیخاتە پێش موسا. خودا بە موسا دەڵێ: بەم موعجیزانەی کە بە تۆم بەخشیوە، ئیدی ئەوان باوەڕ بەوە دەکەن کە تۆ منت بینیوە.

لە کەلتووری عەرەبیدا پەیوەندی مرۆڤ بە خودا و میتافیزکاوە شێوازێکیتری وەرگرتبوو. ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆ نەبووە، بەڵکو لە ڕووی پەرستش و نزاکردن و هانابردن بۆ خودا، کۆمەڵێك بت نێوانگیریان بووە. لە ڕووی ئەدەبییەوە شیعر وەك ئیلهامێك لە جیهانێکی نادیارەوە بووە بۆ شاعیر، کە لە ڕێگەی کائینێکی نادیارەوە کە بە جنۆکە ناسێنراوە، ئەو شیعرە سرووش کراوە. واتە هەر شاعیرێك جنۆکەیەکی خۆی بووە و ئیلهامی شیعری پێبەخشیوە. هەڵقوڵانی شیعری لە ناخی هەر یەکێکیاندا لەو کاتەدا وا تێگەیشتبوون، یان وا خوێندبوویانەوە کە ئەوە شتێکیترە ئەو واتا و مانایانەیان دەداتێ. لەوە تێنەگەیشتبوون کە ئەوە هەر خۆیان بوون و دەرەنجامی کارلێکردنیان لەتەك سروشت و ژیان و ڕووداوەکاندا، گوزارشیان بۆ دێت، بەڵام لە ڕێگەی زمانی خۆیانەوە ئاشکرای دەکەن. لەگەڵ ئەمجۆرە شێوازە لە دەربڕیندا، لە ناو کەلتووری عەرەبدا شێوازی کاهینگەراییش دیاردەیەك بووە کە دەربڕینێکی تایبەتی و باوی خۆی بووە. لە کاتێکدا شیعری عەرەبی سەرقاڵی ئەدەب بووە و بە ژیانی ڕۆژانە، ڕووداو، کارەسات، خۆشەویستی، جەنگ، پیاهەڵدان، زەم و هاندانەوە واتە لە ناو فیزیکادا، خەریك بووە، کاهینگەراییش سەرقاڵی پەیوەندیکردن بە میتافیزیکاوە بووە و خوێندنەوەی بۆ ئایندە و بەخت و چارەنووس کردووە، نزا و پاڕانەوەشیان بە کەعبە و بتەکانیانەوە بەسترابوویەوە.

کاتێ لەم کەلتوورەدا قورئان خۆی دەردەخات، ئەگەرچی نوێ و جیاواز بووە، بەڵام لە هەر سێ شێوازەکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو. مەبەستمان ئەوە نییە کە قورئان شیعرە، وەك هەندێ کەس وا تێدەگەن، مەبەستمە بڵێم کە عەرەب خاوەنی کەلتوورێ بووە؛ بە شێوازی شیعری لە ناو فیزیکادا و بە شێوازی ڕۆحیگەری لە میتافیزیکادا ئاشنا بووە. هەروەك شاعیر باوەڕی بەوە بووە کە کائینێکی غەیبی پشتگیری دەکات و ئیلهامی پێدەبەخشێت، کاهینیش باوەڕی بەوە بووە کە کائینێکی غەیبی هەواڵی بۆ دەهێنی و بەرچاوی ڕۆشن دەکاتەوە، بە هەمانشێوە خوداش بە نێوانگیری بتەکانیانەوە گوێی لێگرتوون و دەنگی ئەوانی بیستووە. ئەم کەلتوورە کەشێکی خوڵقاندبوو کە باوەڕکردن بەوەی مرۆڤ پەیوەندی بە غەیبەوە بکات، ئاسایی بووە، کەسێ بە ناوی خوداوە بدوێ کارێکی سەخت نەبووە لای ئەوان، وەلێ ئەوەی سەخت بوویێت، ئەوە بووە کە ئەو کەسە ئەوە بسەلمێنێ؛ ئەو لە لایەن خوداوە هاتووە و ڕاستگۆیی خۆی هەرچۆن بووە بسەپێنێ. واتە ئەو کەسە دەبوایە بە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێت، ئەو شەرعییەتە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، تا بتوانێ بە ناوی خوداوە قسە بکات.

کاتێ کە ئیسلام سەرهەڵدەدات، لە کەلتوورێکدا سەریهەڵنەداوە کە بە بانگەواز و بانگەشەی لەوجۆرە هێند نامۆ بووبێت، کەس نەزانێ ئەڵێ چی و کەس نەوێری خۆی لێدات. بەڵکو کەلتوورێ بووە کە ڕۆحیگەری تیایدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردبوو. ئەگەر وا نەبوایە چۆن قورئان وەك قورئانێکی عەرەبی و بە زمانێکی پاراو خۆی بەوان ئاشنا دەکات. نزیکەی دە جار وشەی عەرەبی لە تەك وشەی قورئاندا لە قورئاندا هاتووە بەو مەبەستەی بەوان بڵێ، تا ئێوە ئەی گەلی عەرەب تێبگەن و بیر بکەنەوە و بە خۆتاندا بچنەوە، هانی دەدان تا ئەو ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن: بۆچی خودا بەتایبەتی بە زمانی خۆمان کتێبی پیرۆزمان بۆ دەنێرێت؟! کەواتە قورئان بە زمانێك گوزارش کراوە کە زمانی ئەو مرۆڤانەیە شیعر و پەخشان و وتاریان پێدەربڕیوە، هەناسەی ڕۆحیگەری خۆیانیان پێ ئاشکرا کردووە. زمانی قورئان ئەو زمانەیە کە بە ڕێزمانێك دەخوێندرێتەوە و دەنووسرێتەوە و ئیعراب دەکرێت کە مرۆڤی عەرەب خۆی دایناوە. ئەو گوزارشە ڕۆحیگەرییەی قورئان هەرچۆنێك بووبێ و لە هەرکوێوە هاتبێ، هەر لە بازنە و چوارچێوەی یاسا و ڕێسای مرۆڤ نایێتە دەرێ.

هەرچەندە خوێندنەوە و نووسین لەناو گەلی عەرەبدا وەك نەبوو وابووە، بەڵام ئاستی ڕۆشنبیریان بەتایبەتی لە ڕەوانبێژی ئەدەبی و شیعر و وتار خوێندنەوە و ڕەوانبێژی کاهینگەرایی، لە ئاستێکی بەرزدا بووە. واتە نەخوێندەواری ئەوان مانای نارۆشنبیر و ناهۆشیاری ئەوانی نەگەیاندووە، چونکە ئەوان متمانەیان لەسەر ئەزبەرکردن و دەماودەم گێڕانەوەی ڕووداوەکان و گەیاندنی شیعر و ئەدەبەکەیان بووە. کەسی وا بووە بە دەیان هەزار بەیتە شیعر و قەسیدەی لەبەر بووە و هیچ پێویستییەکی بەوە نەبووە بینووسێتەوە. واتە لەو سەردەمەدا بۆ ئەوەی مرۆڤێ ببێتە ڕۆشنبیر و کەسێکی هۆشیار، نووسین و خوێندنەوە، مەرج نەبووە. هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە ئێمە پەیامبەر محەمەد(د.خ) بە کەسێکی هۆشیار و ڕۆشنبیرمان زانیوە، ئەگەرچی نە نووسەر بووە و نە خوێندەواریشی هەبووە.

**ئەگەر لە کەلتووری هەر نەتەوە و گەلێک بروانین و بەراوردیان بکەین، جیاوازی بەرچاو لە پەیوەندی مرۆڤ بە خودا و دیاردەی پەیامبەرێتیدا، بەدیدەکەین**

**مرۆڤ هەر چەند سەدەیەک پێویستی بەوە دەبێت کە لە بنەڕەتی شتەکان بکۆڵێتەوە و بە بنەماکاندا بچێتەوە و بە ڕەگ و ڕیشەکاندا شۆڕببێتەوە، تا بە هۆشیاری و ڕۆشنی بیر بکاتەوە و ژیان بەسەر بەرێت و هەنگاو بەرەو باڵاتر بنێت**

# زیادەڕەویی لە بەکارهێنانی پاشگری (ئیسلامی)دا

لە ساڵانێك لەمەوبەرەوە تا ئێستاش هەست بە دیاردەیەکی زەق دەکرێت لە کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکاندا، کە ئەویش بریتییە لە زیادەڕەوییەك لە بەکارهێنانی زاراوەی (ئیسلامی)دا، کە ئەمەش بێگومان دەرهاوێشتەی زۆر فاکتەری جۆراوجۆرە، لەوانەش:

١- هۆکاری مێژوویی:

وەکو کاردانەوەیەك بۆ رووداوی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، لە زۆر بواردا پاشگری ئیسلامی هاتەئاراوە.

٢- هۆکاری سیاسی:

چونکە گەلانی موسڵمان زۆر پابەندن بە رێنمایی و سروتە ئیسلامییەکانەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری رێکخراو لە ژێر ناو و پاشگری ئیسلامیدا هاتنەبوون.

٣- هۆکاری دەروونی:

وەك گێڕانەوەی یادەوەرییەك و وەك هەستکردنێك بە خۆ بە کەم زانین لە بەرامبەر پێشکەوتنەکانی رۆژئاوادا.

٤- هۆکاری ئابووری:

کە خەڵکێکی خاوەن سەرمایە دەیانزانی خەڵك پارەی خۆی ئاسانتر دەخاتەگەڕ و کار، ئەگەر بازاڕ مۆرکێکی ئیسلامی بە خۆوە بگرێت، یان ناوی ئیسلامی لە شتومەك و بەرهەم و کۆگا و کارگە و دامەزراوەکانی بنێت، بۆیە لەوساوە شاهێدی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کۆگای جل و بەرگی ئیسلامی و پەرتوکخانەی ئیسلامی و بانکی ئیسلامی و دەرمانخانەی ئیسلامی و ئەندازیاریی ئیسلامی و.. هتد بووین.

رەنگە مافی ئەوەمان نەبێت قسە لەسەر نییەت و پاڵنەرەکانی پشت ئەم ناولێنانە بکەین، بەڵام لە ئەنجامدا هەموو کەم و کورتییەکی ئەو کار و بەرهەم و چالاکییانەش کە لە ژێر پاشگری ئیسلامیدا کراون، یان دەکرێن هەمووی وەك گوناە لە گەردنی خاوەنی ئەو کارو پڕۆژانەدایە، چونکە ئیسلام ناوێکی گشتییە و نابێت تایبەت بکرێت، ئیسلام هی هەمووانە و نابێت تەنها بۆ بەشێك بێت، ئیسلام ناوی ئایینێکە و نابێت ناو بێت بۆ شتی دیکە.

ئیسلام ئایینە و کۆمەڵێك رێنمایی گشتی و بنەمای فراوانی ئەوتۆن کە دەکرێت لە ناوەڕۆکی کار و کردەوە و پڕۆژە و چالاکییەکاندا رەنگ بداتەوە و بەرجەستە بکرێت، نەك هەرکەس لەلای خۆیەوە ناوی ئیسلام لە کارگە و کۆگا و خواردەمەنی و تەنانەت بەنزینخانەش بنێت وەك لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بینیمان!!

سەردەمی ئەمڕۆ، سەردەمی کار و بەرهەم و ئەنجامی بینراوە، نەك سەردەمی دروشم و ناو و شتی بیستراو.

لە سەردەمانی پێشوودا (گوێ) کاری زیاتری دەکرد لە سایەی دابڕان و دووریدا، بەڵام لەم سەردەمەدا (چاو) کاریگەری زیاتر بووە لە سایەی کرانەوە و نزیکی و بە یەك گەیشتندا.

ئیسلام لەم سەردەمەدا دەبێت لە سەر دەستی شوێنکەوتووانیدا پرۆسەیەکی بینراو و پڕۆژەیەکی دیار بێت و کار بە ناوەڕۆك و لە ناوەرۆکدا بکات، دوور لە ناو و دروشمی بێ گیان و سادە و رووکەش، کە نەك توانای گۆڕینی نییە، بەڵکو توانای بەرگەگرتنی سەردەمیشی نییە.

ئێستاش کە باس لە ئامادەکردن، یان هەموارکردنی دەستوور دەکرێت بۆ کوردستان، هێشتا لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەندێك دەڵێن دەستووری ئیسلامیمان دەوێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی مەنهەجییە. چونکە دەستوور گرێبەستێکە زۆرێك لە کەلتوور و بەها و بنەما و رێنماییەکانی ئایین و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیی ئەو شوێنەی تێدا رەنگ دەداتەوە کە دەستوورەکەی تێدا دەنووسرێت و دەنگی بۆ دەدرێت.

هەر لەبەر ئەمەشە وڵاتانی جیهان بە مەبەستی بەرقەراربوونی ئاشتی و سەقامگیربوونی ئاسایشی گشتی لە وڵاتەکانیاندا، دەستوور بە جۆرێك دادەڕێژن کە هەموو رەگەز و خاوەن ئایین و ئایدیاکان خۆیان لە شوێنێکی دەستوورەکە بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەن و پابەند بن بەو یاسایانەی کە دواتر لە بەر رۆشنایی دەستووردا دەنووسرێنەوە.

دەستوور لە زۆربەی وڵاتانیشدا پەیوەندیی ئایینی بە دەوڵەتەوە بە جۆرێك رێکخستووە، کە رێنمایی و رێساکانی ئایینی لە نێو دەستووردا جێکردۆتەوە، هەر بەو شێوەیەش لە نزیکەی (دە) وڵاتی ئەوروپیدا حیزبی دیموکراتی مەسیحی و حیزبی کۆمەڵایەتی مەسیحی هەن، لە هەندێك وڵاتیشدا فەرمانڕەوایی دەکەن و بە گەمەی دیموکراتیش رازی بوون.

بۆیە لە پێناوی پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسیدا زۆربەی وڵاتان خۆیان دەپارێزن لەو زاراوە ئایدیۆلۆژییانەی کە وەسفی دەستووری پێدەکرێت.

هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی ئەو وڵاتانە بە پاشگریی ئیسلامی، یان عەلمانی وەسفی دەستوور ناکەن، چونکە دەستوور بۆ هەمووانە، بۆیە ئەگەر پێویستیش بکات، دەستووری ئێمە بێتە وەسفکردن، ئەوسا هەر دەبێت دەستوور بە سیفەتی نیشتمانی بێتە وەسفکردن و ناوی کوردستانی بخرێتە پاڵ و بگوترێت دەستووری کوردستان.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com